هەواڵنامەی کتێب

# دیوانی رەفیق سابیر

هەواڵنامەی کتێب

# دیوانی ڕەفیق سابیر

هەواڵنامەی کتێب

## بەرگی دووەم

1990_1975

# دیوانی رەفیق سابیر
## بەرگی دووەم

هەواڵنامەی کتێب

بابەت: شیعر
نووسینی: رەفیق سابیر
تایپ: کارزان شەریف
دیزانی ناوەرۆک: نزار نوری
دیزانی بەرگ:
چاپ:
تیراژ:
چاپخانە:
ژمارەی سپاردن: ( )ی ساڵی 2013ی بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی وەزارەتی رۆشنبیریو لاوانی پێدراوە.

لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ وەختە بێ بەئاو و بەچاوما بکا عوبوور

**نالی**

بەڵێ دەزانم من کێم ، لە کوێ گەورەبووم :
من ئەو بڵێسە بەجۆشەم
دەسووتێم و خۆم دەخۆمەوە ،
هەر شتێك دەگرم : رووناکییە
هەر شتێك جێدێڵم : خۆڵەمێشە
بەڵێ، بەڕاستی من بڵێسەم !

**نیتشێ**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# کاروانسەرا

# 1990

هەورامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# I

# کاروانسەرا

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# هۆنراوەیەک بۆ دایکم

هەواڵنامەی کتێب

لە گۆڕستانی ئەم مەنفایەدا
تەنیا وێنەی تۆم لە تیشک چنیوە
بە گەرووی نوقمی سەراب و خۆڵم
گۆرانیی عومرم بۆ تۆ چڕیوە.

دایەگیان ڕۆژگار، ڕۆژگاری مەنفا
وەکو منداڵییم کەڕووی هەڵێنا
ڕۆحی هەڵوەدام هەتا هەتایە
لە نێو شاکەزی و باوەشتا جێما

وا لە ڕۆژانی دووروڵاتیدا
خۆر لەنێو دڵدا سێبەر دەچێنێت
بمبوورە دایە!
ئەم شەویش ناڵەم وەک خەونێکی تاڵ
یان وەکو زوقمی گۆڕە سڕەکەت
لە شیرینخەودا ڕادەچڵەکێنێت !

هەواڵنامەی کتێب

خۆزگە چاوانی بە کل ڕێژراوت
خۆزگە چاوانی لە خەم گیراوت
بە چەپکێک نیگا
ڕۆحی شکاوم، وەک چرای نێو با،
هەڵدەکاتەوە
یان چنگێک خۆڵی سەر گۆڕی تینووت
وەک نووری یەزدان لە گوناهانم
پاک دەکاتەوە

ئەوا تەرمەکەت لە تەنیاییدا
بە سەر ونبووندا شۆڕدەبێتەوە
درەختی گەردە لەنێو هەتاودا دەشەکێتەوە
ئەوا تەرمەکەت، گۆرانییەکە
خاک رای دەژینێت،
چنگێک شەونمە سەراب تەڕ دەکات
لەپاڵ ئاسۆدا هەڵدەبێتەوە.

هەوالنامەی کتێب

هەروا لە یادمە
لایلایەکانت بارانی خوا بوون
وەک درەختی خۆڵ، دەیان تەکاندم
هێشتا ساوابووم
بە دەست و پەنجەی فریشتەییانەت
بۆ رێی ئازادی و
شەوی رەنجدەران داتدەگیرساندم.

لە تۆوە فێربووم
دوندەکان بکەم بە نسێی گیانم
وەک ئەسپی هەتاو لە ئاسۆوە بێم
کام شەپۆل قووچە نەکاتە شانم
لە تۆوە فێربووم بەرزەفڕ بمرم
بەرزەفڕ بژیم
بەرز بڕوانم.

دایە!
بمبوورە
خوایە!
بمبوورە.

هەولێر کتێب

## سێوەخان

هەواڵنامەی کتێب

سێوەخانی پەرچەم زێڕین
هاتو بەلاماندا رەت بوو.
وەک پۆلێک تریفە و خەون
لە پەرێزی شەودا هەڵبوو.
هاوارمان کرد:
سێوەخانێ!
چۆن لەگەڵ رەوەزریانێ
رێت کەوتەوە هەرێمی ئاگربارانێ.

سێوەخان دەنگە بۆ گەروو
بارانە بۆ کێڵگەی سوتوو
بینایی‌و پێڵویە بۆ چاو
سێوەخان ئادگارە بۆ روو

هاوارمان کرد:
سێوەخانێ!
ساڵ دوانزەی مانگ چاوەڕێتین
لەم هەوارە ... ... ...

کەچی سێوەخانی ئەڤین
سێوەخانی بسک زێڕین
لە نێو تەمدا توایەوە
وەک گوللەیەکی ئاگردار
لەوسەری تونێلی شەودا کوژایەوە

هەواڵنامەی کتێب

# کەنار .. کەنار

## I

لە بارانەوە هاتوویت و وەرزەکانت هەڵگرتووە
لـــە ســـووتانەوە هاتۆویـــت   و بـــاڵات وەک لاوک هەڵچووە
تا پشتت نەچەمێتەوە لوتکەت دەوێت پاڵی پێدەیت
خاک، یان بروسکەت گەرەکە سەری پێکەیت.
لە بناری ئەوبەر شاردا
پەڵەهەورێک بوویت نەباریت
هەڵۆ بوویت
تەم و مەوداکان لە ئامێزتدا دەخەوتن
درەختێک بوویت
بروسکەی تەور نەیهاڕیت.

هەواڵنامەی کتێب

# II

تۆ نە تەنیاییت، نە وڵات
کەچی تەمەن چۆلەکەیەکی زامدارە
لەسەر لەپی دەستەکانت پەڕوباڵی خوێناویی خۆی
دەسڕێتەوە
لە باوەشتا
حیکایەتی تەنیایی دەگێڕێتەوە:
لە بولێڵی دووریانی هاتونەهاتدا
چاوەکانت وەک دوو هاوار
وێنەی دوو گزنگی زامدار
بانگم دەکەن
چاوەکانت بە کلی شەو دەمشۆنەوە
بە هەورازی نهێنیدا سەرم دەخەن.

کتێبخانەی کتێب

## III

لە پێشوازیتدا وەستاوم
رووباری کات رامدەماڵێ
لە پێشوازیتدا وەستاوم
ئێوارە وەک رەوە داڵێ
لە زامەکانم دەئاڵێ.

بەرەو لات دێم
یان بمکوژە،
یان هەرەس بەم مەرگە بێنە.

هەواڵنامەی کتێب

# IV

هەواڵنامەی کتێب

دیسان رووەو کەنار دەڕۆیین
شار بە شار
وڵات بە وڵات
کەنار لە نێو خەون و خوێنماندا هەڵدەگرین
بە رەنگی نهێنی و پاییز دایدەپۆشین
بەسەر باڵای سروودا هەڵیدەواسین.
کەچی کەنار جێمان دێڵێ و
دەمانداتە دەستی دەریا
دەمانخاتە بەر تەوژمی
شەپۆلی وێڵ و بەرەڵا.

# V

لـــه ســـووتانەوە هـــاتووم و بـــاڵام وەک لاوک
هەڵچووە
لە بارانەوە هاتووم و وەرزەکانم هەڵگرتووە.
با تەمەن ڕێگای نەهات بێت
گۆرانییەکانم وەک تەم و زەردەگەڵا
ئێوارە بتەنن
با تینوویێتی بەسەر دارستانی گەردا هەڵمواسێت.
ڕۆحم هێشتا ئاسکێکە
بەسەر گوڵلەدا باز دەدات
پەرەسێلکەی ڕاونراوە
لەسەر لەپی دەستەکانت هەڵدەنیشێت.
وا ئەم هەورانەیش ڕەت دەبن
گۆرانییەکەم لە ساماڵدا نەتوایەوە
نە مانگەشەو لە تۆ دەچێت
نە تینوویێتی لە شەماڵدا گەشایەوە.

هەولێرنامەی کتێب

# VI

له كام مەدارەوە هاتیت؟
كام كوێرەڕێ
بەرەو دڵی پڕ كودێتای منی هێنایت؟
نیوەشەوێك
وەك دوو بروسكەی راونراو
له دووڕیانێكی عاسێدا له یەكمان دا
گەردوون لەرزی
كات له شوێنی خۆیدا تەزی
له یەكمان د او
رۆحم بوو بە مێرگی هەتاو
باڵام بە درەختی خوناو.

# VII

چاوەکانت وەک دوو ڕووبار بانگم دەکەن
چاوەکانت لە نێو کەژاوەی باراندا پاڵم دەخەن
بە بروسکە دەمشۆنەوە،
بە سووتاندا سەرم دەخەن.
تەمەنێکە کورت :
وەک بەهار
بە تاو :
وێنەی ئەسپی باڵدار
دە بمکوژە و دوایی بەم گیاندانە بێنە!
لەبەر بارانی مێژوودا
وەک شتڵە هەتاو بمچێنە!

## VIII

هەواڵنامەی کتێب

له بنارەوه هاتووم و
لوتکەم دەوێت پاڵی پێدەم.
له سووتانەوه هاتووم و
کانیی بروسکەم گەرەکه سەری پێکەم
باسکت بێنه!
با شەپۆل و بنار هەڵکەم
باسکت بێنه!
کانی بروسکەم گەرەکه سەری پێکەم.
باسکت بێنه! باسکت بێنه!

## پۆرترێتی .....

ئەم شەو لە چاوەڕوانیتدا
سروودی خۆڵەمێش دەچڕم
ڕۆحم بە سەر پەڵەهەورێکی گەڕۆکدا
هەڵدەواسم
تەمەن لە شەپۆلان دەگرم.
بەرەبەیان
وڵاتەکەم، لە نێو شرە بوخچەیەکدا دەپێچمەوە،
بیابانی نەبوون دەبڕم.

گیانە لە چاوەڕوانیتدا
چەند جاری دی
دەبێت بمرم؟

هەواڵنامەی کتێب

## جۆلانە

پەڵەهەورێک دادەڕم و
دەیکەم بە دەمامک و لانە
دەیکەم بە ئاڵای ونبوون و
چاوەڕوانی و
تامانی ئەم گۆڕستانە.

پەڵەهەورێک دادەڕم و
لە ئاسمانی ڕۆژەکانما وەک کۆلارە
هەڵی دەدەم.
نەء، وەک وڵاتە دوورەکەم
بۆ ڕۆح دەیکەم بە جۆلانە.

هەوالنامەی کتێب

# ئەوێ شەوێ

هەوالنامەی کتێب

ئەوێ شەوێ
وڵات: پەرژینی گومان بوو
چنگێ پشکۆی بەر باران بوو.
وڵات : دیواری دوکەڵ و
خەونێکی کاڵی پەژمردە و
شۆستە و
گۆلاوی تاوان بوو!

ئەوێ شەوێ
وڵات هاوارێکی دوور بوو
شڕەجانتا و
هێرۆیین و
کەرنەڤاڵی سەربڕین و
گەلەسەگی سەرسنوور بوو
وڵات شەپۆلی بروسکە،
مەحاڵ و
کەپری زریان بوو.

هەواڵنامەی کتێب

ئەوێ شەوێ
لە مەنفادا
وڵات : بۆ گەردن قەنارە
بۆ دڵ خەنجەری دەبان بوو.

## نەخشە

کە رابۆووە
وتی: بەنێو ئاژاوەدا دەپەڕمەوە
وتی: وڵاتە ونەکەم
دەدۆزمەوە.

لەسەر مەزرا نەخشەی وڵاتەکەی کێشا
بە تیشک ئاڵای بۆ چنی
لای ئێوارێ
منداڵئاسا، خەو بردیەوە
جارێکی دی
خەو، وڵات و ئاڵایەکەی لێ دزییەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## تەرم

بۆ رەحمان

هەواڵنامەی کتێب

ئەم تەرمە لە تەنیاییدا
دەڵێی خوێناوی بەیانە
بەسەر شەونم و گزنگدا راکشاوە.
دەڵێی تەلبەندی سنوورە
یان چریکەیەکی دوورە
لە بیابانی سوتوودا بە جێماوە.

ئەم تەرمە لە بێداریدا داگیرساوە
برینێکە
لەسەر نێوچاوانی مێژوو هەڵکەندراوە.

## هۆنراوەی ئاو

تریفە بەسەر کێڵگەی – با – و بەسەر باڵاتدا
هەڵدەکشێت
لە پاڵ پەنجەرەی پاییزدا
تینوویێتی درەختی خەون دەتەکێنێت
نهێنییەکان گوڵ دەردەکەن.
نهێنییەکان لەسەر باڵی پەپوولە هەڵمدەکۆڵن
وەک سنووری نێوان ئاو و چاوەکانت
سەربەستیم لێ زەوت دەکەن.
ڕۆژەکان بە سەر مەودادا شۆڕدەبنەوە
چاوەکانت، بەنێو ئاسۆدا
ڕەنگ پەخش دەکەن.

تریفـه بەسـەر کێڵگـەی – بـا – و بەسـەر باڵاتـدا

هەڵدەکشێت

چۆن دەتوانیت هێندە لە جوانەمەرگیم و

لە ئاو بچیت!

شەهیدەکان بە سەر ئاودا هەنگاو دەنێن

ڕۆژەکانیان بە شەپۆلدا هەڵدەواسن.

بەسەر شەپۆلو ماوەدا هەڵدەگەڕێم

ونبوونەکەم بزردەکەم،

ڕۆژەکانم لەنێوا گیادا نقوم دەبن.

دەمەوێت پاییزێک بگرم کە لە چاوەکانتەوە دێت

شەقامەکان وێنەی دروشم و پەڵەخوێن

دەنووسنەوە

هەواڵنامەی کتێب

تاڤگەی بەفر دامدەپۆشێت
تاڤگــەی بــەفر لەســەر بــاڵام تــابلۆی بروســکە
دەکێشێت
ئەمە سروودی رابوونە، زەوی بێداردەکاتەوە
یان خۆپێشاندانی ئاوە؟
دەبا چەکەکان رابن و وەکو مەچەکی راونراو
دەروازەی ئەم شەوە بکوتن،
دەبا چینەکان لێک راسێن
سروودەکان تینوویێتی و پایز راژێنن،
قۆناغەکان وەک چەپکە مۆم لەسەر پەنجەمان
داگیرسێن.
رۆژەکان بەسەر شەپۆلدا شۆڕ دەبنەوە
بە چ رەنگێک ئەم خۆڵبارینە تەڕ دەکەیت؟
کام شێی کەنار دەکەیت بە رەشماڵی برین؟
چ شەپۆلێک لە پەنای رۆحدا هەڵدەکەیت ؟

لە خۆڵبارینداا هەوارێ
بەسەر رۆحمدا دەبارێ.

چاوەڕێی بروسکە مەکە!
بەم سووتانە بمنووسەوە
تۆ هەر ئاویت
دەسوتێیت و تۆ هەر ئاویت
مەوداکان دەپێچیتەوە تۆ هەر ئاویت.
گوناهی هەموو سەدەکان دەشۆیتەوە
خۆت هەر ئاویت
نە دەریا و چەم لە تۆ دەچن
نە تۆفان و
کانی و
باران.
رەنگەکان بە تۆ نامۆن و
کەچی تۆی وزەی رەنگەکان
تۆی رازی گەردوون و
سەرداری شوێن و زەمان.

بەسەر باڵامدا سەرکەوە تا شتەکان لە ئاو بگرم
کەلاوەکان بشۆمەوە.
خۆڵبارینە
سەر بە باسکی چەپم دەکەیت
کێڵگەی گەنم رامدەژێنێت.
بروسکەیەک دامدەپۆشێت
لەنێو تاوێردا شین دەبم.
خۆڵبارینە !
قۆڵەکانم دەبن بە دوو جۆگەلەی لێڵ
تۆ ناویان لێ دەنێیت سنوور

هەواڵنامەی کتێب

درەختێک لە دارستاندا باڵدەگرێت و
دەبێتە کەژاوەی باران.
لەنێو خۆڵدا
برینێک هەڵدەگرمەوە
ئاسۆ لە پەنجەم دەئاڵێت.
هاوار دەکەم: گیانە لە کوێیت؟
هاوار دەکەم: چەند ساڵی دی
بەرگەی چاوەڕوانی دەگریت؟
چەند ساڵی دی وڵاتەکەم؟.

هەواڵنامەی کتێب

چاوەکانت کانیی هەموو ڕەنگەکانن
چ ڕەنگێک لە ئاو دەخوازیت؟
چاوەکانت نهێنن، خەونن، لافاون، کێڵگەی بەفرن،
مانگرتنی کرێوەن،
دوو مەچەکن زنجیرەکان دەکەنە خەو،
هەرەسی خۆڵن، هەتاون.
چاوەکانت تینوێتین و
تینوێتین و
تینوێتین.
چاوەکانت نهێنین و
نهێنین و
نهێنین.
چ ڕەنگێک لە ئاو دەخوازیت ؟
ئەو تەرمانە بە گەڵای خوناو داپۆشەوە
تا ئاو ڕەنگی شەهید بگرێت.
ئەو تەرمانە بە گەڵای باران داپۆشە.

هەواڵنامەی کتێب

لەپاڵ پەنجەرەی پاییزدا
شەپۆلێک دەکەم بە ئاڵا لەسەر سروود هەڵیدەکەم
لێت دەپرسم: لە کوێ پەنجەرەکانم جێمان؟
تۆ هەر ئاویت
لێت دەپرسم: کوا سنووری نێوانی سووتان و
باران؟
تۆ هەر ئاویت
ئەی سنووری نێوانی رۆح و شتەکان
لە کوێ
پەنجەکانم
جێمان؟

هەواڵنامەی کتێب

چاوەکانت بەنێو ئاسۆدا رەنگ پەخش دەکەن
تینووێتی درەختی خەون دەتەکێنێت
تینووێتی لەنێو ماوەدا ونم دەکات
لەگوێ دارستانی ئاودا
وەک ئاڵای لە شکری شکاو هەڵم دەکات
چ هەرسێک داپۆشین و
لە خۆڵبارینیدا داگیرساین؟

به سەر باڵامدا سەرکەوە!
تا برینەکان تریفە بشۆنەوە،
سروودەکان خاک راژێنن
وەرزی خۆڵ بێدارکەنەوە.
تەنیا لە گەرمەی سووتاندا ئەم شەماڵە
رووی تێکردین.
بروسکەیەک داپۆشیم و
لەنێو تاوێردا سەوز بووم
چاوەڕێی رەهێڵە مەکە
بەم سووتانە بمنووسنەوە
تۆ هەر ئاویت!
رەنگەکان هەڵدەکەیتەوە، تۆ هەر ئاویت
بەسەرهاتی رەنگەکان دەنووسیتەوە،
تۆ هەر ئاویت
سنووری نێوان شتەکان دەسڕیتەوە،
خۆت هەر ئاویت
هەر ئاویت
ئاویت، هەر ئاویت.

هەواڵنامەی کتێب

من ڕەگەزی ئاوم دەوێت
تا وەرزی خۆڵ بشۆمەوە
ئاوی جیهانم گەرەکە
تا ئەم خاکە لە تاوان و شوێنەواری
بەبەریستان پاک کەمەوە.
من ڕەگەزی ئاوم دەوێت
من
ئاوی
جیهانم
دەوێت.

هەواڵنامەی کتێب

## کاروانسەرا

هەواڵنامەی کتێب

**I**

لە بێشەڵانی ئاژاوە و خۆڵدا
بێ تۆ ڕۆژەکان دەلاقەی ژانن
بەسەر بۆشایی و چرەدوکەڵدا
بەسەر تەمەنی چۆڵدا دەڕوانن.
بە پۆل خەون و ماچ دەکوژێنەوە،
ساتەکان دەگلێن،
بەخۆ نازانن.

# II

بەنێو گەرداودا هەنگاو دەنێین و
تەمەن هەڵدەکەین
لەسەر شەپۆلان سروودی ئاگر دەنووسینەوە
لە نێو کەژاوەی گوڵەگەنمدا شەهید دەنێژین
قین و تورەیی هەموو کۆیەکان
بەسەر پاییزدا دەبەشینەوە.
بازوومان کاڵای بازاڕی خوێنە
شۆستەی بەیانە
ئەمە خەنجەرە شەو رادەژێنێت
یان پۆلە پشکۆی بێ ئاگردانە؟

مەرگێکی ترە و تەمەنێکی تر
وەرزێکی ترە و لافاوی پەنگر.

هەواڵنامەی کتێب

# III

کاروانسەرایە
لە بێشەڵانی شەختە و سووتاندا
بەرەو لات دێم و
بە دەستەکانت خۆم دادەپۆشم
لە نێوان ئاسۆ و چاوەکانتدا
بروسکەی تەزوو بەسەر هاواردا هەڵمدەواسێت.
کپی دارستان وەک تەمێکی چڕ دامدەگیرسێنێت.
بەنێو کڕێوەی نیوەشەواندا سەر هەڵدەگرم و
گوللەیەکی گێل لەسەر تاریکی دەمنووسێتەوە
شەپۆلێکی وێڵ وەک تەرمی خنکاو
بۆ باوەشی تۆم دەهێنێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

من لە باوەشتا
گۆرانییەک بووم رووبارٍ دەیچڕیم
چۆلەکەیەکی سەرمابردەڵە و چاو بەگریان بووم
هەتاوی دنیات بە باڵا دەبڕیم.

من لە ئامێزتا
پەڵە هەورێک بووم ساماڵ دەیچاندم
لقێک هەتاو بووم شەو دەیتەکاندم
وەک پەڕەسێلکە لە نێو جۆلانەی خەونا دەنووستم
پەلکەزێڕینە و
شەپۆلی گزنگ رایاندەژاندم.

مەرگێکی ترە
تەمەنێکی تر
وەرزێکی ترە
لافاوی پەنگر.

هەواڵنامەی کتێب

# IV

هەواڵنامەی کتێب

لەو بنارە سوارەکان دێزو رەشماڵی ئاگر
لە پەراوێزی شەودا هەڵدەدەن.
بە رمەکانیان، تابلۆی بروسکە
لەسەر تاریکی و گەلی دەکێشن.
بە گەردو هاوار، بۆشاییەکانی
نێوان ماوە و رۆح پڕ دەکەنەوە.
تۆ دێیت ئاگری نێو ئەشکەوتەکان هەڵدەکەیتەوە
خاکی خۆڵەمێش بە تیشک و شەونم
ئاوڕشێن دەکەیت

لەسەر هەرەس‌و گەڵازەردەکان داستانی رەگ و
جوانەمەرگیمان
دەنووسیتەوە.
بە سەر کەلاوەو زەردەگەڵادا هەنگاو دەنێیت و
زەماوەندی خوێن بەرۆکت دەگرێت
زەماوەندی خوێن بە باڵای گەرددا
هەڵتدەواسێت.

کاروانسەرایە
چ ئاژاوایەک بەسەر بنارو گیاندا دادەکات؟
کام رەشبگیری بۆ ئەم نامۆییە و
بۆ تارماییەکان دەستەمۆم دەکات؟

هەواڵنامەی کتێب

## V

لە سەر زوقم مەمنووسەوە
ئەم کرێوەم پێ هەڵنابێت
لە تاوێرم مەبەستەوە
رەوەداڵم پێ تێر نابێت
رۆحم لە بڵێسە مەگرە
وەرزی خۆڵم پێ تەڕ نابێت.

# VI

هەواڵنامەی کتێب

کاروانسەرایە !
ئەم کۆچە سوورە دووڕیانی نێوان مەنفا و مەنفایە
لە نیوەشەوی ئەم کوێستانەدا
ڕۆحم ژیلەمۆی بەر تەرزە و بایە.
کاروانسەرایە
لە سەرخۆ گیانە، کاروانسەرایە!

مەرگێکی ترە، تەمەنێکی تر
وەرزێکی ترە، لافاوی پەنگر.

# VII

بەرەو لات دێم و هێشتا ڕۆخسارم خەونێکی کاڵە
لەسەر لوتکەی خۆڵ وێنەی تینوویێتی و
سەراب هەڵدەبێت.
دواشوێنەواری ئاوارەیەکە
لە چراخانی شاردا ون دەبێت.
بە نێو گەرداودا بەرەو لات دێم و
تەمەن هەڵدەکەم
لە بێشەلانی ئاژاوە و خۆڵدا
پۆلەگۆرانی تینوو دەدێرم
بە پەنجەکانت ڕۆح بژاردەکەم.
تۆ نیشتمانیت من ئاوارەبوون،
لە سەر تینوویێتی و
لە سەر ڕەگەکان هەڵمدەکۆڵیت
دەمکەیتە ئاڵاو سروودی ڕابوون.
تۆ : نیشتمانیت
من : ئاوارەبوون

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# VIII

کاروانسەرایە
وڵات ژیلەمۆی بەر تەرزە و بایە
ئەم کۆچە سوورە دووڕیانی نێوان
مەرگ و مەنفایە.
ئەمە ڕێکەوتە، یان زەبری قەدەر
ئاوا نیشتمان کاروانسەرایە؟

## وەرزی جەنگەڵ

وەرزی جەنگەڵ هات!
وەک رەوە دوکەڵ داگیرم دەکات
لەناو بولێڵی بێکۆتاییدا سەرەڕۆم دەکات
لە رووی سەراب و
شەپۆلی خۆڵ و
بیرچوونەوەدا ئاواڵەم دەکات.

وەرزی جەنگەڵ هات.
بەرەو ونبوون و هەڵەتم دەبات
رۆحی بەر رێژنەم وەک چرای ناو با
وەک هەوارێکی ژێردەستە و تەنیا
بە ترسو هەرەس گەمارۆ دەدات.

هەواڵنامەی کتێب

وەرزی جەنگەڵە
دەمکاتە کێڵگەی تینوویێتی و سووتو
یان شارستانیی چڕەدوکەڵە؟

هۆ نسێی مەرگ و خەونی پەمەیی!
لەم جەنگەڵەدا هەڵمتەکێنە
رۆحی هەڵوەدام، بۆ تاکە ساتێک
بە رۆح بچوێنە.
بە خۆتم بگرە
بە سەرەڕۆییو راستیم بچوێنە.
لە پاڵ بروسکە و تەرمی مێژوودا
دامبگیرسێنە!

هەواڵنامەی کتێب

وەرزی جەنگەڵ هات.
لە ئێوارەدا
بەسەر هەرێمی رۆحا دادەکات.

# شایەت

هەوالنامەی کتێب

بە یادی یەڵماز گێونەی

هەواڵنامەی کتێب

# چرا

پەڵەهەورێک
نیوەشەوێک بەخۆی گرتم
پەڵەهەورێک
بەرەو ڕێی نەهاتی بردم
لەنێو  کڕێوە و جەنگەڵی غەریبیدا
ونی کردم.

پەڵە هەورێک هەڵی گرتم
نیوەشەوێک
لە هەرێمی تەنیاییدا
چرائاسا هەڵی کردم.

هەواڵنامەی کتێب

## یەڵماز گێونەی

ئای لە ڕۆحی سەرشێتم ئەمشەو چۆن وروژاوە
لافاوێکی ناوەختە و
لە هاویندا هەستاوە.
ڕۆحی سرک و سەرەڕۆم
دەڵێی لە ڕووی دەسرێژ و سێدارەدا وەستاوە
بە گۆرانی و تووڕەیی و لاساری هەڵامساوە.

ئای لە ڕۆحی چەپڕەوم ئەمشەو چۆن وروژاوە!
غەریب و تاک و تەنیا
دژی مەحاڵ وەستاوە
بەرەو مێرگی سەربەستی
ژیـــانی پـــێش خـــۆی داوە.

هەواڵنامەی کتێب

## بە کوێدا هاتیت

بەم نیوەشەوە لە کوێوە هاتیت
چۆن گەردی دیلیت لە خۆت تەکاند و
ئێوارانێکی تەماوی زستان
وەک خۆر هەڵهاتیت؟

سەهۆڵبەندان بوو. . بە کوێدا هاتیت ؟
ئاگرباران بوو. . بە کوێدا هاتیت
کوردستان تژی سەگی بێگانە و
نوقمی تاوان بوو
بە کوێدا هاتیت
چۆن لە هەرێمی گەلەگورگدا
بە شارستانی و
لاوک راهاتیت؟
بە کوێدا هاتیت ؟

هەواڵنامەی کتێب

لەبەر هەرەسی ئەم بارانەدا
تۆی نوقمی خەون، پەلکەزێڕینەیت
یان تاڤگەی هەڵم
لە سەفەربەر و
لەژێر کەلاوەی ئەم وەرزانەدا
روخساری ئاسۆیت
یان گوڵەگەنم؟

لە بەیانێکی داگیرکراودا
ئێمە لەگەڵ تۆ رادەبینەوە
لە خەونەکانتا، روخساری ونمان دەدۆزینەوە
بە خۆشەویستی و
پەلکەزێڕینە و
لاوک و
راستی
کوردستانی دیل دەتەنینەوە.
ئێمە لەگەڵ تۆ رادەبینەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# شایەت

هێشتا زوویە، ناوەختە، سەهۆڵبەندانە
سەدەی شۆڕەسوارگلانە
هەڤاڵ!
کە بەجێمان دێڵیت
بمانکە بە گوڵووکی گڕ
بە کێڵگە بۆ ئەم بارانە.

لە نێو ئەو هەورە سرکەدا
چۆن ئەستێرە دەچنییەوە؟
چۆن تەمەنی داگیرساومان
بە جەنگەڵدا
بەرەو لوتکە دەگوازییەوە؟

هەواڵنامەی کتێب

لە سووتاندا بە کام لقەگرٍ و تاوان؟
بە کام (رێگا) و
بە کام باران
گوناهە دێرینەکان و
لەکەی مێژوو دەسڕییەوە ؟

خۆڵبارینە و
ئەم تاوانە دوایی نایە
گۆرانی تینوو دەدێرین
رۆژان بە گەڵای دارستان دادەپۆشین
ئەم سووتانە سەرەتایە.
هەڤاڵ!
زوویە، ناوەختە، سەهۆڵبەندانە
سەدەی شۆڕەسوار گلانە
کە هەر بەجێمان دەهێڵێت
بمانکە بە گوڵووکی گڕ
بە شایەت
بۆ ئەم تاوانە.

هەواڵنامەی کتێب

# II

# راز و گومان

1990

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەیان

هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ بەیانی پەیڤدا گەشایەوە
پەیڤی هەڵچوو
کاتێک وەک سێبەری شەکەت
بە مەوداکاندا هەڵدەزنێت
پەیڤی رابوو
وەک ئەستێرە
بە تونێلی کاتدا دەخزێت

لە رووی بەیانی پەیڤیندا گەشایەوە!

# راز

لە کوێڕا ودەمی تۆ ڕێی کەوتە خەڵوەتی شەوانم؟
گومڕابووم، یان دڵدار؟
رازابووم، یان بێدار؟
نازانم
کام ڕێکەوت، کام راستی
تۆی کردە بەهانەی سووتانم!
ئەوەندەم لە یادە
من هەمان زارۆکە شەیداکەی جارانم
کە هەمان نیاز و
هەمان راز
مانایەک بە بوونم دەبەخشن
گەرمایی بە هەموو ژیانم.

هەواڵنامەی کتێب

# تۆ

تۆ سەرابی یان کانی؟
ونبوون و
دورگەی مەنفا و
راستی و
ترس و
گۆرانی؟
یان کەژاوەی هەژانی؟

ئەمشەو بە چیم دەچوێنی؟
لە پاڵ کام هەڵەموت و هەرەسدا بەجێم دێڵی
چەند جار دامدەگیرسێنی؟

تۆ چی؟ خەونی یان ژانی؟
یەقینی یان گومانی؟

هەواڵنامەی کتێب

## بەخۆنامۆ

هەواڵنامەی کتێب

لە نێوان پەنجەکانتدا چڵەگیایەکی ژاکاوم
سێبەرێکم بە خۆ نامۆ
کێلە گۆڕێکم بێ گڵکۆ
هاوارێکم
لەسەر گومان هەڵکەندراوم.

لە نێوان پەنجەکانتدا دەرەختێکم
تینوویێتیدەیڕنێتەوە
چیرۆکێکم
نامۆیی دەیگێڕێتەوە.

# بێداری

هەواڵنامەی کتێب

لــە ســـەر هــەورێکی پەمــەیی ناونیشــانی خــۆی
نووسییەوە
نهێنیی بوون
لە هەرێمی نەبوونەوە
جارێکی دی
بەرەو بێداریی شەوەکەی
شۆڕ بوونەوە.

لەسەر ئاسۆ ناونیشانی خۆی نووسییەوە
شەو رانەزا
هەورێکی کۆچەریی گوشی
کەچی تینوویێتیی هەر نەشکا.

شەو رانەزا
خەونەکانی وەک تەم تەمەنیان دەتەنی و
به خۆیاندا دەچوونەوە
خەونەکانی چنگێک خوناوی تینوو بوون
لەنێو بەیانێکی لێڵدا
هەڵبوونەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# هەڵبوون

هەواڵنامەی کتێب

بەنێو ونبووندا ڕەت دەبێت
بەرەبەیان
بەسەر خاکی خۆڵەمێشدا دادەکات و
وەک بروسکە لە نێو جەنگەڵدا هەڵدەبێت.

لە ونبووندا
بە تریفە تینوویێتی و شەونم دەدێرێت
رابردوومان بە چنگەخۆڵ دەشواتەوە.
لە رابووندا
چریکەیە شەو دەیچێنێت
گومان هەڵی دەکاتەوە.

# تیشک

بۆ جەزا

چنگێک پشکۆی لەنێو پەڵە هەورێکدا چاند
باڵای وەک درەختی شەونم
بەسەر مەوداکاندا تەکاند.

ئەو تیشکە لە کام زامەوە هەڵقوڵاوە؟
بە کام گیانی پەپوولەیی،
بە کام شەوبێداریو ئەڤین
گۆشکراوە؟

با لە نێوان خۆڵەمێش و چریکەدا
تیشک ئاوێنە و روخسار بێت
لەم گۆڕستانە بۆرەیشدا
تیشک هاودەمی ئەم کۆچە و
ئاسۆی شار بێت.

هەواڵنامەی کتێب

## کەژاوە

هەواڵنامەی کتێب

لەنێو گێژاوی ئەو کۆچە ناکاوەدا
سەر بەم جەنگەڵەشدا دەکەین
رەنگزەردیمان وەک تەرمی کات
وەک تینوویێتی و ئاوارەیی
وەک کارەسات
لەسەر خەزان هەڵدەکۆڵین
ئاڵای خۆڵەمێش هەڵدەکەین.

لە گێژاوی ئەم کۆچەدا
چاوەکانم
دەبن بە جووتێک ئەستێرەی لە تەمگیراو
دەبن بە گۆمی سەراب و
کێڵگەی خوناو.

لە نێو گێژاوی ئەم کۆچە ناکاوەدا
سەر بەم سووتانەشدا دەکەین
ئاڵاکەمان لە بروسکە دادەتاشین
جوانەمەرگیمان وەک هەتاو
وەک هۆنراوە
بۆ خاک دەکەین بە کەژاوە
دەیکەین بە ئاسۆی ئەم کۆچە
بە کاروانسەرای ئاژاوە.

هەوارنامەی کتێب

# لەگەڵ ئەم کۆچە کۆچ مەکە

هەواڵنامەی کتێب

لەسەر ئەم هەورە گەرۆکە مەمنووسەوە
قۆڵەکانم هەرێمی ئەم گومانە نین.
قۆڵەکانم چۆڵەوار و
لانەی تینوویێتی و
هاوار و
چەپەری ئەم سووتانە نین.
لەسەر ئەم هەورە گەڕۆکە مەمنووسەوە
لەم شەوەدا
قۆڵەکانم جۆلانەی ئەم هەژانە نین.

زریانە.. زریانە.. زریان
زامەکانم کڵاورۆژنەی ئەم کۆچەن و
گوڵووکە پاییزەی باران.

ئێوە بێدارتان کردمەوە!
لە سێبەری ئەم نەمامە لەرزۆکەدا
چنگێک خۆڵ و
پەلکەزێڕینە رادەخەم
کەژاوەیەک بۆ کۆچ لە شەپۆل ساز دەکەم.
لەگەڵ ئەو کۆچە کۆچ مەکە!
بازووەکانمان کەژاوەی ئەو تۆفانە نین
نیگاکانمان شەونمی ئەو بەیانە نین

زریانە... زریانە... زریان
سەرم لە هەور ئاڵاوە
بازووەکانم کەژاوەن و
باڵام درەختی هەتاوە.

هەواڵنامەی کتێب

# به نێو تەمدا

هەواڵنامەی کتێب

بۆ کەمال میراودەلی

بەم ڕێگایە تەماوییەدا هەنگاو دەنێین
بە باڵای زەردهەڵگەڕاومان
قووڵایی ئاسۆ دەپێوین
تینووین. مێژوو بە وێنەی لیمۆ دەگوشین.
هەنگاو دەنێین لە هەرێمی غەریبیدا
گەردی وڵاتە دوورەکان،
تەمی بەیان، بە دروود و
بە سێبەری داگیرساومان دادەپۆشین.

هاوڕێیم لەم خۆڵبارینەدا
ئاژاوە دارستانی شەو رادەژێنێت
برینی خاک رووبارەکان دەشواتەوە
گۆلاوی کات دەشڵەقێنێت

ئەوا لەم چۆڵەوارەدا
گەرداو گەمارۆمان دەدات،
راستییەکان دووڕووین و
سەگوەڕ مەوداکان تەڕ دەکات
رێگا دوور و تەماوییەکان ڕووەو ژانن
خەونەکانمان کلاورۆژنەن
بەسەر برین و تینوێتی و
به سەر هەرەسدا دەڕوانن.

بەم رێگایە تەماوییەدا
روو لە نهێنییەکان دەکەین،
لە تاریکی ئەم کۆچەیشدا
هەر نهێنییەکان هەڵدەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

# بازوو

لە نێو یەکەم تریفەدا پاڵدەکەوێت
دێڕەخەونە خۆڵاوییەکان رادەبنەوە:
هەرچی دەگرێت رووناکییە.
بازووەکانی
وەک تینووێتی لە گزنکو خۆڵ نابنەوە.
بازووەکانی
بۆشاییەکان دادەپۆشن،
بەیان بێدار دەکەنەوە.
بازووەکانی
دوو نەمامی داگیرساون
دوو کێڵەگۆڕی بێ ناون
بەم خاکەدا رۆدەچنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# جیاوازی

هەواڵنامەی کتێب

له ناکاو دێیت
به چنگەخۆڵ تەڕم دەکەیت
له کۆڵانی ئەم کۆچەدا ڕێم پێ دەگریت
سەربەرەو خوار، بە سووتاندا هەڵم دەخەیت
چۆن له نێو گوڵەگەنمدا شین ببمەوە؟
تۆ به شەختە دەمشۆیتەوە
بەسەر باڵای ئاژاوەدا سەرم دەخەیت
چۆن جیاوازی له نێوانی
تاتەشۆر و
نیشتماندا بدۆزمەوە !

# تینوو

هەواڵنامەی کتێب

بەنێو بەیاندا رادەکات
سێبەرەکەی
بۆشاییەکان دادەپۆشێت
خاکی خۆڵەمێش تەڕ دەکات
کەچی هێشتا هەر تینوویە.
سێبەرەکەی
پەڵە هەورێکی گەرۆکە
خاکێکی لە تەم گیراوە
خۆپێشاندانی سوتوویە.

بەنێو گزنگدا رادەکات
بە کێل ئاسۆ دەپێوێت و
سێبەرەکەی
وەک تەنیایی، لەسەر لوتکەی خۆڵ هەڵدەکات
هەر تینوویە.
ئەو سەرداری تەنیاییە
(هەرچی دەگرێت رووناکییە)
هەر تینوویە.
بەنێو بەیاندا رادەکات
(هەرچی جێدێڵێت سوتوویە)
کەچی هێشتا هەر تینوویە!
هەر
تینوویە!

هەواڵنامەی کتێب

## تروسکە

لە نێوانی هەرەسو گەردی مەنفادا
شەتڵێک شەونم
لە کەناری ڕۆحدا دەڕوێت
پەڵە هەورێک
وێنەی لاوک لە نێو خەرماندا هەڵدەبێت
باڵای ئێوارە دەتەنێت.

لە ناکاو دێت
وەک گۆرانی دەروازەی ئەم کۆچە دەکوتێت.
لە ناکاو دێت
تروسکەیەک لەنێو باراندا هەڵدەبێت
لەپاڵ ڕۆحدا ئاوا دەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

# سووتان

وەک بروسکە لەنێو هەورا گیرسایەوە
وەک تینوویێتی لەنێو رۆحدا گەشایەوە.

گیانە ئەم کۆچە سووتانە!
رۆژەکانمان نوقمی تاریکی و سەرابن
ژیان کڵاورۆژنەی ژانە.

وەک بروسکە لە نێو هەورا گیرسایەوە
وەک تەرم لەژێر نەشتەردا
یان گومان لە رووی یەقیندا
هەستایەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# گەردەلوول

پێش گەردەلوول کەژاوەکەی بە ئامێزی
دادەپۆشێت
بەنێو تەمدا سنووری ئەم کۆچە دەبڕێت.
کەژاوەکەی
هێشتا کەڵەکی سەرئاوە.
کەژاوەکەی
لەسەر چەقی ڕێی خۆڵەمێش، ئاڵای
لە شکری شکاوە.

گەردەلوولەکە نیشتەوە
نە ناوێک لەسەر کێلەگۆڕ
نە تابلۆی خوێن بەسەر دیوارەوە ماوە.

هەواڵنامەی کتێب

## کاروان

هەواڵنامەی کتێب

لەم سنوورە تەنگەبەر و سەرابییەدا
بارگە و بارم بەرەو نەبوون بەڕێوەیە!
نهێنیی بوون وەک گێژاو هەڵمدەلووشن
سەرم گۆڕستانی کاتە
نیشتمانی کرێوەیە.

لەم سنوورە سەرابییەدا
چارەنووسم
بەرەو گومان بەڕێوەیە.

## هەنگاو

بەنێو سووتاندا ڕەت دەبێت
سروودەکەی بە درەختی تینوویێتیدا هەڵدەواسێت
ڕۆژەکانی وەک گۆرەوی،
یان چەپکەزام
لەنێو ڕووبار هەڵدەکێشێت.

بەنێو گەرداودا ڕەت دەبێت
ساتەکان گوڵبژێر دەکات
تا ڕابردووی
بە زەردەگەڵا داپۆشێت.

هەواڵنامەی کتێب

## نامۆ

هەواڵنامەی کتێب

سەرت چرای تونێلێکی داخراوە
سەرت کوورەی پۆلێک رازی وروژاوە
رووەو هەر وەرزێک مل دەنێیت
لە بەردەم دەروازەکەیدا
بکوژەکەت، باڵای لە گزنگ گیراوە!

## رابوون

هەموویان لەگەڵ هەرەسدا رابوونەوە :
تەرمی مێژوو
نسێی رەنگ و
لاوک و
گزنگی سڕ بوو.
ماسی رووبار لێ دزراو و
پۆلەباڵندەی بێ لانە و تەم لێنیشتوو.

هەموویان لە رووی هەرەسدا رابوونەوە.

هەواڵنامەو کتێب

# مەحاڵ

دەیەوێت تاریکی و هەتاو بە یەکەوە لە پەردە کات
دەیەوێت لەنێو گەردووندا
چرای زام و
پەیڤ و
راستی و
ئاڵای رۆژەکانی هەڵدەکات.

دەیەوێت ....................
...............................
دەیەوێت ئەستێرە زین کات.

هەواڵنامەی کتێب

## ئادگار

هەواڵنامەی کتێب

ئامێز دەدەم لە بارانی بێکۆتایی و
دەبم بە دڵداری رووبار.
گەردوون بە گوڵووک دەتەنم
شەو: بە بەیان
یەقین: بە پرسیارو گومان
شاری خامۆشان: بە هاوار.

ئامێز دەدەم لە بارانی بێکۆتایی و
بروسکە دەکەم بە ئادگار.

## نهێنی

هەواڵنامەی کتێب

چەند جاری دی
لەبەر هەرەسدا رامدەگریت؟
بەسەر نەشتەری گوماندا رامدەکێشێت
بالاّم لە گڕی کات دەگریت؟

تاکەی لەنێو خۆڵستانی سەدەکاندا ونم دەکەیت؟
چەند جاری دی
وەک بروسکە تەڕم دەکەیت؟
وەک شمشێر سەرم دادەگریت؟
ئەی نهێنی!

# ئێشکگر

لە کۆڵانی کرێوەدا
تا بەیانی
ئێشک لەم هەژانە دەگرم
وەک پۆلەیادێکی تینوو
فەزای زەمان داگیر دەکەم
چەپەری خامۆشی دەبڕم.

تا بەیانی
لە هەرێمی ئاژاوەدا
سرووودی ئەم ژانە دەچڕم
باڵام بەم سووتانە دەگرم
هەور دەکەم بە دەمامک و
ئێشک لە ئەڤین و راستی
ئێشک لەم جیهانە دەگرم.

هەواڵنامەی کتێب

# تەنیایی

جاربەجارێک
لەنێو ئاگردا دەمچێنیت
وەک تاوانبار، دوام دەکەویت
بە چنگێک خۆڵم دەچوێنیت.

جاربەجارێک
دەستەمۆی نەبوونم دەکەیت!
وەکو رنوو بەسەر رۆحدا
هەرەس دێنیت.

جار بەجاریش
دەمکەیت بە سەرداری گەردوون
بە نیشانە و روخساری بوون
ئەی تەنیایی.

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## سەرداری گڕ

هۆ ئاگر گڕ!
بۆ لەژێر پێڵوی ئاوساوما
دارستان خۆی دەڕنێتەوە؟
بەیان نوقمی نێو خۆڵ دەبێت
لە بیابانی تەرزەدا
گزنگ و خوناوی سەررووی دەسڕێتەوە؟

هۆ ئاگر گڕ!
بۆ لەنێو تەمی پێڵومدا
لوتکە هەور جێ دەهێڵێت
دەبێت بە سەرابێکی چڕ
وڵات: بە پۆلێک نهێنی
نهێنیش: بە کێڵگەی پەنگر!

خودای ئاگر!
وەرە فاڵم بۆ بگرەوە
لە رازەکانم هەڵکێشە و
پاشەڕۆژم وێنەی گۆرانی بچڕەوە.
وەرە.................................
........................................
وەرە لە گڕم بگرەوە
سەرداری گڕ!

هەواڵنامەی کتێب

# ئاڵا

لەم هەرێمە بەردینەدا
گۆرانییەک
بە گەردنی تاریکیدا هەڵدەواسێ
ئەستێرەیەک دەکات بە کەژاوەی ونبوون
تاوێر: بە ماڵ
شەپۆل و راستی: بە هەڤاڵ
بروسکە: بە ئاڵای رابوون.

لەم هەرێمە بەردینەدا
سەرم دەکات بە دارستانی تووڕەیی و
رۆحم بە جۆلانەی گەردوون.

هەواڵنامەی کتێب

## ماسک

هەواڵنامەی کتێب

قوڵەکانی کرد بە کەپری ئاوارەیی
پێڵوی بە تاجی نامۆیی!

لە پاوانی سەربڕیندا
سیپاڵی مێژوو داپۆشی
نهێنی دەستەمۆ کرد و
ماسکی رەگەکانی پۆشی.

## تەنیا جارێک

هەواڵنامەی کتێب

تەنیا جارێک
گڕی ئەم سەرە هەڵبووەم خەفەکەوە
لەپاڵ نسێی ڕەنگەکاندا هەڵمواسە
بمکە بە ڕووپۆش و ئادگار
بۆ هاوارێک!

تەنیا جارێک
لەنێو بولێڵی یەقیندا
بمکە کازیوەی پرسیارێک.

## سوار

هەواڵنامەی کتێب

که بروسکەی کردە شانی
گەردوون: لە ئامێزی گرتین
دارستان: لە ڕەنگی سەوزی هەڵکێشاین و
لوتکە: وەکو تەم و گزنگ هەڵی کردین.

کە بروسکەی کردە شانی
زەوی بوو بە نێرگزەجاڕ
ئاسۆ بە لانکەی گۆرانی.

## گۆرانییەک

شەو تا بەیانی
دەڵێی لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێت
چنگ دەدات لە – با – و تاوێر و کانی.

شەو تا بەیانی
گلێنەکانی رۆژنەی تاریکی و کانی حەسرەتن
روخساری سەراب
هەنگاوەکانی رووەو هەڵەتن!

چونکە مەرگی خۆی داوە بە کۆڵا
رێگای نەهات و ئەبەدی دەبڕێت
لەنێو بولێڵی ئاژاوە و خۆڵدا
پۆلەگزنگی هەقیقەت دەگرێت.



هەواڵنامەی کتێب

## لاسار

هەواڵنامەی کتێب

بۆ یەقین دەستەمۆ نابێت
بە هەورازی تەنیاییدا سەردەکەوێت
تیشکی راستی
بۆ داهاتوو دەڕنێتەوە
لەنێو شەپۆلی مەحاڵدا
پاڵدەکەوێت.

## نەهات

بەسەر پەنگردا رادەکات
بەسەر کەلاوە و
هاوار و
نامۆیی و
مەرگا دادەکات.
رۆژەکانی بۆ ئاژاوە دەکاتەوە
چرای تەنیایی هەڵدەکات.

بەنێو ونبووندا رادەکات
لەنێو بێشەلانی کاتدا
لە هەرێمی رەشبگیری و کارەساتدا
باڵای هەڵچووی
وەک تەنیایی بەدوای خۆیدا رادەکێشێت
پشکۆ و رێکەوت دەکات بە یەخەی نەهاتدا.

هەواڵنامەی کتێب

## تا بمێنم

هەواڵنامەی کتێب

تا بمێنم
پەرژینی مەندی دەشکێنم
لەنێو کەلاوەی ماوەدا
لە هەرێمی ئاژاوەدا
شەتڵە تیشک و
نەمامی مەحاڵ دەچێنم.

تا بمێنم
ڕۆح بە جۆلانەی بروسکە ڕادەژێنم.

## رابوون 2

هەواڵنامەی کتێب

چۆن دیسان لە سەربڕیندا رابوونەوە؟
چۆن دەسرێژ و
لوتکەی خۆڵ و
چەپەری چەقۆتان بڕی و
بە ڕێی مەحاڵدا چوونەوە؟

چۆن دیسان لە سەربڕیندا رابوونەوە؟

هەواڵنامەی کتێب

# لاوکی هەڵەبجە

1989

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## لاوکی هەڵەبجە

هەواڵنامەی کتێب

بە تەنیا جێی مەهێڵن
ئەمشەو زریان دەیچێنێت
تەومژ دایدەپۆشێت
مانگەشەو دەیڕفێنێت

گەرووی بە گزنگ تەڕکەن
زامەکانی بە شیلان
بە گۆرانی دایپۆشن
یان بە سەوزیی دارستان

سەری بە شەپۆلان کەن
با ئەم شەوە رایژێنێت
باڵای لە هەور بگرن
بروسکە و – با– دەچێنێت

بە تەنیا جێی مەهێڵن
منداڵێکی لاسارە
شار بەردەباران دەکات
مانگ دەکات بە کۆلارە

سوارە، چ شۆڕەسوارێک
ئەسپی هەتاو زین دەکات
بە گۆرانی و تیشک و ماچ
سەرزەمین بەرین دەکات

هەواڵنامەی کتێب

با کەژاوەی لە گوڵ بێت
یان لە پەلکەزێڕینە
زەماوەندی خوێن دەگرێت
ئەمشەو پاشای ئەڤینە

ئاشقێکی لاسارە
بروسکە و – با– دەچێنێت
بە تەنیا جێی مەهێڵن
مانگەشەو دەیفڕێنێت.

هەواڵنامەی کتێب

به نێو کێڵگەی خۆڵەمێشدا هەنگاو دەنێم
چنگێک شەپۆل دەچنمەوە
بەسەر باڵای ئێوارەدا
هەڵی دەخەم.
لە نێوانی سووتان و گوڵەگەنمدا
سروودێک دەمنوسێتەوە.
باوەشت بۆ دەگرمەوە
قۆڵەکانم لە درەختی خۆڵ دەئاڵێن
قۆڵەکانم وەک تاڵە خوێن
بەسەر بنار و ئاسۆدا شۆڕ دەبنەوە.
ئەم هەورانەم لێ دوورخەوە!
سەرم نە لوتکە و گەوڕە،
نە بنارە
تارماییەکان بەرەو لام دێن
کەچی رۆحم نە ئەشکەوتی پیاوکوژانە
نە جێنزرگە و سێدارە.
شەهیدەکان بە باڵاتدا سەر دەکەون
لە زێی چاوەکانت دەدەن
بۆ ناگەنە ئەم بنارە؟

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

ئەم بنارە
هێشتا بۆنی خوێنی لێدێت.
هێشتا رووبار رەنگی برینی پۆشیوە
خۆی بە سەرابو تینووێتی داپۆشیوە.
نە دارستان ئەمشەو سەرم رادەژێنێت
نە بروسکە!
نە گوللەیەک دەمگرێتە خۆی
نە لوتکە!

هەواڵنامەی کتێب

بەنێو کێڵگەی زوقم و پشکۆدا ڕێ دەکەم
فڕۆکەکان
بیرکردنەوەم دادەبێژن.
وەک چیای گڕ بەسەر خۆمدا هەرەس دێنم.
سێبەری لە خوێندا ونبووم
تاوێرەکان دادەپۆشێت.
بەرەو لات دێم
قاچەکانم لەنێو تەمدا دەتوێنەوە
باوەشت بۆ دەگرمەوە
قۆڵەکانم لە درەختی خۆڵ دەئاڵێن.

هەواڵنامەی کتێب

به نێو کێڵگەی ژیلەمۆدا هەنگاودەنێم
پەڵەهەورێک بۆرم دەکات
ئێوارە خۆم تێهەڵدەسوێت
تاریکایی تەڕم دەکات.
لە رووباری مێژوو دەدەم
سنگم دەبێتە گۆڕەپان
قۆڵەکانم دەبن بە تەنگە دەربەندێک
بۆ لەشکری داگیرکەران.

فڕۆکەکان لەناکاو دێن
ڕووتین، خۆمان بە گژوگیا و
زەردەگەڵا و
بە ئاژاوە دادەپۆشین.
فڕۆکەکان لە ناکاو دێن
ڕووتین، خۆمان بە ئاسمان و
دارستان و
لەپی دەستمان
دادەپۆشین.
چنگێک شەپۆل دەچنینەوە
دەیکەین بە دەمامک و ڕەشماڵ
تاوێرێک هەڵدەکۆڵین و
کەچی ڕووتین،
خۆمان بە ساچمە و هەوری ژەهراوی دادەپۆشین
هێشتا ڕووتین..
ڕووتین..
ڕووتین..!

هەواڵنامەی کتێب

ئەم تەرمانەم لێ دوورخەوە
سەرم نە مردووخانەیە
نە بنارە
تارماییەکانم لێ دەرکە!
ڕۆحم نە ئەشکەوتی چەتە و پیاوکوژانە،
نە جێنزەرگە و سێدارە.

پەڵەهەورێک ئەم هەرێمە دادەپۆشێت
بروسکەیەک ئەم خاکە سووتەمەرۆیە
تاوێک ڕووناک دەکاتەوە و
خەو لە چاوی تەرمە ژاکاوەکان دەدزێت
بۆرە خەونییان لەسەر دارستانی گەرد و
سەهۆڵبەندان هەڵدەکۆڵێت.

هەواڵنامەی کتێب

بەرەو لات دێم
شوێنپێی تریفە هەڵدەگرم
بۆنی گەردنی زێڕین و
پرچی باراناویت دەکەم،
باسکم لە باڵای خۆڵاویت دەئاڵێنم.
ڕێژنەیەکی سوور دادەکات
بیرەوەری دەشواتەوە و
درەختی خۆڵ دەتەکێنێت
ڕێژنەیەک پەڵەی ڕەنگاورەنگ لەسەر بەرد و
نێو هەناسە و
ژێر پێڵوماندا دەچێنێت

هەواڵنامەی کتێب

بروسـکەیەک ئـەم خاکـە سـووتەمەرۆیە تاوێـک
ڕووناک دەکاتەوە
درەختەکان لەنێو زوقما چرۆ دەکەن.
چریکەیەک جەنگەڵەکە دەشڵەقێنێت
چریکەیەک تەرمەکان رادەچڵەکێنێت.
وریا بە گیانە! خۆیانن
بەربەریست و
شرەخۆر و
چەکمەڕەق و
بەدووەکانن
بە وێنەی مشکی نێو جەواڵ لەم ناوە
تەراتێن دەکەن
خۆیانن.. بەڵێ خۆیانن
دیسان بۆ نوێژ و
زەکات و
کچ فراندن
خڕبوونەوە

مەلابانگدان
وەک گەلەگورگی دەم بە خوێن هاتوونەوە
خۆیانن
بەڵێ
خۆیانن
لە سۆراخی رەوشتی دۆڕاویاندا
پەنجە دەخەنە نێو دەم و گیرفانی مردووەکانەوە
بە چنگەخۆڵ
چاوانی نوقمی نێو ترس و
چاوانی پڕ لە پرسیاریان دادەپۆشن.
خۆیانن
تەواو
خۆیانن
چەند سەدەیە نەگۆڕاون، وەک خۆیانن
وەک خۆیانن..
وەک خۆیانن.

هەواڵنامەی کتێب

داگیرکەران بەنێو هاواردا رەت دەبن
پەلەیانە!
لە گردەکەی ئەوبەرەوە – لە نێو گەرددا–
ئاوا دەبن
پەلەیانە!
لە دوای خۆیان (وەکو سەدان ساڵ لەمەوبەر)
شوێن پۆستاڵ و
پەڵەی خۆڵەمێشی و ئاڵ و
بۆگەنیوی هەناسە و ئارەقە و رۆحیان
جێدەهێڵن!
هێڵنجم دێت
قاچەکانم هەڵمناگرن
چ هەوایەکی بۆگەنە!
مێژوویەکی چەند چڵکنە!
چ سەردەمێکی بۆگەنە!
هێڵنجم دێت
ئەم گیاندانە دوایی نایە
هێڵنجم دێت
ئەم سووتانە سەرەتایە!

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

چرایەکان داگیرسێنە!
با هێندەی دی تینوو نەبین.
ئاڵایەک لە شەودا هەڵکە
ناوی دەنێین لقەباران
بە تریفە و تەم تەڕمانکە!
دەبینە گەشە
یان خەرمان.

ئەمشەو تەمەن لەنێو خۆڵدا داگیرساوە.
تەمەن چرای بەربارانە
نەمامی بەردەم لافاوە.
ئەمشەو دەڵێی لەنێو رۆحدا
رووباری (خاپوور) هەڵساوە
زریانی (قەندیل) راساوە.
ئەمشەو دەڵێی هەموو جەللادانی مێژوو
شمشێریان لە رووی رۆحمدا هەڵکێشاوە.
کێ دەزانێت من بێهودە
لە کوێ دەمرم؟
با زەوی هێمن بێتەوە، وەکو باڵندەی بەر باران
لەپەنای برینەکانتدا ئارام بگرێت
با لافاوی دوکەڵو ژان بۆ ساتێک بنیشێتەوە
تا پیاوکوژان بە نێزەو گازی ژەهراوی
وێنەی خۆیان لەسەر لاشەکەت هەڵکۆڵن.

ئەم بنارە
تا دێت تەنگتر دەبێتەوە!
ئەمشەو چەند تەرمی ترمان چاند؟
چەند پەڵەهەوری سەرکەشمان
لە ئاسۆڕا
بەرەو بنار تل کردەوە؟
چەند سروود و
لوتکە و
خەونمان
داگیرساند؟
ئەم بنارە
تا دێت تەنگتر دەبێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

لێمان ببوورن براینە!
نەماندەویست زامەکانمان بکەینە بەر
ئەم گەڵاڕێزانو چەمە
نەماندەویست پەڵەی سەرسنگی ژنان و
زەردەخەنەی مەییوی ڕووی منداڵانمان
ببنە سیمای ئەم سەردەمە.

ببوورن.. لێمان.. ببوورن!
(ئێوەش ئەی زڕبرایەکان!)
نەماندەویست لەنێو سەگوەڕ و جەنگەڵدا
مەرگی خۆمان لەپاڵ لوتکەدا هەڵکەین و
وەکو گزنگ بیکەینە بەر گوڵەگەن ،
بیکەینە بەر ئاوارەیی و
دارەبەن و
کێڵگە و
شەونم.

ببوورن.. گیانە.. ببوورن!
نامانەوێ مەرگی لەناکاوی خۆمان
بکەین بە پێوەری ویژدان
بە پێوەری دادپەروەری و
برایەتی و
مافی گەلان.

ئێمە چەند رووتین لە بەردەم
تۆفانی گازی ژەهراوی و
بێڕەوشتیی ئەم چەرخەدا!
ئێمە چەند تەنیاین لە پرسەی
ئەم شارۆچکە شەهیدەدا!
ئێمە چەند تەنیاین لە شیندا!
چەند تەنیاین لە شایی خوێن و
کەرنەڤاڵی سەربڕیندا!
ئێمە چەند تەنیاین!
چەند تەنیاین!

هەواڵنامەی کتێب

ئەمجارەشیان چارەنووسمان بە خەتی درشت
لەسەر هەور و – با– نووسییەوە
چارەنووسمان وەکو میرات
بەسەر خێڵی گورگ و چەقەڵدا بەشییەوە.
چەند سەدەیە خوێن دەچێنین؟
تـــەمی مێـــژوو، خـــۆڵی ســـەر روخســـاری ئاســـۆ
دەسڕینەوە
تاوێر و رووبار دەکێڵین.
چەند سەدەیە نەمامی مەحاڵ دەدێرین
کەچی هێشتا تینووین
وەک ئاو

به خۆ نامۆین
وێنەی مێگەلی هەڵبڕاو
تەماویین
چەشنی دارستان
تەنیاین
وەک قەوانی سواو
چەند سەدەیە تینووین
وەک ئاو
تینووین
وەک ئاو.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

لەم خاکە خۆڵەمێشەییەدا
چنگێک شەپۆل دەچنمەوە
بەسەر باڵای ئێوارەدا هەڵی دەخەم
کەژاوەیەک بۆ ئەم کۆچە لە تریفە و گیا
سازدەکەم.
ئەم بنارە
هێشتا بۆنی خوێنی لێ دێت!
ئەم بنارە
هێشتا بۆنی مەرگی لێ دێت!

بە رووباری چاوەکانتا دەپەڕمەوە
بنار لە ئاو دامدەتاشێت
لە شەپۆل و لمم دەگرێت
وەک هەور دەمداتە دەم (با)
بنار لەنێو کرێوەدا هەڵم دەکات
هەڕەمەکی بە هەر چوارلا و
تازە مەنفا و
بەسەر وڵاتی خەڵکیدا
بەشم دەکات.

ئەم بنارە
هێشتا بۆنی مەرگی لێ دێت
بەرەو بنار نەدەهاتم
بەڵام لوتکە وەک دێرەخەونێکی لاسار
وەک ماچەگڕ و جادووکار
هەڵی گرتم
بە شەوارەی بارانەتیشک و نهێنی
گومڕای کردم.

هەواڵنامەی کتێب

لە بولێڵی وەرزەکاندا
لە تەمۆمێک لە پاڵ لوتکەدا بچێنە!
کێڵگە بە گۆرانی تەڕکە
رۆح : بە شەونم
تینوویێتی: بە گوڵەگەنم!
با ئاشق و شەهیدەکان، شەوان بە دیار زرِەخەون
و
تەنیاییەوە دانەمێنن
با وەکو بروسکەی خەنجەر، لە پاڵ مەترسی و
تاواندا وەرزەکان بێدارکەنەوە و
شەو راژێنن.

هەواڵنامەی کتێب

رابە ڕۆڵە نەبەردەکەم!
رابە شارە شەهیدەکەم!
رابە هاوار و فرمێسکی خۆڵەمێشیی کۆرپەکانت
بشۆرەوە.
رابە ویژدان و جوامێری
بەسەر ئەم دنیا دونەدا ببەشەوە.
رابە لەکەی شەرمەزاریی سەر ڕوخساری
دۆستەکانمان بۆ بسڕەوە.
مانایەکی نوێ بۆ تاوان
بۆ یەکسانی و
برایەتیی درۆزنانەی تۆڕ و ماسی و
پەت و گەردن بدۆزەوە!
رابە ڕۆڵە جوامێرەکەم!
رابە شارە شەهیدەکەم!

هەواڵنامەی کتێب

هەڵەبجە ئاوێنەی رۆحە
شەپۆلێکی پەنابەرە
شەو لە یەخەی تاریکی و مەترسیی دەدات
تەرمێکە
لە کفن و تاتەشۆر یاخی بووە.
چرایەکە
هەژارانی ئەم سەردەمە هەڵیدەکەن.
هەڵەبجە هەرێمی ژانە
ئاڵای سووری "کۆمۆنە" یە
وڵاتی بێ وڵاتانە.
هەڵەبجە هەرەسی هەقە
چنگێک خۆڵە خوێن دەیدێرێت.
داستانێکە بەیان لە زام دایدەتاشێت
لەسەر تەم و
دارستان و
خۆڵەمێش دەینووسێتەوە،
رووبار بەدەم گریانەوە
بۆ گیا
دەریا
بۆ کەنار و
تریفەی دەگێڕێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

هەڵەبجە ئاوێنەی ڕۆحە
هەڵەبجە درەختی خوێنە
خۆڵ دەیدێرێت
سەری براوی "حوسەین"ە
بە وڵاتاندا دەیگێڕن
چریکەیەکی زامدارە
ئەم هەرێمە دەهەژێنێت
زەوی بێداردەکاتەوە
لوتکە و بنار ڕادەژێنێت.

هەڵەبجە درەختی خۆڵە
خوێن دەیدێرێت.
مەچەکێکی پەڕێندراوە، لە گۆڕەوە دەرهاتووە
دەروازەی گەردوون و
ئاشتی و
ویژدان دەکوتێت
سروودێکە
زەحمەتکێشان بە یەک گەروو دەیچڕنەوە :
هەڵەبجە ژانی سەردەمە
هەڵەبجە هەرێمی تەمە

هەڵەبجە ئایندەمانە
هەڵەبجە مەرگی یەزدانە
هەڵەبجە
مەرگی
یەزدانە!

هەواڵنامەی کتێب

با هەڵەبجە
دوا سیمفۆنیای ئەم شەوە بێت
با هەڵەبجە
پەیامی سووری نەوە بێت
با دوا کەرنەڤاڵی خوێن و
برینی ئەبەدیی رۆحی نەتەوە بێت
با هەڵەبجە
تاهەتایە هەڵەبجە بێت
هەڵەبجە بێت
هەڵەبجە بێت.

شەو رەت دەبێت سروودەکەم تەواو نابێت.
شەو رەت دەبێت گەرووم بە گزنگ تەڕ نابێت
تەمەن وەک گەرد، وەک زەردەگەڵاو گاشەبەرد
پاییز و بنار دەتەنێت.
بەسەر پردەبازدا دەڕۆم لاوکەکانم،
هۆنراوە ئاوارەکانم
وێنەی چۆلەکەی چاونووسا، بەر دیوار و
رووناکایی و
بەر هاوار و
تاشەبەردەکان دەکەون
بە ناکامی
لەسەر تەرم و شەپۆلەکان جێ دەمێنن
برینێک لەسەر گزنگ و
درەخت و
رووبار جێدێڵن.

هەواڵنامەی کتێب

وەرن لەودیو شووشەبەند و لە باڵکۆنی
سنوورەوە
بۆ ئەم تەرمانە بڕوانن
بەرگی نەورۆزیان پۆشیووە
هەڕەمەکی، وێنەی هەرەسی چیای ڕەنگ
مەوداکانیان داپۆشیوە.
ئەو تەرمانەی
وەک زەردەگەڵای پاییزان
بە ژاکاوی، گوێ ڕووبار و
وەرز و
شەقام و
بنار و
بەرەبەیانیان تەنیوە.

هەواڵنامەی کتێب

شەو دەڕوات و گۆرانییەکەم تەواو نابێت
شەو دەڕوات و گەرووم بە هەتاو تەڕ نابێت
لە نێوانی تینوویتی و بیرەوەرییدا دادەگیرسێم
بەیان خۆڵەمێشەکەم بە گزنگ
بە تەنکەتەم دەشواتەوە.
گیانە هەموو ڕێگایەکان
لە دەستەوە سەرهەڵدەدەن.
لەسەر لەپی دەستەکانت
شەهیدەکان
لەنوێ لەدایک دەبنەوە
شەهیدەکان
لە سەنگەری دەستەکانتا
سەرلەنوێ شەهید دەبنەوە.

کتێبی هەولێرنامە

بە تەنیا جێی مەهێڵن
ئەمشەو برین دەیچێنێت
تەمومژ دایدەپۆشێت
مانگەشەو دەیفڕێنێت.

گەرووی بە گزنگ تەڕ کەن
زامەکانی بە شیلان
بە گۆرانی داپپۆشن
یان بە سەوزیی دارستان.

سەری بە شەپۆلان کەن
با ئەم شەوە رایژێنێت
باڵای لە هەور بگرن
بروسکە و – با– دەچێنێت.

بە تەنیا جێی مەهێڵن
منداڵێکی لاسارە
ئەم شەوە دەهەژێنێت
مانگ دەکات بە کۆلارە.

هەواڵنامەی کتێب

کەژاوەیەک بۆ ئەم کۆچە لە تریفە و گیا
ساز دەکەم
بەرەو ئەم سووتانە دەڕۆم
کێ دەزانێت من بێهودە لە کوێ دەمرم؟
بەرەو ئەم سووتانە دەڕۆم
لەسەر سەوزایی دارستان هەڵمکۆڵە
یان لە چریکە بمتاشە
تا باڵام وەک درەختی گڕ
شەوڕاژێنێت.

کەژاوەیەک بۆ ئەم کۆچە لە تریفە و خۆڵ
سازدەکەم
بروسکەیەک ئەم خاکە سووتەمەرۆیە تەڕ دەکات
و خەو لە چاوی تەرمە بێنازەکان دەدزێت
چ هەنگاونانێکی سەختە!
چ هەڵدێر و وەرچەرخانێکی مێژوویە
بنار رووە و هەوراز هەڵمان دەگرێت
هەوراز بەرەو سنوور و
تینوێتی و
مەنفا!

هەواڵنامەی کتێب

تا لە سنوور ئاوادەبین
تەنیا چەپەری زریانە!
دەنگدانەوەی بێدەنگییە
ئاوازی ئاگربارانە
لوورەی گورگە
نسێی داڵە
ڕەوینەوەی تەنکەتەمی نێوان یەقین و گومانە.

هەواڵنامەی کتێب

تا لە سنوور ئاوادەبین بۆشاییە
بۆشاییە
بۆشایی!
تا لە سنوور ئاوادەبین بۆنی گازی ژەهراوییە
ژەهراوییە
ژەهراوی!
نە دارستان ئەم شەو سەرم رادەژێنێت
نە بروسکە!
نە گوللەیەک بە خۆیم دەگرێت
نە لوتکە!

بەنێو کێڵگەی ژیلەمۆدا بەرەو لات دێم
پێیەکانم لەدووم نایەن.
سەر بە هەر دەوەن و بەرد و گیایەک دەکەم
ژەهراوییە
باوەش بە هەر هاژە و لاوکێکدا دەکەم
ژەهراوییە
پەنا بۆ هەر دۆستێک دەبەم
پەل بۆ هەر شەپۆلێکی ئاشنا درێژ دەکەم
ژەهراوییە
بۆنی بارانەبەهارە
تاڤگە
باڵەفڕەی باڵندە
سەگوەڕ و
ماچی لێوانمان
ژەهراوین و ژەهراوین و ژەهراوین!

هەواڵنامەی کتێب

نیگای سڕ و حەپەساومان
دادپەروەری
پەرەسێلکە
جاڵجاڵۆکە
کوردایەتی
قاسپەی کەو و
نزا و هاواری خنکاومان
ژەهراوین و ژەهراوین و ژەهراوین!

ئەم چرایانە داگیرسێنە!
با هێندەی دێ تینوو نەبین
ئاڵایەک لە شەودا هەڵکە
ناوی دەنێین لقەباران
بە تریفە و تەم تەڕمان کە!
دەبینە گەشە
یان خەرمان.

هەواڵنامەی کتێب

کەژاوەیەک بۆ ئەم کۆچە لە تریفە و گیا
ساز دەکەین
لەنێو شەودا
گۆڕێکی قووڵی بەکۆمەڵ هەڵدەکەنین
کەچی دەبێت بە دەلاقە و
بەسەر دەسرێژدا دەڕوانێت.
با لاوکێک بکەین بە کەپری ئەم ژانە
یان سروودێک
بە جۆلانەی ئەم گیاندانە.
زریانێکی ناوەخت هات
بەسەر تاوێر و رووباردا چەمایەوە

هەواڵنامەی کتێب

ئێمە باڵای وەرزەکانمان لە لاوک گرت
چرای نەوەیەکی وێڵمان
بەنێو تونێلی زریاندا بەرێ دەکرد.
نەوەیەکی بێ داهاتوو و سەرەڕۆ بووین
لەنێو خۆڵ و
پاشکۆی زیل و
ئاوارەیی و
دەسرێژدا چاومان هەڵهێنا،
بەرخۆلەی بەردەم چەقۆ بووین.
نەوەیەکی
بێ داهاتوو و سەرەڕۆ بووین
سەرەڕۆ بووین.

هەواڵنامەی کتێب

نهێنییەکان دەپشکنم
تا لە نێوان هەقیقەت و چاوانتدا
سنوورێک بۆ ئەم گومانە بدۆزمەوە
تا ئاڵاکەم لەسەر کەلاوەکان هەڵکەم
گەردی سەدەکان لەسەر ڕۆح
شوێنەواری داگیرکەران لەسەر کانی و
زەردەخەنە و
باران و
گیا
لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەم بسڕمەوە.
نهێنییەکان دەپشکنم
تا داستانی ئەم داستانە
یان تاوانی ئەم تاوانە
بۆ نەوەکەم بنووسمەوە.

هەواڵنامەی کتێب

ئەوا دیسان زامەکانمان کردەوە بەر
ئەم گەڵاڕێزان و چەمە
پەڵەی سەر سنگی ژنان و
زەردەخەنەی تەزیوی رووی منداڵانمان
بوونە سیمای ئەم سەردەمە.
ئەوا دیسان لەنێو سەگوەڕ و جەنگەڵدا
جوانەمەرگیمان هەڵدەکەین
وێنەی گزنگ دەکەینە بەر گوڵەگەنم
دەیکەینە بەر ئاوارەیی و
دارەبەن و
کێڵگە و
شەونم.
ئێمە چەند رووتین لە بەردەم تۆفانی گازی
ژەهراوی و
بێڕەوشتیی ئەم چەرخەدا!
ئێمە چەند تەنیاین لە پرسەی
ئەم شارۆچکە شەهیدەدا.

بنوو کۆرپە شیرینەکەم!
چیتر دەنگی دەستڕێژ و فڕۆکە نایەت
بنوو ڕۆحە شەکەتەکەم!
بۆنی گاز و خوێن و جانەوەران نایەت.

بنوو بە خاک
بە ڕووتێتیم،
بە مەرگی خۆم و
تینوێتیم داتدەپۆشم
ئەم سووتانە سەرەتایە.

هەواڵنامەی کتێب

بنوو بە پەلکە زێڕینە
بە  نێرگز و
جەمەدانی و
لاوکەسووورە و
بە ئامێزی داگیرساوم داتدەپۆشم
ئەم تاوانە دوایی نایە

بنوو کۆرپە لاسارەکەم!
ئەم تاوانە سەرەتایە
بنوو ڕۆحە شەکەتەم!
ئەم سووتانە سەرەتایە
بنوو
جگەرگۆشەم
بنوو!

هەواڵنامەی کتێب

گەرووی بە گزنگ تەڕکەن
زامەکانی بە شیلان
بە گۆرانی داپۆشن
یان بە سەوزیی دارستان.

با کەژاوەی لە گوڵ بێت
یان لە پەلکەزێڕینە
زەماوەندی خوێن دەگرێت
ئەمشەو پاشای ئەڤینە.

هەواڵنامەی کتێب

سوارە چ شۆڕەسوارێک
ئەسپی هەتاو زین دەکات
بە لاوک و تیشک و ماچ
سەرزەمین بەرین دەکات.

ئاشقێکی لاسارە
بروسکە و با دەچێنێت
بە تەنیا جێی مەهێڵن
مانگەشەو دەیڕفێنێت.

# وەرزی سەهۆڵبەندان

# 1987

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

بەڕاستی لە سەردەمیکی تاریکدا دەژیم
گەمژییە بە نەرمو نیانی بدوێیت.
نێوچەوانی سفتو لووس نیشانەی دەبەنگییە.
ئا ئەو کەسەی پێدەکەنێت
هێشتا هەواڵی مەترسیی پێنەگەیشتووە.

**برێخت**

هەواڵنامەی کتێب

کاتی کۆچ هات
ئێمە، هەر یەکەمان بە ڕێگای خۆماندا دەڕۆین
من تا بمرم
تۆیش تا بژیت،
بەتەنێ خواوەند دەزانێت
لەم دوو ڕێگایە کامیان چێترە.

**ئەفلاتوون**

هەواڵنامەی کتێب

# وەرزی سەهۆڵبەندان

بۆ Eka

جارێکی دی
مەنفا ئاشقی کردەوە
مەنفا لە هەوری هەڵکێشا و
روخساری لە خۆڵ گرتەوە.

جارێکی دی
ئەڤین منداڵی کردەوە
نهێنی هەڵی گرتەوە
بە باڵای تیشکدا هەڵگەرا
رۆحی لە شەختە گیراوی
بە رێژنەی ئاگر شوشتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# I

لە ئێوارەی ئێوارەدا
نهێنی رۆحی لاسارم پەرژین دەکات
رەهێڵە رواڵەتی کاڵم دەسڕێتەوە
لە بناری گومان و بێئارامیدا
سەر بە لقی گڕ دەکەم و
خۆم بە تەرزە دادەپۆشم.

سرکە هەورێک لە نێو دڵدا رێ ون دەکات
پەڵە خوێنی سەر دیوار و
گەردی مەنفا و
ئێوارە و
وڵات تەڕ دەکات.
ئەم وڵاتە داچۆڕاوە دەڵێی دەلاقەی برینە
بەسەر دەسڕێژدا دەڕوانێت
دەڵێی هەورێکی شەکەتە
بەسەر دەروازەی گەردووندا هەڵواسراوە.

هەواڵنامەی کتێب

داهاتوو و پۆلە گۆرانی لە تۆ ناچن
بیرەوەری و سەربڕین و
کێڵگەی بەفر و هەڵواسین و
خۆرئاوابوون و نامۆییش.
چۆن لەم مەنفا پەتایەدا وەک زەردەگەڵای پاییزان
شۆستەکانت داپۆشیوە؟
وەک رەنگی تینوویێتی و باران
تەمەنی خۆڵاوی ئێمە و
پەراوێزی ئاسمان و ئاسۆت تەنیوە!
تا دێت مەنفا
بەرین و بەرینتر دەبێت
تا دێت برین
قووڵ و قووڵ و قووڵتر دەبێت
تا دێت ئەڤین
مەحاڵ و مەحاڵتر دەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

ئەستێرەیەک دەچنمەوە لەنێو دڵدا پەنای دەدەم.
لەبەر دەروازەی مەنفادا
ئێوارەیەک دادەپۆشێت کە باران و
دارستان و
بیرەوەری
بە تاکە رەنگێک دەتەنێت.
بەسەر هەورازی گوماندا هەڵدەزنێم
سەرم بەر ئاسۆ دەکەوێت
لە نێوانی
ئاسمانی پیرۆزەیی و قووڵایی چاوەکانتدا
ماوە و سنووری رەنگەکان بزر دەکەم
مەنفا و بولێڵی ئایندە و
هەر شتێک فەرامۆش دەکەم.

هەواڵنامەی کتێب

نهێنی ڕۆحی سەرەڕۆم پەرژین دەکات
دەمکات بە کێڵگەی ونبوونو ترس و ڕنوو
وەک بروسکە تەڕم دەکات
دەمکات بە خەڵووز و سوتوو
نیشتمانم
چۆن خوو بە کاتەوە بگرم؟
نیشتمانم
چۆن خوو بە دەنگەوە بگرم؟
چۆن خوو بە ڕەنگەوە بگرم؟
نیشتمانم
چەند جاری دی لە مەنفادا
دەبێ بمرم؟

# II

دەبێت بەهانەی هەور بێنمەوە
تا بروسکە دەستەمۆکەم
دەفتەری خۆڵ و رەهێڵە بخوێنمەوە.

دەبێت بەهانەی هەور بێنمەوە
تا ئەستێرەی کاروانکوژە،
دوند و
بنار
بکەم بەهەڤاڵ و دڵدار.

دەبێت بەهانەی هەور بێنمەوە
تا گەردوون بکەم بە لانە و
سنوورەکان وەکو زنار
لە نێو گیاندا بتوێنمەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# III

له تاریکیی ئەم شەوەدا
چرایەک بە لقی شەودا هەڵدەواسم
ئەستێرەیەک دەچنمەوە
لەنێو دڵدا پەنای دەدەم.
لەبەر چۆڕاوگەی ئەڤیندا
گوناهە مێژووییەکانم دەشۆمەوە
بە سەر ئەم شەوەدا مەڕۆ!
لە گۆلاوی نامۆییدا نوقم دەبێت
بە سەر ئەم هەڵمەدا مەڕۆ!
لەنێو کۆڵانی پاییزدا عاسێ دەبیت.
ئەمە هەڵدێری سووتانە
نیشتمانی ئەڤین نییە
کەپری خۆڵە
دورگەی هەرەس و گومانە.

هەواڵنامەی کتێب

له پێشوازیتدا وەستاوم
وەکو تەرمێک چاوەڕوانی تاتەشۆر و کفن بکات.
گومان هەراسانم دەکات
تاریکایی هەڵم دەکات.
روخساری له تەم گیراوم وەک وڵاتێکی بندەستە و
بەخۆ نامۆ
دەبێتە مێرگی ونبوون و
ژان و
چەقۆ.
له پێشوازیتدا وەستاوم
نهێنی داگیرم دەکات
تاریکایی هەڵمدەکات.

هەواڵنامەی کتێب

شازادە لەنێو وەنەوزدا چاو هەڵدێنێت
لەبەر ئاوێنەی سەهۆڵدا شاکەزیی خۆی
بە شانەی باران دادێنێت.
سێوەخانێ!
ئەم شەو لە گەردوونی چاوتا لەنگەر دەگرم
هاتووم لە ماچانت بگرم
سێوەخانێ!
ئەم شەو بروسکە زین دەکەم
هەڵت دەگرم.

بە سەر شانی دارستاندا سەردەکەوم
چرایەک بە لقی شەودا هەڵدەواسم
لە نێوانی دوو لوتکەدا
هەورێک دەکەم بە جۆلانە
تاوڵێکی بێ خاک و ئەستووند
ئەشکەوتێک
پەنا دەوەنێک بە هێلانە.
بۆ کوێت بەرم سێوەخانێ؟
بە شەوی باوبۆرانێ
ناگەمەوە کوردستانێ.

هەواڵنامەی کتێب

– دوو دڵداری بێوڵات
چەپەری چەقۆ دەبڕن
دوو دڵداری یاخی و ڵات
لاوکی مەحاڵ دەچڕن
دوو دڵداری رۆژهەڵات
ئاڵای برین هەڵدەبڕن
سەر بە جەنگەڵ دەکەن و
ئێشک لە گەردوون دەگرن
دوو دڵداری بێوڵات
دوو دڵداری
یاخی و
لات.

وەکو ئەسپێکی باڵگرتوو بە وڵاتێکدا رادەکەین
کە وڵاتی ئێمە نییە
بە سەر کرێوە و ونبووندا هەنگاو دەنێین
ئەستێرەیەک
لەنێو دڵدا حەشار دەدەین
چرایەک
بە لقی خەوندا
گۆرانییەک
بە باڵای قووچی ئاسۆدا هەڵدەواسین.

رەهێڵە روخساری کاڵم دەسڕێتەوە
رێگایەکان وەک دەلیلێکی نابەڵەد ونم دەکەن
سنوورەکان وەکو گەلەگورگی برسی تێم دەئاڵێن
پاڵم دەخەن لەسەر تاتەشۆری پشکۆ
لە پاشکۆی زیلم دەبەستن بەرەو بیابانی چەقۆ.

بۆ کوێت بەرم سێوەخانێ؟
ئەم رۆژگارە
(نە جێی فیرارانە
نە جێی ژنهەڵگرانە
نە جێی خۆشمێرانە)"[1]"

هەواڵنامەی کتێب

سەرداری رۆحە شێتەکەم
بۆ کوێت بەرم؟
ئەو کەرنەڤاڵی کوشتنە
بۆ ئێمەیە؟
ئەو هەموو پەتە زبرانە
بۆ گەردنی سەدجار رووشاوی ئێمەیە؟
بۆ کوێت بەرم؟
بۆ کوێت بەرم؟
ئەوە کوولەکەی رۆحەکەم بیشکێنە
ئەوە دڵە ناسۆرەکەم ...
چۆن ئەم دڵەت بۆ بنێرم؟
چۆن بەنێو سەگی سنوور و
مین و
کەمین و
تەلبەندا دەربازی کەم؟
بە کام قاسیدی بسپێرم؟
چۆن ئەم دڵەت بۆ بنێرم؟

هەواڵنامەی کتێب

شازادە لەنێو وەنەوزا چاو هەڵدێنێت
شازادە لانکەی ئایندە رادەژێنێت.
دەزانم
گیانە
دەزانم
خۆشەویستییت تەوقی ئەبەدیی گەردنە.
خۆشەویستییت سووتانە، داگیرکردنە.
بێ تۆیش سەرداری رۆحەکەم
ژیان مەنفا و
مەنفایش تونێلی مردنە.

هەواڵنامەی کتێب

لەیلام لەشکری تەتارە
لەشـــکری بەربەریســـتانەی عـــەرەب و تـــورک و
قاجارە
لەنێو گەردی سەدەکاندا ونم دەکات
کودێتا و بوومەلەرزەیە
وڵاتی رۆح وێران دەکات
لەیلام خەونێکی لاسارە
بەرەو رێی مەحاڵم دەبات
دەزانم
گیانە
دەزانم
.....................................................
.....................................................

هەواڵنامەی کتێب

لە تاریکی ئەم شەوەدا
چرایەک بە لقی خەوندا هەڵدەواسم
سەری ماندووم لە نێوانی دوو شەپۆلدا
حەشار دەدەم

جارێکی کە
ئەڤین منداڵی کردەوە
جارێکی دی
گومان داگیری کردەوە...
لە نێوان کانی و سەرابدا
سەری بە دارستان کرد و
قۆڵەکانی بە سەر مەحاڵو مێژوودا
شۆڕ کردەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# IV

بەرەو سنوورەکان دەڕۆم
تاڵەخوێنێک وەکو مار بە دوامدا دەکشێت
پەڵەهەورێک لە پێیەکانم دەئاڵێت
بەرەو سنوورەکان دەڕۆم
باڵام لەسەر دارەبەنێک هەڵدەکۆڵم
ڕۆحم لەسەر زنارێک.

لە کوێڕا تێهەڵچینەوە؟
دەبێت چەند جەنگەڵ و لوتکە و سنوور ببڕین
تا ئەم ئاسمانە لە پێستمان بکەینەوە؟
دەبێ چەندجار لە کوژراندا رابینەوە
تا شوێنەواری ونبوون و
رم و
مەنفا،
شوێنەواری قامچی و زنجیر بسڕینەوە؟

هەوڵنامەی کتێب

له بیابانێکی تەنگدا
سەرابێک پەلی کێشام و
جۆگەلەی لم رژایە ژووری دڵمەوە
تینوویێتی  رێی لێ ون کردم.
لێم گەڕێ با لە پەنای ئەم کەلاوەڕا
پەڵەهەورێک بەرەو ئەودیو تل کەمەوە
با سەرەتایەک بۆ برین
مانایەک بۆ دادپەروەری بدۆزمەوە.
پاڵمان بە گزنگەوە دا
شەپۆلی گەرد ونی کردین
پاڵمان بە دوکەڵەوە دا
گژەبا داگیری کردین!

هەواڵنامەی کتێب

بۆ تەمەنمان تەنیا ماف زەوتکردنە؟
خەوبینینی بەردەم پەتی سێدارەیە
ساتی چاوەڕێکردنی دەستڕێژ و کەوڵکردنە.
با ئەم تەمەنە گوشراوە لەنێو خوناودا بچێنین
ڕۆژەکانمان لەنێو ونبووندا هەڵکەین و
ڕۆح بە ژیلەمۆ رابێنین!
با ئەم تەمەنە دۆشراوە
ساتێک بە گەرداو بچوێنین!

هەواڵنامەی کتێب

به سەر مەرگ و تەرمی خۆمدا هەنگاو دەنێم
سێبەرەکەم
ڕێم پێدەگرێت
تاڵە خوێنێک
وەکو مار بە دوامدا دەکشێت
لەپاڵ بناری ئاگردا
پشتم لەگەڵ تاشەبەردێک جووت دەکەم و
چاو دەبڕمە ئەو ئاسۆیەی بۆنی تۆی لێ دێت.
بروسکەیەک درزێ دەخاتە ئاسمان و
لە سەرڕا
ئاسۆ دەقڵیشێت.
وەکو منداڵێکی تۆقیو سەرم بە کۆشت دەکەم و
ڕوخساری زەردهەڵگەڕاوم بە شاکەزیی
باراناوییت دادەپۆشم.

هەواڵنامەی کتێب

چۆن بەم کوژرانە رازی بووین؟
لە دوای خۆمان
شوێنەوارێکمان جێنەهێشت لەسەر کێڵگەی
ئەم بارانە
شەتڵێک گۆرانیمان نەچاند
کەپرێکمان نەکرد بە نسێی ئەم سووتانە
تەلبەندێک بە پاسەوان و
هاودەمی ئەم گۆڕستانە.
چۆن بەم سووتانە رازی بووین؟
لە دوای خۆمان
هاوارێکمان لەسەر لوتکە نەکرد بە ئاڵا و نیشانە
مانگ بە شایەتی زەمانە
چۆن بەم کوژرانە رازی بووین؟
چۆن بەم سووتانە رازی بووین؟"[2]

هەواڵنامەی کتێب

لەیلام لە وێرانەی ڕۆحدا شەتڵەکان
ئاوڕشێن دەکا
تەمی سەر پەنجەرەی دڵ و
ترسی سەر رووم دەسڕێتەوە
تەمەن بە گڕ پەرژین دەکات.
تۆ هەر سەرداری ئەم ڕۆحە داگیرساوەیت
بەستەی ئەم گەرووە نووساوەیت
تۆ هەر خەونە لاسارەکەی ئەم شاعیرە
راونراوەیت
تۆ هەر سەرداری ئەم ڕۆحە هەڵواسراوەیت.

وەکو ئەسپێکی باڵگرتوو بە وڵاتێکدا رادەکەین
کە وڵاتی ئێمە نییە
لە نێوانی دوو لوتکەدا
هەورێک دەکەین بە جۆلانە
تاوڵێکی بێ ئەستووندو خاک
ئەشکەوتێک، پەنا دەوەنێک بە هێلانە.
وەکو ئەسپێکی باڵگرتوو لەبەر باراندا رادەکەین!
بۆ کوێت بەرم سێوەخانێ؟
بە شەوی باو بۆرانێ
ناگەمەوە کوردستانێ!

هەواڵنامەی کتێب

لە کوێرا تێهەڵچینەوە؟
چەند جاری دی
داستانی جوانەمەرگیمان بچڕینەوە؟
تا ئاسمان لە نیگاو پێستمان
خوێن لە لۆکە
پەت لە گەردن
تەم لە لوتکە
چەقۆ لە زام بکەینەوە!

چەند جاری دی؟
بە بروسکەدا سەرکەوین
بە سووتاندا بێینە خوارێ
باڵامان لەسەر دارەبەن هەڵکۆڵین و
گەروومان لە سەر هاوارێ!
چەند جاری دی؟
لە کەرنەڤاڵی هەرەسدا رابینەوە.
بە سەر رێگای سەربڕیندا بچینەوە!
چەند جاری دی؟

هەوڵنامەی کتێب

کە چووینە ژێر ئەم کەپرەوە
هێشتا مێژوو سەرابێک بوو
ئاشقانی خۆی ون دەکرد.
کە چووینە ناو ئەو هەورەوە
هێشتا مێژوو بارانێک بوو
بەسەر زۆنگاودا دەباری
یان نۆکەرێکی خەسیو بوو
گەمەی لەگەڵ لەشولاری شاژن دەکرد.
هێشتا مێژوو جەنگەڵێک بوو .......
..............................................
..............................................
هێشتا مێژوو چڵکی دەست بوو
مێژوو بیژووی سیاسەت بوو
هێشتا مێژوو.

هەولێرنامەی کتێب

لە پاڵ ئەم هەڵەموتەدا
بەسەر کرێوە و زناردا هەنگاو دەنێم
لە سەر لە پێ دەستەکانم نهێنی خۆی دەکاتەوە
بروسکەیەک تەڕم دەکات
دەمکات بەنسێی بیابان
ڕەشبگیری هەڵمدەبڕێت
بە زەبری شەق دەمکات بە چەتە
گۆڕهەڵکەن
ڕێگر
حوشترخۆرکە
زێوان
یاخی
کەنناس
ئاژاوەچی
تورکی کێوی
حەمباڵ
پیاوکوژ
گورگ... هتد
دەمکات بە هاوجووتی تاوان!

هەواڵنامەی کتێب

– ئەمانە کێن بەم ناوەختە
خەو  لە چاوی ئاوایی و منداڵان دەدزن
+ (بەربەریستانن بۆ دوانوێژ خڕبوونەوە
بـــەدووەکانن بـــە زەبـــری شمشـــێر خزاونـــە ئاوایییەوە)"[3]
– ئەمانە چین؟ کام دڕندە و جانەوەرن
کۆرپـە لـە ئـامێزی دایـکو مـاچ لـە لێـوی دڵـدار دەدزن؟
+ شرەخۆر و
شاقەل شۆڕ و
تەپلەسوور و
قەرەپەپاخن سەرلەنوێ
بە قەڵغان و شمشێرەوە بەر دەرگەیان
پێ گرتووین و
بۆ باج
زەکات
تاڵان
هاتوونەوە.
بەدوەکانن شاکچانمان زەوت دەکەن
بەربەریستانن بۆ دوانوێژ خڕ بوونەوە.

ڕەهێڵە ڕوخساری کاڵم دەسڕێتەوە
هاڵاوی خوێن هەڵمدەگرێت
نیگام دەچنێتەوە.
لە بناری سووتان و بێئارامییدا
سەر بە لقی گڕ دەکەم و
خۆم بە تەرزە دادەپۆشم.
بۆ تا ئێستاش
ئایندە و سەروەری خۆتان لە هەڵواسینما دەبینن؟
بۆ تا ئێستاش
شارستانی و مێژووی خۆتان لە دیلییەتیما دەبینن؟
بۆ تائێستاش؟

لە کوێڕا تێهەڵچینەوە؟
چەند جاری دی
داستانی جوانەمەگیمان بچڕینەوە؟
چەند جاری دی
لە کوژراندا رابینەوە؟
تا شوێنەواری ونبوون و
شوێنەواری بەربەریستان بسڕینەوە.
لە کوێڕا دەستپێکەینەوە؟

ئێوارە بوو
کاتێک هاتین ئەم زەمانە
لە جەنگەڵدا داگیرسابوو
بە سەر کێل و منارەدا هەڵواسرابوو
کاتێک هاتین ئەم زەمانە
قامچی دەستی زۆرداران بوو
کاڵای بازاڕی سەرمایە و
دەستکەلای دەستی تاوان بوو
کاتێک هاتین
ئێوارە بوو.

هەواڵنامەی کتێب

له بیابانێکی تەنگدا سەرابێک پەلکێشی کردم
جۆگەلەی لم رژایە ناخی دڵمەوە
تینوویێتی داگیری کردم.
– کاکە چەکەکە لە شان کە!
– کاکە بروسکە لە شان کە!

ئاوازێک لەو بنارەرا بە هێمنی بەسەر رۆحدا دێتە خوارێ. ئاوازێک چرچولۆچی روخسارم پڕ دەکاتەوە. مووە سپییەکانی سەرم سەرلەنوێ رەش دەکاتەوە. دەمکات بە ئاشق، بە منداڵ لە باوەشی ونبووی دایکما، تاوێک گەرمم دەکاتەوە.

که لەدایک بوو
دایە رووتێتیی کردە بەر کۆرپەی
مەمکی برسێتیی خستە دەم کۆرپەی.
بە سەرپێیان کەوت
دایە پێخاوسیی کردە پێی کۆرپەی.

لە شەودا مەوداکان دەنوون
سنوورەکان دەتوێنەوە.
لەپاڵ ئەم هەڵەموتەدا
بەسەر مەرگ و تەرمی خۆمدا هەنگاو دەنێم
ئەستێرەیەک دەچنەمەوە
لە نێو دڵدا پەنای دەدەم.
لە کەرنەڤاڵی سووتاندا
ڕێژنە هەڵمدەکاتەوە
مەنفام لەبیر دەباتەوە
بەرەو بەردەقارەمان و
سلێمانی و
مەهاباد و
گۆمی وان و
کەلاوەکانی قەڵادزێم دەباتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

ڕێژنە هەڵمدەکاتەوە
قۆڵەکانم دەکات بە کەپری تووڕەیی
بە بروسکە دەمشواتەوە.
کاکە چەکەکەت لە شان کە!
مێـژوو، شارسـتانی جەنگـەڵ، ئیمپریـالیزم، بیابـان،
تۆرانیزم، عرووبە،
پـانئێرانیزم، سـنوور، پـۆلیس، پتـرۆدۆلار، زەمانـە
گوللەباران کە!
کاکە چەکەکەت لە شان کە!
لە جەنگەڵدا
بە خوێن مەسلەتی خوێن دەکرێت
کاکە چەکەکەت لە شان کە!
لە جەنگەڵدا
بە زەبری چەک، مەچەک
بە لۆجیکی جەنگەڵ هەق دەستێندرێت
کاکە چەکەکەت...
کاکە!

هەواڵنامەی کتێب

# V

لەم هەرێمە بەردینەدا
بەسەر کەلاوەی مێژوودا هەنگاو دەنێت
داربەڕوو دەکات بە زرێ
وەک بروسکە لانکەی گەردوون رادەژێنێت
وێنەی هەور و پۆلە گزنگ سنوورەکان
دەسڕێتەوە
مەودا و دوندەکان دەتەنێت.

داربەڕوو دەکات بە زرێ
بۆ نەوەکان
لاوکی یاخیبوون دەچڕێ.

# VI

پەڵەهەورێک بەسەر ئەم خاکەسوورەدا تێدەپەڕێت.
من روخسارم بە شەپۆلێک دادەپۆشم. خەو بە
وڵاتێکەوە دەبینم
کە وەک رنوو هەرەس دێنێت.
سەرم دەخەمە نێوانی دوو رەگی تینوو
تا چەپکێ نهێنی بچنمەوە.
چۆن بە بێ تۆ بەم کۆچکردنە رازی بووم؟
ئەم بروسکە وێڵ و شێتە لە کوێڕا هات،
شڕەلێفەی تاریکیی لەسەر هەڵگرتین
لەبەرچاوی دۆست و دوژمن
ریسوای کردین!

هەواڵنامەی کتێب

لەم بنارە چڕەدا، بەسەر مەرگی خۆمدا دەڕۆم.
ئاگرێک لەسەر باڵای باران دەکەمەوە،
تا خەو لە چاوی هەقیقەت و گەردوون بدزم.
منداڵانی رووتە و پێخواس بە توولەڕێیەکەی
ئەوبەردا هەڵدەگەڕێن ((ئەی رەقیب)) و
سروودی ئینتەرناسیۆنال دەڵێنەوە.
لەم بنارە چڕەدا هەنگاو دەنێم. بە بازووی
روشاوم ئاسۆی خۆڵاوی و ژێردەستە دادەپۆشم،
تا ئاڵاکەم وەکو بەیان لەسەر لوتکەی خۆڵەمێش و
وەکو ئاشتی لەسەر کەلاوەی مێژوو
هەڵکەم.

هەواڵنامەی کتێب

لە کوێرا تێهەڵچینەوە؟
چەند داستانی جوانەمەرگی و
چەند لاوکی سوورمان چڕی
سنوورێکمان لە نێوان ترس و خەوندا
نەسڕییەوە!
چەند هەرەس و
دەستڕێژ و
لوتکەمان بڕی
جیاوازیمان لە نێوان تۆڕ و ماسیدا
لە نێوان پەت و گەردندا
نەدۆزییەوە!

هەواڵنامەی کتێب

لەپاڵ سەرمای بنارێکدا سەر بە نەرمەبەردێک دەکەین، وەک داربەڕووی دنیادیدە، خۆمان بە دامەنی مژ و بە چنگەگەرد دادەپۆشین.
دەمانەوێت کەژاوە بۆ وڵاتێک ساز بکەین،
کە لە مەنفادا وەک رنوو هەرەس دێنێت.
دەمانەوێت نهێنییەک زین بکەین،
کە دەمانکات بە پۆلەگەردێکی تینوو لە گەردووندا دەمانچێنێت.
دەمانەوێت مانایەک بە ژیان و داهاتوو
ببەخشین...
دەمانەوێت... دەمانەوێت

هەواڵنامەی کتێب

کەچی لە پڕ دێن و گەمارۆمان دەدەن،
شەوەکەمان بەشی
خەوبینینێک ناکات.
سەرلەنوێ برینەکانمان دەکەنەوە بە نیشانە...
سەرلەنوێ بە خوێنی کاڵمان،
رووبار دەشۆنەوە!
گیانە
ئەمە چ زەمان و جەنگەڵێکە؟
گیانە
ئەمە چ سەگوەڕ و سەردەمێکە؟

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

ئێمە چیمان لە زەماوەندی جەجاڵ و گورگ داوە؟
بۆچی لەم کاروانسەرایە
رەشماڵی زاممان هەڵداوە؟
هەموویان سەروەریی خۆیان
لە هەڵواسینما دەبینن.
هەموویان سێرەم لێدەگرن
بوونی خۆیان
لە نەبوونمدا دەبینن.

هۆ لاۆ... لاۆ.. هۆ لاۆ!
چۆن بەرگەی ئەم وەرزە دەگریت؟
تاکەی بەکپی، تاوێری برینەکانت هەڵدەگریت؟
تاکەی لە رووی کارەسات و
دیلی و
گلانی مێژوودا
هەڵیان دەبڕیت؟
گەر برینەکانت تابلۆن
بۆ لە چوارچێوەیان ناگریت؟
ئەگەر ئەسپن
لغاویان کە!
گەر شازادەن
شۆڕەسواریان پێ ئاشنا کە
ئەگەر هەورن، یان ساماڵن
ئاسمانێکیان بۆ پەیدا کە
گەر خەرمانن یان رەشماڵن
بستێ خاکیان بۆ ئازاد کە
هۆ لاۆ
لاۆ
هۆ لاۆ!

هەواڵنامەی کتێب

ئەوێ شەوێ بە شەکەتی لە شارەوە گەڕاینەوە.
کڕێوە ڕێی لێ ونکردین، برسێتی بەرەو بنارێک هەڵی گرتین.
بە قۆنداخی چەکەکانمان، بە پاژنەپێی قوڕاویمان دەرگای کەوێلێکمان کوتا. مندالێکی رووتە و پێخاوس، قژهەنگوینی دەرگاکەی لێ کردینەوە و قیژاندی
- پیاوکوژینە!
ئێوە نەبوون بابو کوشتم؟
لەسەرچی بوو
بابو کوشتم
پیاوکوژینە؟

هەواڵنامەی کتێب

منداڵێکی سوورەی چاوشین، قژهەنگوینی،
نەیناسین و دەری کردین
بەدەم هەنسکی ژانەوە، چەند جنێوێکی پێداین
چنگەتفێکی تێگرتین.
منداڵێکی سوورەی چاوشین، رووتە و پێخاوس
نەمانزانی
کوڕی کام کەڵەپێشمەرگەی جوانەمەرگ بوو
نەمانزانی
بۆچی باوکیمان کوشتبوو؟
بەڵام بە راست ئێمە باوکیمان کوشتبوو؟
بۆچی باوکیمان کوشتبوو؟!

کێ ئەم گرێی لە نێو رۆحمدا کردەوە؟
کێ بە خوێنم بنارەکانی شوشتەوە؟
خەونە کاڵەکانمی دزی و
زامەکانمی بە نیشانە داکردەوە؟
کێ بە خوێنم بنارەکانی شوشتەوە؟

هۆ پەڵەهەوری لای بنار!
هۆ تینوویێتی و لوتکە و رووبار!
ئەمشەو پۆلێک تەرمی بێناز میوانتانن
ئێشکچی خەونەکانیان بن
رێگا نەدەن جارێکی دی
بەبەریستان زامەکانیان بکولێننەوە
تا بە تەنیا جێ نەمێنن
بەرەبەیان، توخوا خوناوڕشێنیان کەن!
بە پەلکەزێڕینە و گزنگ دایانپۆشن.
هۆ چۆلەکە و لوتکە و هاوار!
هۆ تینوویێتی و لم و زنار
ئێوە پیاوکوژان دەناسن
تەنیا ئێوەن
بە شایەتی مێژوو دەشێن
ئێوەن پیاوکوژان دەناسن.

هەواڵنامەی کتێب

ئێمە چیمان لە زەماوەندی جەجاڵ و گورگ داوە؟
بۆچی لەم کاروانسەرایە
رەشماڵی زاممان هەڵداوە؟
گیانە بۆچی
خەنە بۆ پرچی رشکاوی بگرینەوە؟
گیانە دیسان
بەسەر رێگای پشکۆ و میندا دەچینەوە.
چۆن نازانی؟
(لە کن ئەم دێمییە وشکانە لە دەریا نییە باس.)
چۆن نازانی؟
(لە کن ئەم کۆلکەسۆفییانە لە ئایندە نییە باس.)"4"

هەواڵنامەی کتێب

دە لاۆ... لاۆ.. دە لاۆ!
چەند سەدەیە خۆیان لە کەوڵی مەڕ ناوە؟
چەند سەدەیە بە ماکیاج،
دەمامک و
تارا
روخساری خۆیان سواخ داوە؟
چەند سەدەیە؟ کولەشمشێر و
خەنجەر و قینی خۆیان
لە ژێر تاجەگوڵینەدا حەشار داوە.

هەوالنامەی کتێب

دە لاۆ.. لا وۆ.. دە لاوۆ
تاکەی بە کپی خەرمانی ئەم ئازارانە هەڵدەگریت؟
چەند جاری دی
لە رووی مەرگ و
ئاژاوە و
وەرزی جەنگەڵدا
برینەکانت هەڵدەبڕیت؟

هۆ لاۆ.. لاۆ.. هۆ لاۆ
تادێ مەنفا بەرین و بەرینتر دەبێت
تادێ ئەڤین مەحاڵ و مەحاڵتر دەبێت
تادێ برین قووڵ و
قووڵ و
قووڵتر دەبێت!

هەواڵنامەی کتێب

نیشتمانم
لە کوێڕا تێهەڵچینەوە؟
چەند جاری دی
باڵامان لەسەر شەپۆلان هەڵکۆڵین
گەرووومان لە سەر هاوارێ؟
چەند جاری دی
بە بروسکەدا سەرکەوین
بە سووتاندا بێینە خوارێ؟

# VII

به سەر شانی بروسکەدا سەردەکەوم
لە دیاردەکان ورد دەبمەوە،
سەرم بە زریان دەسپێرم
لە پاڵ دوورترین دوندەوە
ڕۆژەکانم وێنەی تاوێرێکی تۆقیو
بەرەو بناری داهاتوو هەڵدەدێرم.

به سەر شانی دارستاندا سەردەکەوم
سەرم بە شمشێر دەسپێرم
بەنێو لێڵایی گومان و هەورێکی لەنگەرگرتوودا
ڕۆحی سرک و بێسێبەرم
بەرەو دۆڵی بێکۆتایی هەڵدەدێرم.

هەواڵنامەی کتێب

# VIII

سەر بە سنگی قوپاوم کە!
با هەناسەیەکی پاک و قووڵ هەڵکێشم
من دەمەوێت
لە نێو خەونی وەنەوشەیی و ئاڵی تۆدا
تابلۆی وڵات بە رەنگی ئاوی بکێشم.

سەر بە رۆحی هەستاوم کە!
تا بتبینم
تا بۆ ساتێک ، لە نێو خەونی منداڵانە و کاڵی تۆدا
وڵات لە ئامێز بگرم و
لانکەی ئایندە راژێنم
دەستی توورەم
لە رووی سەردەمدا هەڵببرم ،
خۆم بە بروسکە بچوێنم.

هەواڵنامەی کتێب

گیانە ئەمشەو تا بەیانی دەرگای رۆحم
لەسەر پشتە
با گشت زۆردارانی مێژوو تەراتێنی تێدا بکەن
با سەگەبەڕەڵا و باڵندە بێلانەکانیش لەنێویدا
ئارام بگرن.
لەم شەوەدا زۆرداران و گەرد و مژی سەدەکان
خۆیان بەرەو بناری رۆحم دەکوتن و
لەوێ دەحەسێنەوە.
دەزانم بەرەبەیان وەکو پیاڵەی مەیخانە
وێنەی رەبییەیەکی تەپیو، بە تەنیا جێی دەهێڵن.
دەزانم هەر تۆ سەرداری ئەم رۆحە داگیرساوەی
بەستەی ئەم گەرووە نووساوەی
هەمان خەونە لاسارەکەی
ئەم شاعیرە راونراوەی.

هەواڵنامەی کتێب

لەو هەورازە مردن وەک سوارێکی رەشپۆش شۆڕ دەبێتەوە، وەک پۆلێک تەم لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەم هەڵدەنیشێت و شەوباشم لێ دەکات.
من خۆمی لێ نەناس دەکەم.
هێشتا گۆرانییەکەم تەواو نەکردووە... چاوانی لەیلام نەکردۆتە خەو ...
هێشتا وەڵامی نامەی دۆستانم نەنووسیوە.
دەزانم مێژوو جەنگەڵە، یان تەویلەی زۆردارانە کەچی ئەمشەو جارێکی دی بروسکە زین دەکەم و هەڵتدەگرم.

هەواڵنامەی کیبر

هەواڵنامەی کتێب

جارێکی‌دی داربەڕوو دەکەمەوە زرێ.

بە بازووی پرۆلیتاریانەم ئاسۆی خۆڵاوی و ژێردەستە دادەپۆشم، ئاڵاکەم وەک بەیان لەسەر لوتکەی خۆڵەمێش، وەک ئاشتی لەسەر کەلاوەی مێژوو هەڵدەکەم. وەرزێک دەکەمە نۆماڵ کە زەیستانە.

لە ناکاو بروسکەیەک تەرم دەکات،
لە ئاسمانی وەنەوشەییڕا
بە سووتاندا
دێمە خوارێ!

تــەنیا ڕێکــەوتێکی ڕووت بــوو، کــە بــە دەســتی
پێشمەرگەیەکی ڕووتەڵەی شیعرپەروەر
شەهید نەکرام.
تەنیا ڕێکەوتێکی ڕووت بوو، کە تۆ
وەک گوللەیەکی وێڵ
لەنێو دڵمدا گیرسایەوە
تەنیا ڕێکەوتێکی ڕووت بوو...
دەزانم
گیانە !
دەزانم
ئەم هەوارە (هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ.)"[5]"
دەزانم گیانە! دەزانم
ئەم زەمانە، زەمانێکی چ بێ ئامانە بێ تۆ!

هەواڵنامەی کتێب

دەزانم
گیانە!
دەزانم
دوو دڵداری بێ وڵاتین
چەپەری چەقۆ دەبڕین
دوو دڵداری یاخی و لاتین
لاوکی مەحاڵ دەچڕین
دوو دڵداری ڕۆژهەڵاتین
ئاڵای برین هەڵدەبڕین
سەر بە جەنگەڵ دەکەین و
ئێشک لە گەردوون دەگرین
دوو دڵداری بێ وڵاتین
دوو دڵداری ڕۆژهەڵاتیین!

هەواڵنامەی کتێب

با ئەم هەورانە ڕەتبن و دەنکە لمێکی سووتاوی
کەناری دڵم تەڕ نەکەن.
با جاش و بیژووی هەرەس و فڕۆکە هارەکان،
ماچی لێومان بدزن و بە تەنیا لە پاڵ کەلاوەکەدا
جێ بمێنم.
دەزانم کە ئەم شانۆیە – لە ناکاو– خۆی پێچایەوە
دەبێت شووشەی بۆش کۆ بکەمەوە... دەبێت ئەم
ناوە خاوێن بکەمەوە...
یان دەبێت بە دەستی لەرزۆکم
ملم بەرەو پەتەکە هەڵببڕم،
خەنجەرەکە لەنێو دڵمدا نوقم بکەم و
جارێکی دی لاوکی
جوانەمەرگیم بچڕمەوە.

هەواڵنامەی کتێب

تۆیش (مادۆنا) رەشپۆشـەکەم بە تـەنیا گالیسکەی
نەبوون رادەکێشیت،
جوانەمەرگیم بە فرمێسکان دەشۆیتەوە
ژیان لە خم هەڵدەکێشیت...
دەزانم.... گیانە.... دەزانم
بەڵام خوشم دەوێیت.
دەزانم
گیانە!
دەزانم
بەڵام............

هەواڵنامەی کتێب

ئەمشەو هاتووم لەپاڵ پشکۆی بەر باراندا
بۆ دیدەی پیرۆزەییت گۆرانیی لاساری دەچڕم
لەنێو سەگوەڕ و تاواندا
بۆ بەرۆکت چەپکێک ئەستێرە دادەگرم
لە سەر تاوێری تینووێتی
روخساری خۆم هەڵدەکۆڵم
رێ بە رێژنە و لافاو دەگرم.

بە نێو ئاژاوەو سەگوەڕدا
بەرەو لات دێم
چەپکێک ئەستێرە دادەگرم.
سەرم دەکەم بە کەژاوەی نهێنییەکان
ئاڵای بروسکە هەڵدەبڕم.
لە بیابانی سەهۆڵدا
لە نێوان هاژە و شەپۆلدا
چرایەک بە بەژنی – با– دا هەڵدەواسم
لەگەڵ تۆ
رێی نەهات دەبڕم

هەواڵنامەی کتێب

جارێکی دی
مەنفا ئاشقی کردەوە.
جارێکی دی
ئەڤین منداڵی کردەوە.
لە تاریکی سەدەکاندا
نهێنی هەڵی گرتەوە،
لە نێوان کانی و سەرابدا
چرای گومان و مەحاڵی هەڵکردەوە
بە باڵای تیشکدا هەڵگەڕا و
ڕۆحی تینووی بە ڕێژنەی ئاگر شوشتەوە

جارێکی دی
ئەڤین منداڵی کردەوە
سەری بە سنگی دەریا کرد
قۆڵەکانی بەسەر ئایندە و مێژوودا
شۆڕکردەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# سووتان لە بەر باراندا

1985

کتێبخانەی ئەوالنامە

هەواڵنامەی کتێب

# I

# گۆرانیی ڕۆح

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# تەنیا نەبووم

تەنیا نەبووم
شەو تەرمێک بوو لە پەنامدا راکشا بوو
کات تەمومژ و ناڵە بوو
وڵات چنگێک گەردی دەم – با–
لە باڵای رۆحم ئاڵا بوو.

هەواڵنامەی کتێب

تەنیا نەبووم
ئاگرێک بووم و
نهێنی دەیکردمەوە
کتێبێک بووم
قووڵیی دەریا دەیخوێندمەوە.

# گۆرانیی رۆح

## I

نیوەشەوە،
دەبمە ئاشنای رووبارێکی سەرهەڵگرتوو
دەبمە ئاسۆی کاروانێکی بەر رەهێڵە و
رێ ونکردوو
دەبمە هەورێکی کۆچەری و
خاکێکی لە خوێندا ونبوو.
نیوەشەوە و
لە بولێڵی وەرزەکاندا
رۆحم تەم و پروشەیە رووی بنارەکان دەتەنێت
رۆحم بایەکی تووڕەیە بەر تاوێرەکان دەکەوێت
رووبارەکان رادەژەنێت.
نیوەشەوە ،
رۆحی شەیدام ئەسپێکی باڵئاگرینە و هەڵمدەگرێت
لە جیهانێکی نامۆدا لەنگەر دەگرێت.

کەوالنامەی کتێب

بەم نیوەشەوە... ئەی رۆحی لاسار
رۆحی سەرەڕۆ و لە مەدار دەرچووم
چیم بەسەر دێنیت؟
لە تاریکایی کام دیلەوەرزا دامدەگیرسێنیت؟
بەم نیوەشەوە بەرەو کوێم دەبەیت
بە چیم دەچوێنیت؟

تەمێکی چڕ هات دایپۆشیم و چوو
لە بیابانی رۆحمدا ون بوو
ئەی ئەو یەقینەی ماسکی وڵات و دوندت پۆشیوە
بە خۆتم بگرە
تا لە هەژان و هەستانی رۆحدا فەرامۆشت کەم
بۆ ساتێکیش بێت
سەرم لە شەختە و ژیلەمۆ بگرە.

## II

تۆی هەڵۆی شەیدای دوندە عاسێکان،
هەڵۆی بەرزەفڕ
سەدان شەو لەپاڵ زوقمی کوێستاندا
لەپاڵ گەوڕدا
وێنەی گورگێکی زامدار و برسی رۆژت کردەوە
بە شەونخوونی و
خەون و
گۆرانی
رۆحی تەزیوت گەرم کردەوە

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

باوەشی تینووت بۆ وەرزی خۆڵ و
داهاتووی لێڵ و
لوتکە گرتەوە.
کەچی لوتکەی خەون، دوندی ئاشقکوژ
لەنێو شەختەدا سڕ و تەزیوە
دەڵێی خەنجەرە و لە ڕۆح چەقیوە.
ئەی دوندی خەونە کاڵەکان!
دوندی سێبەرە سەوزەکان
تاکەی هەڵوەدامان دەکەیت؟
چەند جار ئاوارەمان دەکەیت؟

## III

بەم نیوەشەوە رۆحی وروژاو
بەرەو کوێم دەبەیت؟
لە کام تەلاندا بەجێم دەهێڵیت
رووەو کام سەراب هەتەرم دەکەیت؟
لە داگەڕاندا
بە کام کێلەبەرد دەگیرسێیتەوە
لەپاڵ کام نسێ و
خۆزگە و
دەوەندا
دەحەسێیتەوە؟

هەواڵنامەی کتێب

تەمێکی چڕ هات داپپۆشیم و چوو
لە بیابانی رۆحمدا ونبوو
لە رووی هەرەسی ئەم وەرزانەدا
سەری ناو پۆلووت، سەری بەر تەرزەت
بخە سەر سنگم
لە دارستانی زوقما هەڵمکە و
ببە بە هاوڕێ و
شایەتی مەرگم.

هەواڵنامەی کتێب

# IV

نیوەشەوە و هێشتا رۆحم هەڵۆیەکی کوێستانییە
نوقمی ئەشق و
سەرەڕۆیی و
گۆرانییە.
رۆحی سەدجار هەڵواسراوم
هێشتا هەر کوردستانییە
شەیدای ئاشتی و
دوندی دوور و
برایەتی و
یەکسانییە.
رۆحی لە مەدار یاخی بووم
لە کەلاوەی وەرزەکاندا گولووکی ئاوەدانییە.

# چاوڕوانی

هەواڵنامەی کتێب

تا چاو بڕکات بەستەڵەکە، تاریکییە
زوقم و
تەم و
مەترسییە
تا چاو بڕکات تەنیاییە
گەردوون نوقمی غەریبییە.

ئەی دژواری!
ئەمشەو لە کام دەروازەوە
لە کام درز و کام ڕۆژنەوە
وەک پرۆشەی دەم گەردەلوول خۆت خزاندە
نێو ڕۆحمەوە؟

من دەزانم
چ برینێک باڵای ئەم وەرزەی تەنیوە!
من دەزانم
چۆن تینوویێتی سۆمایی چاوان دادێنێت،
چ تاوانێک ئەم هەرێمەی داپۆشیوە.
کەچی ئەمشەو
دەستم لەم دارە بەفرینە ناکەمەوە.
ئەمشەو دەڵێی ئێشک لە سەربەستی دەگرم
دەڵێی هۆنراوە دەنووسم.
یان دەڵێی لە غەریبیمدا چاوەڕوانم
نیشتمانم
بێتە ژوانم.

هەموو کتێب

## شەوانی چاوەڕوانی

لە بەردەمی دەروازەیەکی داخراودا
لە کۆڵانی غەریبیدا چاوەڕێتم
چاوەڕوانیم هاوارێکە
لە گەروویەکی خنکاودا داگیرساوە
تەمێکە گەردوون دەتەنێت
تینوێتییە بە سەرابەوە نووساوە.

گیانە دەشێت لەم شەوە بێ ئەستێرەدا
پێش بە ئاسۆی ونبوون بگریت
یان لە درزی ئاوێنەوە
پرچی باران دابهێنیت

هەواڵنامەی کتێب

کەچی باران چنگێک دوکەڵی ناو بایە
بە نێوانی هاوار و پیڵودا دەڕوات.
باران خۆڵە
باران سەرابێکی زەردە شپرزەیی و
ماندووبوونمان بۆ دەهێنێت.
کام سەربەستی؟
کام گۆرانی
تیشک
هیوا
خۆشەویستی
لەژێر زوقمی بەستەڵەکدا چاو هەڵدێنێت؟

لەبەردەمی دەروازەیەکی داخراودا
لەپاڵ هەورێکی گەڕۆکدا باوەشت بۆ دەگرمەوە
تا بتوانم
لەنێو تاوێری مەحاڵدا ئارام بگرم
تا بتوانم
بە نێو وەرزی خۆڵ و ژاندا
گۆڕە ونەکەم هەڵبگرم.

هەواڵنامەی کتێب

## بەڕێکردن

هەواڵنامەی کتێب

بە سەر پردی خۆڵ و دوکەڵدا دەڕۆم
تەرمەکەم ناوەتە کۆڵم
لەنێو بادا ، لەنێو تیشکدا
گۆڕەکەی خۆم هەڵدەکۆڵم!

بە سەر تەمەندا ڕێ دەکەم
ساتە وشک و خۆڵاوییەکان
لەگەڵ بادا بەڕێ دەکەم.

## وەرزی خۆڵ

باشە ئەمشەو نایەمە لات!
لەنێو شەپۆلێکدا دەنووم
شۆستەی سەرماو
تەنیایی دەکەم بە وڵات.

ئەمشەو رۆحم کەنارێکی چۆڵ کراوە
باران روخساری مردووویە ،
گەردوون تەمە و
شەپۆلی دەریاش نیازم.

وا ئەمشەویش نایەمە لات
لە پشت مەداری کاتەوە
وەرزی خۆڵ دەکەم بە وڵات.

هەواڵنامەی کتێب

# تۆ

بە سەر ڕۆحمدا هەنگاو هەڵبێنە
کە ئاسۆ خەو بێت
کات زەردەگەڵا و
باران سەراب بێت
تۆ بمهەژێنە.

تۆ دارستانی بارانیت
تەم و گەردی ڕووی داهاتووم دەسڕییەوە
بە خەون و خاکم دەچوێنیت
نهێنی بوون
نهێنی مردن و گەردوون
لەنێو دەفتەری ڕۆحمدا دەنووسییەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# روخسارت

روخسارت وەک ئاسۆ دەنوێنێت
روخسارت وەک سەراب و ونبوون
وەک دەریا دەنوێنێت
روخسارت شەپۆلی هەتاوە
وێنەی گەرد لە کێڵگەی گەردووندا
دەمچێنێت!

روخسارت دووڕیانی مردن و مردنە
نەء گیانە
دووڕیانی مردن و ژیانە
لە بەردەم نهێنی و
سەرسامی و
سووتاندا رامدەگرێت
بە شێتم دەچوێنێت.

هەواڵنامەی کتێب

## به چیت بچوێنم؟

هەواڵنامەی کتێب

به چیت بچوێنم؟
به ئاسۆی باران؟
به ماندووبوون و
خەون و
تینوویێتی
یان به دارستان؟

هەواڵنامەی کتێب

به چیت بچوێنم؟
به پۆلێک هەتاو؟
به وڵاتێکی له خوێندا گلاو؟
یان به گۆرانی
به هەناسەدان،
هەرەس و
لافاو؟

تۆ له بوون دەچیت، به چیت نەچوێنم!
له نەبوون دەچیت، به چیت بچوێنم!

# رابوون

وەک پۆلە گەردێک
دەفتەری هەتاو دەخوێنیتەوە
وەک بوومەلەرزە،
ڕەنگی سنوور و مەودا تەڵخەکان
ڕەش دەکەیتەوە

تۆ لە بروسکەیت، یان نەژادی ئاو؟
سێبەری خەونیت، یان کانی هەتاو؟

لە سەربڕیندا،
وەک گولووکی گڕ رادەبیتەوە
سەرلەنوێ مێژوو -بە قەڵەمی درشت-
دەنووسیتەوە
وەرزەبەفرینە بەرەو ئایندە دەگوازیتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# گۆرانییەک

هەواڵنامەی کتێب

دیسان وەرزەکان بەرەو کوێ دەبەیت؟
لەنێو تونێلی شەختە و ونبووندا
چۆن سەر دەردەکەیت؟
مەوداکان خۆڵن
نێوانی رۆژ و شەوەکان خۆڵە
دەی ئەم وەرزانە چۆن دەرباز دەکەیت؟
کەی
ئەم وەرزانە
سەرفراز دەکەیت؟

# تەمەنی دوور

بۆ گۆران

هەواڵنامەی کتێب

**بەسەر شیعرا کەسێ زاڵە سەربەست بێ**
**بەڕەڵا بێ، بە ئارەقی عیشق مەست بێ**

گۆران

هەواڵنامەی کتێب

# 1

## شێتی جوانی

هەواڵنامەی کتێب

نیوەشەوان بە تەنیا
ڕێگا چۆڵەکان دەگرێت
سەر بەنێو تاریکایی و
تەم و ونبووندا دەکات
بەسەر سەرما و باراندا
بەسەر چاڵی بێ بندا
بەسەر مەرگدا باز دەدات
تا شەکەت و کاس دەبێت
دەڕوا و لە دڵی خۆیدا گۆرانی دەڵێتەوە

گڕی هەناوی سڕی تاوێک ناکوژێتەوە.
کەچی کە جوانیی بینی
وەکو منداڵ، وەکو شێت
کۆشی بۆ دەگرێتەوە
لە ناخی تێڕامان و
خەیاڵدا نوقم دەبێت
گۆرانی و ماندووبوون و
خۆیشی بیردەچێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

2

## گیانی شپرزە

هەواڵنامەی کتێب

شــاعیر پەنجــەرەی دڵــی خــۆی لــە رووی (بــا)دا
دەکردەوە
دەیپرسی بۆ شیعر خەونی منداڵێکی بێ لانکەیە؟
لقەهەتاوی نێو ئاوە
نیشتمانی عاشقێکی ئاوارەیە؟

بۆچی شیعر لە خەونیشدا بانگم دەکات؟
تەنکەخەمێکە و
گەمارۆی گیانم دەدات
کەچی گیانی بێ ئامانم
تەمومژی گوێ دارستانێکی چڕە
ئاوابوونی وەرزی بەستەڵەک و گڕە
لە زەردەئاسۆی خۆڵەوە
بە شوێن شیعرا
بازدەداتە نێو جیهانێکی چۆڵەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# 3

## دڵی شاعیر

### I

هەواڵنامەی کتێب

هێشتا دڵە ناسۆرەکەم
هاڵاوی خۆشەویستییە
نهێنییە وەرزەکانی داپۆشیوە
روخساری مێژووی تەنیوە
وەکو کێڵە تیشکی تینوو
لە خاکێکی بێ ئاسماندا
لە رووبار و
تاوێر و
پشکۆ چەقیوە.

هەواڵنامەی کتێب

# II

شاعیر هاڵاوی ئازارەکانی لە شیعر دەگرێت
بە جەللادانی ژوور سەری دەڵێت
سەرم دابگرن
دڵم گۆرانی و
رووباری عەشقی لێوە هەڵدەقوڵێت
(دەستی زۆردار سەد سەر ئەکا ناگاتە دڵێ)*

# II

# چرای گۆڕستان

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## تەنیا نییە

تەنیا نییە
لە پاڵ برسێتی و تاوێردا
لە نێوان زوقم و هەڵدێردا
هەرێمێکی بۆ دڵداری بنیاتناوە
لە سێبەری نامۆییدا
چەپکێک خەون و تینوێتییە داگیرساوە.

تەنیا نییە
لەنێو هەڵمی وەرزەکاندا
تەرمی خۆی بە کۆڵدا داوە
لافاوێکە و لە یاخیبووندا هەستاوە
بۆ سەربەستی
نیشتمانێکی لە نەبوون بنیات ناوە.

# سووتان لەبەر باراندا

هەواڵنامەی کتێب

## I

کە لە بنارەکە دوور کەوتمەوە
دوائامێزم لە چیا خوێناوییەکە توند کرد
بە پەنجە بێ نینۆکەکانم لەسەر بەرد و خۆڵی
لوتکە و دامێنەکان
لەسەر باڵای برسێتی
لەسەر رەگی داران
ناوەکەتم هەڵکۆڵی.

کە لە بنارەکە دوور کەوتمەوە
لە نزیک دێ
گۆڕستانە خۆڵەمێشییەکەم لێ هەستایە سەرپێ
گۆڕەکان هێشتا
ناڵەی خوێنیان لێ دەبیسترا
لەنێو باران و زریانی ئەو ئێوارە سامناکەدا
وەک چرا هەڵیان دەکردم
بەرەو تەم و خۆڵەمێشی ڕۆخی مێژوویان دەبردم

ئەوە تەوژمی هاڵاوی خوێنە
وێنەی سێبەری تینووێتی و مردن
دەکشێت بە سەر ئەم بەردەڵانەدا
یان تەمومژە مێژوو هەڵدەگرێت
وەکو تارمایی لە تاریکایی ئەم داڵانەدا
لە نێو کۆڵانی ئەم ژیانەدا
پێشم پێ دەگرێت ؟

هەواڵنامەی کتێب

# II

ڕووم پێ لەو وەرزە بەردینە مەکە
ئەم مەشخەڵانەی سەرم ناتوانم
لەم هەڵدێرەدا لقێک دار نییە
کێڵەبەردێکی تیژ و هار نییە
بچەقێتە نێو قووڵایی گیانم

# III

ئەم شەویش رۆیی
کەچی سوارەکان سەریان لێنەداین
یان لەسەر لوتکە دوورەکان
ئاگریان نەکردەوە.
دەشێت لەم شەوانەدا سێڵاوێک بێت
یان لە ناکاو ئابلۆقەمان بدەن.
ئێمە نە رەشماڵی کەنارمان کۆ کردۆتەوە
نە سەنگەرێکمان لەنێو شەودا هەڵکەندووە
هەر جارێک لەم کەنارە شێدارەدا لەدایک ببین
هەر لێرەیشدا
لەنێو چاوەڕوانی و لمدا
لەنێو گۆلاوێکدا دەمرین.

باسکت بێنە
با راکشێم و تاوێک باوەشێنم بکە
بۆنی کفن و
بۆنی دیلی و
بۆنی پیاوە مۆمیاکانم لێ دوورخەوە.
لەنێو بوولێڵی ئەم خامۆشییەدا
وەک ئاوازی ئەوین بەسەر گیاندا بباریێ و
بەرەو لێواری ژیانم بەرەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## IV

تا خۆری تۆمان لێ هەڵدێت
لە ڕووی نەبووندا
لە ڕووی ونبووندا
پێ لە چەم دەنێین
پێ لە شەو دەنێین
پێ لە برین و ترس و تەم دەنێین
لەنێو هاڵاوی ئەم کەنارەدا
خۆشەویستیی تۆ لە ئامێز دەنێین.

هەواڵنامەی کتێب

# V

ئەی خۆرەتاوی هەموو سەدەکان!
چاوەڕێین تا ئەودەمەی
بەستەڵەکی چواردەورەمان دەتوێنیتەوە
وەک تەوژمی سووری مێژوو
روخساری رۆژەکان و
تەمەنی کوژاوەمان دادەپۆشیت
لەم وەرزە بەردینەدا
پەنجەرەیەکی بەرینمان بۆ دەکەیتەوە.
ئەوسا ئێمەیش لەژێر سایە سوورەکەتدا
بەفر و خۆڵی سەدەکان لە خۆمان دەتەکێنین
سەری گۆڕەکان دەگرین و هەتا دەمرین
لەبەر بارانی مێژوودا رادەوەستین.

هەولێرنامە کتێب

# شەوانی تەنیایی

## I

شەوێک هەتا بەیانی
دەمانگوت هەر ئێستا دێیت
جیهانی خەمەکانمان
دەتەنیت بە گۆرانی.

شەوێک هەتا رۆژ بۆوە
بە بێکەسی هەڵلەرزین
گریاین و تۆ نەهاتیت
ترساین و تۆ نەهاتیت
هەناسە و خوێنمان مەیی
کەچی تۆ هەر نەهاتیت
ساتێک بمانهەژێنیت
لە تاریکایی دڵدا
چڵێک تیشک بچێنیت.

هەواڵنامەی کتێب

# II

ئەم شەویش تا بەیانی
لەگەڵ گشت برسییاندا
چاوەڕێمان دەکردیت
کەچی تۆ هەر نەهاتیت
ئەم شەوە بشەڵقێنیت
دەستێکی خۆشەویستی
بە سەرماندا بهێنیت

هەواڵنامەی کتێب

# III

شەو دەڕوات و دێتەوە
ئێمە هەر چاوەڕێین
سەریکمان لێ هەڵێنێت.
لە شەوی گۆڕستاندا
لەنێو جەنگەڵستاندا
وەک مۆم دامانگیرسێنیت.

## سوارەی مەریوان

هەواڵەی کتێب

پەنجەرەیەک دەکەمەوە
بەسەر شەوێکدا دەڕوانێت
کانیی مەترسی و تاوانە
شەوێک، بۆنی خوێنی لێ دێت
گۆڕستانی دەنگ و
ئەستێرە و
بارانە.

پەنجەرەیەک دەکەمەوە
لە ئاسۆڕا تەمومژێکی چڕ دیارە
وا ئەم شەویش سوارەکان نەگەڕانەوە
کەسیش نەهات
هەواڵێکی جەنگەڵەکەمان بۆ بێنێت.

ئەم هەریمە چەند خەمناکە
چەند خامۆشە
دەڵێی بەردێکی خنکاوە
لەنێو ونبووندا وەستاوە.

هەواڵنامەی کتێب

پەنجەرەیەک دەکەمەوە
ئەوە کێیە؟
پۆلە تیشکێکی جێماوە،
یان سوارەکەی مەریوانە
ئەم شەوەی بە پێش خۆی داوە
بە کۆلانی ترسا دەڕوا
تاریکایی دەشلەقێنێت
لەنێو گۆڕستانەکەدا
چراکان دادەگیرسێنێت.

# گۆڕە بۆشەکان

هەواڵنامەی کتێب

بە بێدەنگی ماڵئاواییم لە ئەسپە گلاوەکەم کرد و
بەنێو ئێوارە خوێناوییەکەدا هەنگاوم نا.
لەسەر یاڵەکەی ئەوبەر بەرامبەری گژەبایەکە
دانیشتم
پاڵم بە گۆڕستانەکە دا و روخسارم لەنێو
دەستمدا شاردەوە.
گژەبایەک خۆڵی مێژووی بە سەردا پژاندم
بەرەو سەردەمی منداڵی،
برسێتی و
جوانەمەرگیی بردمەوە.

بەم بێوەختە بۆ کوێ دەچێت؟
چ ئاگرێک لەنێو دڵتا داگیرساوە
بروسکەی کام خۆشەویستی
لە گیانتا چەخماخەی داوە؟

جارێ زوویە سەر هەڵمەگرە
ناکرێت دەوری ئاواییەکە چۆڵ بکەین
هێشتا نە رێژنە خۆشی کردۆتەوە،
نە لافاو نیشتۆتەوە.
ئەو تروسکەیەش کە لە سەر گردەکە،
وەک ئەستێرەیەکی دوور ئاسمانی کون کردبوو
لە ناو هەوری نەویدا توایەوە.
ئێمەیش تا ئێستا
دارەمەیت و کفنمان ئامادە نین.
پێش ئەوەی لاشەکان بۆگەن کەن
باشتر وایە لەنێو چاڵە بەفردا بیان نێژین.
یان گۆڕی بەتاڵی باپیرانیان
پێ پڕبکەینەوە.

## کفندز

هەواڵنامەی کتێب

هەر لە ئێوارەوە
دارستانە زەردهەڵگەڕاوەکەم بەجێ هێشت
چاوم بڕییە گۆڕستانەکە و چیاکەم لە ئامێز نا.
هەردوو چنگم پڕ لە خۆڵەمێش کرد لە ناو گژەبا
بەفرینییەکەدا حەشارم دا.

تا رۆژ دەبێتەوە
هالاوی زەردی کفنەکان روخساری ئاسۆ دەتەنێت
دڵـە پـڕ ژیلەمۆیەکـەم لـەژێر هـەوری خۆڵەمێشـدا
دەتوێتەوە.

لەکەیەوە چاوەڕێین
ڕێژنەیەک داینەکرد ئەم ژیلەمۆیە بشواتەوە و
هاڵاوی ئەم خاکە خوێناوییە دامرکێنێتەوە،
بەفرێکی ئەستوور نەباری تەرمەکان و
ڕێگا دوورەکان داپۆشێت
ئێمەیش
تامانێکمان بە دەوری گۆڕستانەکەدا هەڵنەچنی!
ئەوا چەند شەوێکە
چرای گۆڕستانەکە ڕەنگی مردووانی گرتووە
زێوانەکەیش هەر لە ئێوارەوە دەنوێت
دەشێ ئەمشەویش کفندزان
چەند گۆڕێکی دی هەڵدەنەوە و
خەو لە چاوی مردووان بدزن
گۆڕەکان بە ئاواڵەیی لەبەر سەرمادا
مردووەکان بە ڕووتی لەبەر "با" دا
بەجێ بێڵن.

هەواڵنامەی کتێب

## ئاوایی و پێشهات

### (1)

### سەگوەڕ

هەواڵنامەی کتێب

بەنێو ترسێکی کوشندەدا ڕەت بووین
بە هێمنی وەک تارمایی بە پەنا دیوارەکاندا دەڕۆیشتین
دەتوت پێ لە ژیانو چارەنووسی خۆمان دەنێین
سەگوەڕێکی خەست خامۆشیی شەوی دەشڵەقاند
و
ئاوایی بێدار دەکردەوە.

هەواڵنامەی کتێب

ئاوایی بۆنی گۆڕستان
بۆنی تاوان
بۆنی کۆیلەیی لێدەهات!
ژنێک لە دەرگای حەوشەوە سەری دەرهێنا
وەک خۆی لە بەڵا لابدا، بە پەلە دەرگاکەی پێوەدا.
لەوسەری کۆڵانەوە کەسێک لایتێکی تێ گرتین
کە تیمان راخۆڕی خێرا کوژاندیەوە
تاوێک شەوەکەی لێ تاریکتر کردین
کەچی تا گوندەکەمان لێ ونبوو
سەگەکان ئازادانە هەر دەوەڕین و
دەوەڕین.

## (2)

# شەوگەڕ

هەواڵنامەی کتێب

کە لە مەودوا سەرت لێ داین بەنێو ریزە
چنارەکاندا وەرەوە
نەکا لە ڕێگە تریفاوییەکەدا پێشت پێ بگرن.
لە دوێنێ شەوەوە ئەم ناوەیان تەنیوە
هەڵمی خوێن بەری ئاسۆی گرتووە
پەستییەکی قووڵی خستۆتە دڵانەوە
ترسیش
وەک سوارێکی ڕەشپۆش بە کۆڵاناندا دەگەڕێت و
دەرگا کلۆم دراوەکان دەکوتێ.

هەواڵنامەی کتێب

پیرێژنێک کتوپڕ نوێژەکەی بڕی
بە چرایەکی کزەوە بەدوای کوڕەکەیدا
- یان بەدوای هەواڵێکی کوڕەکەیدا-
بەرەو تاریکایی و ونبوون شۆڕ بۆوە
لەوێ، گوللەیەکی ئاگردار
لەپاڵ تاوێر و نەبووندا
ماڵێکی
بۆ بنیات نا.

**(3)**

## چاوەڕوانی

هەولێرنامەی کتێب

سوارە رەشپۆشەکان هاتن
وێنەی سێبەری ئێوارە کۆلان و
سەربانیان تەنی
خەونی شیرینی منداڵانیان گرت
ئاواییان لەنێو کۆیلەیی و بانگدا داپۆشی
کەچی پیاوە خەسیوەکان هێشتا بە هیوان
سەگەکان باسی ئەم ناوە بکەن

هەواڵنامەی کتێب

سەرفرازی و
هێمنی بۆ ئاوایی بگێڕنەوە
ئەو سەگانەی
شەوان دەوری گۆڕستانەکە بەرنادەن
بەرامبەری تەرمە شێواوەکان هەڵدەتوتێن
لەودیو پەرژینە شکاوەکەوە
لەپشت سێبەری چراکەوە
تەماشای زێوانە خەواڵووەکە دەکەن.

## (4)

# دواشوێنەوار

هەواڵنامەی کتێب

ئاگرێکی کزی لەناو دارستانەکەدا کردەوە
بە گەڵای تەڕ، بە پاڵتۆیەکەی داپۆشی.
لە خۆی پرسی :
ئەم گۆڕستانە چۆن وا گەورە بوو
چۆن ئەو خەڵکانە هێندە زوو پیربوون و
بەسەر تەمەنی کورتیاندا چەمانەوە؟
هەر دوێنێ بوو
لە تافی لاوی و نەبەردیدا بوون

هەواڵنامەی کتێب

حیلەی ئەسپەکانیان چیای دەهێنایە لەرزین
سەرفرازی و دڵنیایی بە ئاوایی دەبەخشی.
ئەو ئاواییە بێنازەی ئەمڕۆ چەپکێک تەمی
نێو هەتاوە
دەڵێی شارستانیی دوکەڵ دایپۆشیوە،
دەڵێی زەوی قوتی داوە
گۆڕستانەکەی لێدەرچێت
شوێنەوارێکی دیکەی نەماوە!

# شەوانی ئەشکەوت

هەواڵنامەی کتێب

به درێژایی شەو باران دەباری
سەگێک لە نزیک ماڵیانەوە دەوەڕی
لە ناو جێگاوە، پەردەی پەنجەرەکەی لادا
هەورەتریشقەیەک لە ناکاو تاریکایی شڵەقاند
پێش چاوی رووناک کردەوە.
راچڵەکی و پەردەکە دادرایەوە
بەڵام خێرا بە خۆدا شکایەوە و وتی:
(گرمەی هەور لەنێو ئەشکەوتدا سامناکترە)؛

ئەو ئەشکەوتەی
شەوان زارکەکەیان بە تاوێر دەبەست و
تا رۆژ دەبۆوە
ئێشکیان لە خەوی پڕ ئارامیی یەکتری دەگرت
ئیشکیان لە ئاگر و خۆشەویستی و
لە کۆمەڵە ئێسقانێکی بە جێماو دەگرت
کۆمەڵە ئێسقانێک
تەواو لە قامیش دەچوو
بۆنی سەردەمێکی تاریکی لێ دەهات
وەک دیواری ئەشکەوتەکە،
وەک روخسارێکی ئاوڵاوی
کون کون بوو بوو.

هەواڵنامەی کتێب

# لوتکه

هەواڵنامەی کتێب

له نزیک ماڵیانەوه هاوارێک هات
به پەله رابوو، چراکەی کوژاندەوه
له سیلەی پەنجەرەوه سەرنجی کۆڵانی دا
ریزێک گوللەی ئاگردار تونێلێکی رووناکی
به شەودا
ماڵەکەی بەرامبەریشیان چرایان کوژاندەوه و
گەڕەک بەتەواوی لەنێو تاریکیدا
نقووم بوو

هەواڵنامەی کتێب

کەچی لە سەر گردەکەی ئەوبەرەوە
چرایەک ، وەک  ئەستێرەیەکی کز
وەک ئاگری سەر لوتکەیەکی دوور دەسووتا؛
ئەو لوتکەیەی
  روانگەی داهاتووی بوو
تاریک و روونی بەیانی دەچوو پاڵی پێ دەدا
لەژێر دەوەن و تاوێرەکانیدا
سەربەستی و
خۆشەویستی و
تەمەنی خۆی حەشار دەدا.

# کەلاوەکانی 24 ی نیسان(*)

هەواڵنامەی کتێب

بەفرێکی ئەستوور کەلاوەکانی داپۆشی بوو
شەوبا بەفری سەر تەپۆڵکەکانی دەماڵی و
رێگا شکاوەکانی پێ پڕدەکردەوە
هەندێک جاریش
لە درزی دەرگاوە تەزوویەکی سارد
پڕوشەی لەگەڵ خۆی دەبردە ژوورەوە.

خۆزگە! ئەم زستانە دوایی نەدەهات
بەفرەکە بچێتەوە ناتوانین لێرە بژین
بەرامبەری شارستانیی فاشیست و ئەم کەلاوانە
بەرامبەری بۆنی لاشە رزیوەکانی ژێریان
دابنیشین؛
لاشەی براکانمان
لاشەی ئەو دۆستانەی دەمێکە نەماندیون
شەوان چاوەڕێین لە دەرگای ماڵمان بدەن
بە جلێکی ئارەقاوی و
پرچ و ریشێکی درێژەوە
بە کۆڵەپشتێکەوە بێنە ژوورەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## تێکدانەوە

هەواڵنامەی کتێب

بە هەورازە قوچەکەدا هەڵدەگەڕا
لە پاڵ دارێکدا دانیشت و
بۆ دواجار
لە دۆڵەکەی روانی.
دوکەڵی کەوێڵەکان وەک پەڵەهەورێکی نزم
لایەکی بنارەکەی داپۆشیبوو.

چ زستانێکی سەختمان لەم بنارەدا بەسەر برد
چ تەمەنێکی جوانمان لە نێو ئەم کەوێڵانەدا ناشت؛
ئەو کەوێڵانەی
لەبەر ڕێژنە و کڕێوەدا دروستمان کردن
تا دوێنێ بوو
بۆنی وڵات،
بۆنی هەتاو
بۆنی سەربەستییان لێ دەهات!
کەچی ئێستا
بە بێکەسی لەنێو دوکەڵدا ماونەوە،
دەڵێی بەزەبری شمشێر داگیرمان کردوون،
بە دەستی خۆمان تێکمان داونەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## فاڵچی و منداڵ

هەواڵنامەی کتێب

سێبەری ئێوارە تەواو بەسەر کۆڵانەکەدا کشابوو
خەڵکی بە پەلە هەڵوەدا خۆیان بۆ ماڵەوە دەکوتا و
دەرگایان لەسەر خۆیان کلۆم دەدا
تا بە دڵێکی پڕ لە ناسۆرەوە
شەوێکی تریش
بەدیار کلۆڵیی خۆیانەوە
بەدیار بێدەنگی و
تاریکییەوە
ڕۆژ بکەنەوە.

سەگێک لە دوورەوە لوراندی
لە نزیک مزگەوتەوە کوندەبەبۆیەک
بە دەنگێکی ناساز دەیخوێند.
گەورەکچێک باوەشی بە منداڵێکدا کرد و
بە پرتاو بردیە ژوورەوە
پیرێژنە فاڵچییەکەش
لەبەر دەرگای کەوێلێک پرچی خۆی دەڕنییەوە
بە دەنگە گریاناوییە لەرزۆکەکەی بانگی پێشهاتێکی
سامناکی دەدا.
چەند کەسێک لە دەوری پیرێژنەکە ئەبلەق مابوون
کەچی منداڵێک
بە دیوارەکەی ئەوبەردا هەڵدەمیزا و لەبەرخۆیەوە
بە هاتو هاوار و
سەری قوڕاویی
نەنە فاڵچییەکەی پێ دەکەنی.

هەواڵنامەی کتێب

## ئێوارەی ئەو پاییزە

هەواڵنامەی کتێب

لە درزی دەرگاوە هەوایەکی سارد
دەهاتە ژووریَ
جۆلانەی بەو پارچە رۆژنامانە دەکرد
کە ژەنگی دیوارە روشاوەکەیان داپۆشیبوو.
تەزوویەکی سارد بە لەشیدا هات
هەر دوێنیَ شەو هەموو درزەکانی گرت
شووشەی شکاوی پەنجەرەکەی تێگرتەوە.

کەمێک مات بوو
لە جێگاکەی هەستا و بەرەو دەرگا چوو
کوتە کاغەزە فڕێدراوەکان لەژێر پێیدا
وەک گــەڵاپاییزە خشەخشــێکی ناســازیان لێــوە دەهات؛
ئەو گەڵاپاییزانەی
ڕووی شەقامیان تەنی بوو
تۆیش ئێواران بەهێمنی پێت لێدەنان
یەخەی پاڵتۆکەت هەڵدابۆوە و دەتەویست
شتێک لە نێو بولێڵی ئێوارەدا بشاریتەوە
دەتەویست بۆ هەتاهەتایە پرچی ئاوریشمین و
گفت و بەڵێنی ژەنگاوی و
زەردەخەنەی دڵدارە دێرینەکەت
لە بیر خۆت بەریتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## رێژەن

هەواڵنامەی کتێب

هەتا لەوسەری کۆڵان ئاوا بوو
چاوی لێ نەتروکاند
خەمێکی ناوەخت سەری لێدا
بیرەوەرییەکان وەک پۆلێک زەردەواڵەی وروژاو
تێی ئاڵان
ویستی شوێنی بکەوێت و سڵاوێکی لێ بکات
بەڵام ئێستا ئەوان بەیەکتری نامۆن
دەڵێی ئەوان نەبوون رۆژێک لە رۆژان
وەک دوو لاشە و گیانێک دەژیان

لە تاکە ئەستێرەیەکدا دوارۆژی خۆیان دەبینی
وێنەی دوو منداڵ دەوری خۆیان بە گۆرانی و
پەپوولە و
تیشک دەتەنی.

چاوی پڕ لە فرمێسک بوو
هەنگاوێکی وێڵی نا، لەبەر پێی خۆی ورد بۆوە
وەک بیەوێت
بە ڕێژەندا بپەڕێتەوە
یان کوێرەڕێیەک لە تاریکیدا
بدۆزێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# خەونی تەمەن

## I

دەرگای ژوورەکەی لە سەر خۆی داخست
بەهێمنی
بە چواردەورەی خۆیدا روانی
تاوێک لە دیوارە ژەنگاوییەکان ورد بۆوە
تەزوویەکی سارد بە لەشیدا هات.
دەموچاوە بەردینەکان وەک تارمایی
لێرەش پێشت پێدەگرن و
شەوەکەت لێ سامناکتر دەکەن
رووپۆشـێکی رەش بـە سـەر تەمـەنی کوژاوەتـدا
دەدەن.

هەواڵنامەی کتێب

دەرگای ژوورەکەی کردەوە
بە پەلە دایخستەوە
لەنێو نوێنە شڕە سڕەکەیدا پاڵکەوت
وەک شەوانی ژێر چەپۆکی جەللادانی
ژیشکئاسا خۆی گرمۆڵە کرد
بەدەم بیرکردنەوەیەکی ئاڵۆزەوە
بەدەم وڕێنەیەکی سەختەوە
خەوی لێکەوت.

بەم نیوەشەوە چیت لێ قەوماوە؟
کێ تاوێری ئەم خەمانەی
بە کۆڵتاداوە؟
بە بێکەسی
تۆی لە ڕۆخی ئەم شەوەدا
لەنێو ئەم دنیا ونەدا فڕێداوە؟

هەواڵنامەی کتێب

# II

هەواڵنامەی کتێب

بەرەبەیانی
خۆر دەتوت لە ژوورەکەیدا هەڵاتووە
بە ساردییەوە سەری بەردینی هەڵبڕی
– گرینگ نییە
ئا... هیچ گرینگ نییە!
وای وت و خێرا روخسارە ترشاوەکەی
لە سەرینەکەیدا نقوم کردەوە
بەو هیوایەی سەر لەنوێ
بەڵام بۆ هەتا هەتایە
بنوێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## ئەگەر لێرە نەبێت!

ئێواران
بە لێڕەوارەکەدا ڕەت دەبین
لە نێوان خامۆشی و لقە چڕەکاندا
خۆمان حەشاردەدەین
چاڵێکی بێ بن
بۆ بیرەوەرییەکان هەڵدەکەنین.

ئێواران
لە وەرزی خۆڵبارینیدا
کە دەستەویەخەی مەترسی دەبین
بەرەو باوەشی شەپۆلەکان دەکشێین.

هەواڵنامەی کتێب

نە باران دیارە
نە پەڵەهەورێک
گژەبایەکەش وەک شەوان دەنگی نایە.
گەر شەپۆلیش نەبێت
لقە چرەکانیش جێمان بێڵن
ئێمە پاڵ بە خۆشەویستی و
پاڵ بە رووناکییەوە دەدەین
لەنێو سترانانددا
خۆمان مات دەکەین!
بەڵام ئەگەر تۆ لێرە نەبیت،
یان خۆشەویستیی تۆمان لێ ونبێت
پەنجەی تەزیومان هەڵدەوەرن،
لە تاریکیدا و
رووت و تەنیا
سەری ماندوومان دەنێینەوە.

# له کوێ بتنێژم

بۆ هاوڕێم شەفیق کەریم

هەواڵنامەی کتێب

بایەکی سپی لەو بنارەوە هەڵدەکات
گیانی شپرزەم دەتەنێت
گژوگیای گۆڕستان و
ئارەقەی سەر روخسارە جوانەکەت دادەپۆشێت،
خۆڵی سەر زامەکانت بەنێو ئێوارەدا
پەخش دەکات.
بایەکی سپی پرچە ئاڵۆسکاوەکەت وێنەی
پۆلەتیشکێکی نێو ئاو رادەژەنێت.

بایەکی سپی زامەکانم بە خۆڵەمێش دەشواتەوە و
بەرەو ئاسۆی لێڵی ونبوون هەڵمدەگرێت
پەنجەکانم وەکو چیلکە رەق و ویشک دەکاتەوە.
بە پەنجەی سڕو بێ نینۆک چەپکە گزنگێک،
بۆ زامەکانت
چۆن بچنمەوە؟
داستانی سوورت لەسەر تاوێر و باڵای ئێوارە
چۆن بنوسمەوە؟
دڵیشم شەختە و گڕ تەنیویەتی
چۆن تەرمەکەتی
تیا بشارمەوە؟

هەواڵنامەی کتێب

## ماڵئاوایی

بۆ مام ڕەسووڵ سۆفی

هەواڵنامەی کیبر

ڕوخسارمان هێشتا نوقمی هەڵچوونە
نوقمی سەرسامی و لە دایکبوونە
بەجێمان دێڵی
لە دورگەی خۆڵدا
لە هەرێمێکی پڕ لە هەرەسدا
لە دەشتی زوقما بەجێمان دێڵیت.

هێشتا وەرزەکان لە خوێندا دەگلێن
بەجێمان دێڵی

دوای تۆ بەرەو کوێ وڵات هەڵبگرین؟
تاریکەشەوان چۆن بەرەو بنکە بگەڕێینەوە؟
لەپاڵ کام دوند و پەڵە هەوردا بحەسێینەوە
کام خەون و ئاسۆ لە ئامێز بگرین؟

بە جێمان دێڵی
هێشتا کوردستان لانکەی ئازارە
گەروویەکی پڕ خۆڵ و هاوارە
بەجێمان دێڵی هێشتا کوردستان
عاشقو حەیران
وێڵی مەدارە.

بەجێمان دێڵی
لوتکە و وەرزەکان دادەگیرسێنێت
لە نێو گیانماندا لافاو دەچێنێت.

هەواڵنامەی کتێب

## کۆڵان

### I

هەواڵنامەی کتێب

کۆڵان بە یاسای جەنگەڵ و خەمەکانی راهاتووە.
لەنێو خەونە کاڵەکانیا پاڵکەوتووە
کۆڵان خووی بە کارەسات و
دیلی و
(منع التجول) و
خووی بە کاتەوە گرتووە.
کۆڵان وێنەی بەفری لاپاڵ
نسێی هەموو وەرزەکانی هەڵگرتووە.
هێشتا کۆڵان، بێجگە لە چەکی مۆدێرنو
فڕۆکەی جەنگ،
بەر رووناکیی سەدەی بیستەم نەکەوتووە.

هێشتا باسی زیندانیانی دیاربەکر
مەترسی جەنگی ئەتۆمی
هێشتا ناوی (تیۆدوراکس)
کۆمپیوتەر و
(جارڕنامەی مافی مرۆڤ) ی نەبیستووە.

لە ڕووناکایی تەمگرتووی نێو کۆڵاندا
منالآن شاییگەمانێ و
هەڵماتێن و
جگێن دەکەن
ژنان باسی کەڵایەتیی مێردەکانیان
باسی فلآن و فیسار و
تەقوتۆقی شەوی پێشوو
دواهەواڵی کۆڵان دەکەن
لە تاریکایی سامناکی کۆلانیشدا
دڵدارەکان بەیەک دەگەن.

کۆڵان لە شارێکی کۆیلەو بەتاڵ دەچێت
لە هەرێمێکی خامۆش‌و
برینی ژێر پۆستاڵ دەچێت !

هەواڵنامەی کتێب

# II

به دوکەڵی شارستانی = بە ناپاڵم
کۆڵان لەسەر نەخشەی گەڕەک سڕایەوە
شوێنەوار و خەونەکانی
ژەنگی سەدە دوورەکان و
بەسەرهاتی نەوەکانی پێچایەوە.

ئێستا کۆڵانی خەونە کاڵەکان لاوکی خەمە
خاکێکی دیلە و خەڵتانی تەمە
پۆلێک هاوارە و کەسێک نایبیستێت
لەکەی شوورەیی سەر نێوچاوانی
سەدەی جەنگەڵ و
ژانی سەردەمە.

هەواڵنامەی کتێب

## لە نیوەشەودا

لە بەر هەرەسدا بەجێیان هێشتین
بەم نیوەشەوە
تەرمی باران و پشکۆ دەنێژین
بانگو هاوارمان لە نێو تاواندا دەبن بە هەڵم
دوا چۆڕەخوێنمان
بەسەر روخساری شەودا دەڕێژین.

بەم نیوەشەوە
سەرما و سۆڵ نەبێت
شۆستە و مەترسی و دونیای چۆڵ نەبێت
کێ هاوسەرمانە؟
کێ ئاگاداری
بانگ و هاوار و سەربڕینمانە؟

هەواڵنامەی کتێب

بەم نیوەشەوە
ئایا دەتوانین بە بازووی رووتمان
دیواری سەختی تاریکی ببڕین
تەکان بە وەرزی کۆیلەیی بدەین
پێش بە تاوان و مەترسی بگرین؟

لەبەر هەرەسدا بەجێیان هێشتین
تاکەی گۆرانی ناکامی بچڕین
وەرە تا زوویە... توند ئامێز لێک دەین
لەناو ساتێکی سڕ و مەزندا
پێکەوە بمرین.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# ڕێژنە

1979

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# I

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# ئەم مرۆڤە

## I

به منداڵی
دڵی بە هاژەی چەمان دەکرایەوە
بە دەم ئەستێرەوە پێدەکەنی.
بە منداڵی
فێر بوو کەژ و چۆلەکە و کانی خۆش بوێت
فێر بوو دڵی بۆ ئەو بارانە لێبدات
کە پێوەندی دەکەنە پێ تا نەبارێ
بەسەر جەستەی رۆژەکاندا
بێتە خوارێ.

هەواڵنامەی کتێب

به منداڵی
فێربوو لە رووباری مەند و
لە ئەستێرەی کاروانکوژە
گومان بکات.

ئەم مرۆڤە
هەندێک جار لە تەنیاییدا
خەمەکانی وەک چرا دادەگیرسێنێت
هەندێک جاریش
چەپکێک هەتاوی سەربڕاو هەڵدەگرێت
وەک شێت بەنێو کۆڵانەکاندا دەگەڕێت.

ئەم مرۆڤەیش
وەک تۆ ژیانی پێخۆشە
کاتێک لە گەڵ یارەکەیدا سەما دەکات
یان لە کەناری رووبارێک دادەنیشن
پەنجەکانی لەنێو پرچیا نقوم دەکات
وا دەزانێت
سواری ئەستێرەیەک بووە
بەنێو گەردووندا رادەکات.

هەموو نامەی کتێب

ئەم مرۆڤەیش
شەیدای مۆسیقا و جوانییە
ئەم مرۆڤەیش
وەک تۆ ژیانی پێخۆشە

بەڵام کاتێک
کە دەبینێت نیشتمانی
لەسەر شۆستەکان کەوتووە
نیشتمانی
لەژێر سێبەری چەقۆدا پاڵکەوتووە
تا دەتوانێت
دەرگای شار بەرد باران دەکات
تا دەتوانێت
نەفرەت لە پاشاکان دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

## II

ئەم مرۆڤە
لە گۆشەیەکی ئەم دنیا بەرینەوە
چاوەکانی
بە بارتەقای ئاسمان کردۆتەوە
- دەڵێی تەنیا ئەم جارەیە
زەمین بەم جۆرە دەبینێت
دەڵێی یەکەم جارە زەمین
بە رووتەوە پێدەکەنێت
چاوەکانت بە بارتەقای گەردوون کردۆتەوە
بە هێمنی
لە دیاردەکان ورد دەبێتەوە
بیر لە شتە ئاڵۆزەکان دەکەیەوە
ئەوەتانێ
بەم نیوەشەوە سامناکە
بەم بەفر و باو و بارانە
ئەم زەمینە
بەرەو باوەشی هەقیقەت دەگوازییەوە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## سەعیدە شێت

چ ئازارێک بوو
بەرەو ئەم ساتە خەمناکەی هێنایت؟
بەرەو نێو لق و پۆپە چڕەکان
بەرەو ئەم عەشقە و
کەناری شەوی ئەبەدی هێنایت ؟

هەواڵنامەی کتێب

چ ئازارێک بوو؟
کێوی تەنیایی و
شەپۆلەکانی نایە سەر شانت
لە نێو تاوێر و بەفر و پۆلوودا
نیشتەجێی کردیت؟

تۆ ئەم ئاوازەم مەدە بە گوێدا
با لەوە زیاتر وڕوکاس نەبم
بۆنی گۆڕستان نەمکات بە هەڵم.
با لەوە زیاتر لە نێو کۆڵانی غەریبی و شەودا
سەرگەردان نەبم.

ڕۆژێکیان منداڵ بووینەوە
بەیەکەوە
بە دوای پەپوولە و گزنگدا ڕامان دەکرد
لە ئاسۆڕا
هەورمان بەردەدایەوە
لە نێوان لقەکانەوە
لەپەنای ئەم دیوارەوە
تەماشای گەردوونمان دەکرد.
کە بەرەو ماڵ گەڕاینەوە
لەنێو تەمو چراخانی ئەم شارەدا
ونم کردیت،
بەدوای تۆدا
سەرم بەنێو تونێلی ژیاندا کرد و
پێوەی نەچووم.

هەوالنامەی کتێب

تۆ ئەم ئاوازەم مەدە بە گوێدا
ئەوا عەشقی تۆ
ئاشنای کێو و بیابانم دەکات
دەمکات بە داستان
دەمکات بە پشکۆ
بە چنگەخۆڵێک
دەمداتە دەستی کڕێوە و باران
لەگەڵ بێدەنگی و تاوێرەکاندا
دەمپێچێتەوە
لەنێو سەراب و دۆڵی نەماندا
دەمشارێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# ڕێژنە

## I

بەرەو لات هاتم
شانم دایە بەر تەرمی بەیانی
لەگەڵ هەنگاوی نسێی پێکراوما
ئاسۆیەکی سوور، ژانی سەدەکان
بەدوامدا دەکشان.

## II

وەکو بروسکە بەرەو لات هاتم
تا کێو و بیابانم بکەم بە کانی
ئامێزم دەدا لە ڕێژنە و زریان
گەرووم دەکردە لانەی چریکە و
پشکۆ و گۆرانی !

## III

دەروازەی شاریان لە روو داخستم
لەژێر سێبەری ئێوارەیەکدا
چنگم بۆ تیشک و سەرما گرتەوە
دارستانێکی چرم داگیرساند
کانیی سەهۆڵ و
ئەستێرەکانم گەرم داهێنا
بە چەپکە شیعرێک
روخساری ئاسۆم گەرم کردەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## IV

هەواڵنامەی کتێب

دەروازەی شاریان لە روو داخستووم
پاڵم بە هەورو لوتکەی گرداوە
وڵاتەکەم و
ئەستێرەیەکی رەتێندراوم بە کۆڵدا داوە
سینەم تەنووری خۆشەویستییە
کانیی هەتاوە
نهێنی زەوی و
دڵی هەزاران برسی و ئاوارەم
تیا حەشار داوە.

هەواڵنامەی کتێب

## V

هاتووم پێکەوە لەبەر ڕێژنەدا
لە ڕووی دەسڕێژدا
ڕیزێک ببەستین
بە بازووەکانمان
بە چەکەکانمان
ئاسمانی شار و ئاسۆ ڕابگرین.

## له درزی تاریکییەوە

ڕێژنە بارانەکە برووسکەی دا
دەرگای ژوورەکەی پێوەدا
بەناو بۆنی خاکو
درەوشانەوەی شتەکاندا ڕەت بوو.

– ئەم ئافرەتە بۆ دامێنی پەلکەزێڕینە دادەدڕێت؟
بۆ سەری خۆی بە تاوێر و
شۆستە و
شێلماندا دەدات؟
بۆ پێش بە ئێوارە دەگرێت؟

هەواڵنامەی کتێب

ئێوارەیەکی وا مات
لە پەنای دیواری ترسدا رایانگرتیت
بە دیارتەوە
لقەکانیان دەشکاندەوە
پشکۆکانیان دەدایە بەر تەرزە و سەرما.
تۆیش بە بێدەنگییت
بە هێزی بازووە رووشاوەکانت
شوورەت بە دەوری ژیاندا هەڵدەچنی
لە پەنایەکدا
خۆت وەکو ژیشک خڕ دەکردەوە
لە دەلاقەی تاریکییەوە
لە دەموچاوی بەردین،
لە کەڵبە و حەپەی سەگی هار
لە پرسیار
مۆڕ دەبوویتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# وەرزی سەهۆڵبەندان

بۆ ئاورەحمانی خدر بانەیی

لەگەڵ کرێوەی شەوێکدا هاتم بۆ لات
لە کاتێکدا قەوارەی برینەکانت
بە بەفری سوور دادەپۆشی
گۆرانیت دەکرد بە وڵات.

لە کاتێکدا هاتم بۆ لات
بازووەکانت
هەرەسهێنانی کێوێکیان ڕاگرتبوو،
چاوەکانت
وەکو دوو چرای نێو کەوێڵی هەژاران
لە شەوەزەنگی (ڕایات) دا
دادەگیرسان.

هەواڵنامەی کتێب

هاتم بۆ لات
کاتێک چنگت پڕ لە ئاگر و پشکۆ بوو
دەموچاوی تاریکاییو
ڕووبارەکانت پێ دەڕشاند
لە وەرزی سەهۆڵبەنداندا
هەڵمی خوێنت دادەگیرساند

هاتم بۆ لات... هاتم بۆ لات
تا بروسکە و گۆرانی بکەین بە وڵات.

# له ئاوێنەدا

هەواڵنامەی کتێب

له ئاوێنەوە دوو چاو دەروانن
برسێتی.. دەوار
کرێوە.. کێشە
دەموچاوێکی شێواو دەبینن
بە باڵای لوتکە و تیشکا هەڵدەزنێن
شوێن پێی دەنگێکی خنکێندراو و
هەور هەڵدەگرن.

دوو چاوی بزێو لە ئاوێنەشدا
دەبریسکێنەوە
هەتاوێکی سوور
دەدرەوشێننەوە.

ئاوێنەکەیان تیرەباران کرد
دوو چاو لە پارچە وردەکانەوە
دەڵێی ئەستێرەی دەمەوبەیانن
بۆ ئاسمانێکی روون و بەرینتر
بۆ وڵاتێکی هێمن دەڕوانن.

هەواڵنامەی کتێب

# لەبەر ڕێژنەدا

هەواڵنامەی کتێب

گەلێک جار
بە پەنای ئاسۆیەکی شێداردا ڕەت دەبین
باوەش بۆ پەلکەزێڕینە و
بۆنی زەوی دەگرینەوە
یان بەرەو ڕۆخی ڕووبارێک مل دەنێین
بەرامبەر ئاوازێکی خەمناک و
پۆلەتیشکێکی بەجێماو دادەنیشین.

گەلێک جار
لە ژوورێگدا چاو بۆ دەلاقەیەک دەگێڕین
تاریکایی و دیوارەکان بنکۆڵ دەکەین و
هیواکانمانی تێدا دەچێنین.

گەلێ جاریش
لە کاتی باوباراندا
خۆمان بەسەر چراکاندا هەڵدەکێشین
گوێ بۆ هەناسەی باڵندەی سەرمابردوو
هەڵدەخەین
بەڵام کاتێک لەبەر ڕێژنە و
لە ڕووی دەسرێژدا دەوەستین
جارێک
تەنیا جارێک دەمرین.

هەواڵنامەی کتێب

# دەروێش

هەواڵنامەی کتێب

ئەو دەروێشەی
دڵی لەبەر هەتاوی عەشقدا هەڵدەخست
پاڵی بە ئاسۆوە دەدا و
لەسەر دڵۆپە بارانێک
لەسەر گۆنای ئێوارانێک
روخساری خوای رەسم دەکرد
شەوێک لەگەڵ نەرمەبایەکی فێنکدا
بەڕێ کەوت

هەواڵنامەی کتێب

رووبارێکی کردە بەرو
بەسەر کێوی نهێنیەکاندا سەرکەوت.
کاتێک چاوم پێی کەوتەوە
کەشکۆڵەکەی
پڕ لە رووناکی و باران بوو
پۆلێک گزنگ بەسەریەوە نیشتبۆوە و
سەری ماندووی
بە ئامێزی گەرمی خەونەکان کردبوو
رووبارێک لە ژێرپێڵویدا پاڵ کەوتبوو
لەگەڵ خۆیدا
ناونیشانی دەریای هەڵگرتبوو.

# به بێدەنگی دێتو دەڕوات

به بێدەنگی
به لاماندا تێدەپەڕێت
که له رووبارەکان دەدات
کاتێک دەگاته سەر لوتکە بڵندەکان
وەک مەشخەڵێک دادەگیرسێت.

به بێدەنگی دێت
تاشەبەردەکان دەتوێنێتەوە
دەیانکات به ماڵ
دەیانکات به یار
گۆرانیی نوێیان پێ دەڵێتەوە
پەڵەهەورێکی داوە به کۆڵدا
وەرزە مردووەکان دەژێنێتەوە.

ئێوارانێکی درەنگ
کاتێک لەگەڵ پۆلێک باڵندە و جریوەی ئەستێرەدا
بەرەو ریزە چناری بەرماڵان شۆڕدەبییەوە.
نان و شیعر و خۆشەویستی
بــە ســەر دوورگەیــەکی ئەســمەر و تینــوودا
دەبەشییەوە.
راوت دەنێن
یاساوڵەکانی خەلیفەی (دورگەی نەوت)
دوورگەی مەنفا
راوت دەنێن
بە شمشێرێکی کولەوە نیشتمانەکەت راو دەنێن.

هەواڵنامەی کتێب

نیشتمانم
بە هەر خاکێکدا تێپەڕم
بە هەر کێوێکدا سەرکەوم
لە هەر رووبار و دەریایەک بپەڕمەوە
بە حەرفی گڕ ناوەکەی تۆی لێ دەنووسم
کاتێک بۆ لای تۆیش دێمەوە
داستانی
خاک و کێو و رووبارەکان
لەسەر لوتکەی کەژانت
دەنووسمەوە.

بە لاماندا رەت دەبێت
وەکو بۆنی خاکێکی پاش بارانی ناوەخت
تێکەڵی هەوا دەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

بە بێدەنگی دێت و دەڕوات
ئەوەی بۆمان جێ دەهێڵێت
چەپکەهەتاوێکی سوورە
لە شەوێکی تاریک و ئەنگوستەچاودا
لە بەیانێکی خنکاودا
هەڵدێتە نێو چاوامانەوە
تاڤگەی ئەشقێکی بەکوڵە
دەڕژێتە هەناومانەوە.

بە بێدەنگی دێی
تاشەبەردەکان دەتوێنیتەوە
دەیانکەیت بە ماڵ
دەیانکەیت بە یار
گۆرانی نوێیان پێ دەڵێیتەوە
پەڵەهەورێکت داوە بە کۆڵدا
وەرزە مردووەکان دەژێنیتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# ئەم رووبارەمان خۆشدەوێ

## I

له شەوێکی تەمومژدا
سینەت دەدایە بەر شەماڵی کوێستان
نەیاندەهێشت
تۆزێک هەوای پاک هەڵبمژیت
نەیاندەهێشت
ساتێک بیر لە دڵدارەکەت بکەیتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## II

لە شەوێکی تەماوییدا
دەم بۆ هاڵاوی خوێنەکەت دەکەیەوە
بە ناخی خۆتدا
بە ناخی تەمومژدا شۆڕدەبیەوە
بە رووباری فرمێسکێکدا دەپەڕیەوە
چاوەکانی تیا خنکاوە.

## III

هەواڵنامەی کتێب

گەر دەتوانیت
دەلاقەیەک لەو شەوە کەیت
جارێکی دی بە رێگای بەیاندا بڕۆیت
گەر دەتوانیت
بگەیتە ئەو ئەستێرانەی
لەناو خوێندا کوژاونەوە
گەر دەتوانیت
بچیە نێو چاوی هەڵۆوە.

هەواڵنامەی کتێب

# IV

وەک ئاسمانێک
ئەستێرەیان کوژاندیەوە
وەک ئاشقێک
دڵداریان لێ شاردیەوە،
وەک وڵاتێک
ناوەکەیان لە سەر نەخشە سڕاندیەوە.

# V

ئەم رووبارە
هێشتا رەنگی خوێنەکەتی بەرنەداوە
هەتا ئێستایش
بۆنی تۆمان بۆ دەهێنێت.
ئێمە
ئەم رووبارە لەگەڵ خۆماندا هەڵدەگرین
بە شەپۆلی
دڵمان دەشۆین.
ئێمە هاژەی
ئەم رووبارەمان خۆشدەوێت
رەنگی سووری
ئەم رووبارەمان خۆشدەوێت.

هەواڵنامەی کتێب

# Eva

کە ئاگر بوویت
نە دەتسووتانم
نە گەرمت دەکردمەوە
کە رووبار بوویت
نە دەتخنکاندم
نە تاوێک
لە باوەشی شەپۆلێکدا راتدەژاندم.
ئەوا ئێستایش
گەردەلوولێکی بێدەنگیت
رۆژانە هەڵدەکەیت
نە تاوێک لام ئارام دەگریت
نە جارێک، هەر تەنیا جارێک
لەگەڵ خۆتدا هەڵمدەگریت.

هەواڵنامەی کتێب

# شاعیرێک خۆشیدەویستی

شاعیرێک خۆشی دەویستیت
شیعرەکانی بۆ دەکردیت بە جۆلانە
شەوان لەسەری دەنوستیت.

شاعیرێک پەڵەهەورێک بوو
سێبەری بۆ باڵات دەکرد
چەند دڵۆپە ئاورنگێک بوو
پرچ و گۆناتی تەڕدەکرد.
شاعیرێک خۆشی دەویستیت
تۆی کردبوو بە پەیکەرێک
دەیپەرستیت.

هەواڵنامەی کتێب

بارانێکیت
بە سەر گیانمدا دەبارێیت
کە  لە دڵما کۆ دەبیەوە
ئارام ناگریت
وەک کۆترێک لە شەقەی باڵ دەدەیت،
دەتارێیت.

هەواڵنامەی کتێب

ئەو ئەستێرەی شەوان بە ئاسماندا دەکشێت
بەر لەوەی بگاتە دەریا
لە گڕی خۆیدا دەسووتێت
ئەو ئەستێرە سەرەڕۆیە
دڵی منە
لە سۆراخی چاوانتدا
وەکو بەردی بنگۆم ونە.

جێم مەهێڵە
من بەبێ تۆ
کەژێکی بێ کانی و بەفر و دارستانم
من بەبێ تۆ
ئەستێرەیەکی ئاوارەو بێ ئاسمانم

شاعیرێک خۆشی دەویستیت
شاعیرێک پەڵەهەورێک بوو
سێبەری بۆ باڵات دەکرد
چەند دڵۆپە ئاورنگێک بوو
پرچ و گۆناتی تەڕ دەکرد.

شاعیرێک خۆشی دەویستی
وەک بە پەیکەرێک دەیپەرستی.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# II

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# زۆرمان پێگوتن

هەواڵنامەی کتێب

پێماندەوتن
ئەم وەرزە تاڵەیش
پەلکی زێڕینی خۆشەویستیمان هەڵدەوەرێنێت
گۆرانییەکانمان دەکات بە هەڵم
ژان و گریان و
کۆت و پێوەندی نوێمان بۆ دێنێت.

پێمان دەوتن
ئەم ئەستێرەیەش کاروانکوژەیە
ئێمە بەرووتی چۆن رووبکەینە ئەم سەربڕینە
خەم و ئازارمان هێندە کەم نییە
ئەوەتا گیانمان کانی برینە.

پێمان دەوتن
چۆن دەست بخەینە دەستی شەیتان و
لە پرسەی خوێندا سەرچۆپی بگرین؟
پێمان دەوتن
چۆن کفنی ئاڵی شەهیدان بدڕین؟

هاوڕێی خۆشەویست
هاوڕێی خەبات و ئازادی و مەرگم
زۆرمان پێوتن، بەڵام کەمیان بیست
هاوڕێی خۆشەویست.

هەواڵنامەی کتێب

## سەردان

هەواڵنامەی کتێب

لە ناوەختا
سەر بە ژوورەکەمدا دەکات
سێبەرێکی خوێناوی بەدوای خۆیدا
رادەکێشێت.
پاڵتۆیەکەی، گوللە و هەڵم و
بیرەوەری شەهیدانی لێوە دەڕژێت.
تیشکی وەریوی چراکە و
روخساری تەماوییم دادەپۆشێت.

لە ناوەختا
گۆمی بێدەنگی دەشڵەقێنێت
لەناو ئەم ساتە شێتەدا دەرم دێنێت
بەیەکەوە
چنگ لە باران و هەتاو و ڕەگە قووڵەکان گیر
دەکەین
بەیەکەوە
چاو دەبڕینە هەقیقەت و نهێنییەکان.

هەواڵنامەی کتێب

## لەدایکبوون

هەواڵنامەی کتێب

له کەوێلێکی سەرمابردوودا
له بەر چۆڕاوگە
لەگەڵ برسێتی و ترسو تەزوودا،
بێ مامان، بێ کەس، لەدایک دەبێت
له ئەشکەوتێکی دوکەڵاویدا
لەنێو هاواردا
له پاشکۆی زیلدا
لەژێر دەواردا
لەدایک دەبێت.

لەنێو بریندا لەدایک دەبێت
لە سەربڕیندا لەدایک دەبێت
لە بۆردومان‌دا
لەنێو سووتاندا
منداڵێکی کورد لەدایک دەبێت

منداڵەکوردێک
بۆ یاخیبوون  و پێشمەرگایەتی
لەدایک دەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

## خۆشاردنەوە

هەواڵنامەی کتێب

بەفرێک لە وەرزی زستان جێ مابوو
لەنێو چاڵێکدا
لەژێر سێبەری ئاسمانێکی پڕ ئەستێرەدا
خۆی حەشار دابوو.
بۆ خەونەکانی
نیشتمانێکی نوێی بنیات نابوو.

هاوین هات زانی
پیاوانی پاشا دێن دەیگوازنەوە
لوتکە و ئاسمان و ئەستێرەکانی لێ دەشارنەوە
بەفر ژیان و بوونی خۆی نەبێت
چەکێکی تری
نەبوو بەرگری پێ لە خۆی بکات
بۆیە خۆی دایە بەر تیشکی هەتاو
تا ببێت بە ئاو
بەنێو زەویدا شۆڕ ببێتەوە
ببێت بە هەڵم
خۆی لەنێو تیشکا بشارێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# تووانەوە

پۆلەخوێنێکی ڕاونراو
چەپکی خۆڵ و
بۆنی داریکی سووتاوی هەڵگرتبوو
ئاسمانی دابوو بەخۆیدا
زەوی لەژێر نسێکەیدا ڕاخستبوو.
تینوێتی لەنگەری پێ گرت
لەپڕ کەمینیان بۆ دانا
جادە و کۆڵانیان لێ تەنی
پۆلەخوێن وەک چەپکەتیشکێک
ئابلۆقە و دەستڕێژی بڕی و
بە لقی شیعرێکمەوە گیرسایەوە
ئامێزی لێ قایم کرد و
لەنێو ژانی وشەکانیا تووایەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## تەمومژ

هەواڵنامەی کتێب

ئەوە تەمە بنارەکانی تەنیووە
وەرزەکانی داپۆشیێوە
یان هەناسەی گەلەکەمە؟
ئەی لانەی رەنجدەر و ئاواران
ئەمشەو دەرگای دڵتم لە رووودا دامەخە
منیش وەک تۆ
پەنجەرە بۆ باران و گزنگ دەکەمەوە
منیش وەک تۆ
دەچمە نێوچاوی هەڵۆوە.

## تاڵێک گزنگ

هەواڵنامەی کتێب

تاڵیک گزنگ، خوێنئاسا سوور
بە ئاسۆوە هەڵواسراوە
لە کەمەر و باڵای ئێوارە ئاڵاوە.
تاڵێک گزنگ دەڵێی شەپۆل و هاژەیە
بە رووبارەوە نووساوە،
وەک هاوڕێکەم باوەشی لە لوتکە داوە
عەشق و
ئازادی و
داهاتووی لەکۆڵ ناوە.

# خەڵات

هێندەی زانی لە چوارلاوە
خامۆشی گەمارۆی داوە.

چۆن هێندە زوو
شار هۆگری خامۆشی بوو
دەنگ و رەنگمان
دڵمان نوقمی خامۆشی بوو.

بێ خەم بنوون!
خامۆشی بۆتە چەپەرمان
خامۆشی بۆتە سەنگەرمان.

کێ ئەمشەو خەڵاتی کردین؟
بە هێمنی مۆڵی داین و
دەستەمۆی خامۆشیی کردین.

هەواڵنامەی کتێب

# گەڕانەوە

بۆ فەهد

هەواڵنامەی کتێب

هەموو شەوێک هاوڕێیەکەم
بە هێمنی سەر بە ماڵی برسی و هەژاراندا دەکات
لە سۆراخی گەورە و بچووکیان دەپرسێت
باسی کێشەی چینایەتی و
دادپەروەری و
سۆسیالیزمیان بۆ دەکات.
کە دەیگرن... ئەمجارەیان ملی بە پەتەوە ناکەن

هەواڵنامەی کتێب

لە کەناری رووبارێکدا دەیسووتێنن
خۆڵەمێشە جوانەکەی دەدەن بە ئاودا
کەچی لە بەیانی رۆژی ئایندەدا
جارێکی دی
چەپکە تیشک دەچنێتەوە
بە دەستە چەپە بڕاوەکەی
نان و
گوڵ و
ئاڵایەکی سوور هەڵدەگرێت
بەرەو ئەم شارە دێتەوە.

# وڵات

## I

چونکە وڵات ئەشکەوتێکی تەنگەبەرە
یاخیبوون هاوڕێ و چەپەرە.

تا وڵات هەڵمی بەر با بێت
چنگێک کەفی رووی دەریا بێت
مەدارمان وەرزی ونبوونە
سەرابێکە رووە و هەڵدێر و رۆچوونە.

چونکە وڵات برینێکی بەر نەشتەرە
یاخیبوون ئاسۆ و رابەرە.

هەواڵنامەی کتێب

## II

هەواڵنامەی کتێب

لەبەر ئەوەی بێ وڵاتین
وەرزەکانمان خۆڵبارینە
بەستەڵەک و سەربڕینە
تەمەن تینوویێتی و
سەراب و
پۆلێک خەونی نێو پەرژینە.

لەبەرئەوەی بێ وڵاتین
رووەو گوللە و مەرگ هاتین.

# وڵاتەکەم

هەواڵنامەی کتێب

سەدانساڵە وڵاتەکەم خوێن دەچێنێت
کراسی گڕ دەکاتە بەر رۆڵەکانی
پەنجەی بە خوێنی نەوەکان
دەنەخشێنێت.

گیانە مەگری!
ئەوەتانێ شەهیدەکان هاتوونەوە
وەرە دڵدارە ونەکەت بدۆزەوە.
ها بمکوژە
بەڵام مەگری!

هەواڵنامەی کتێب

چۆن نازانیت دڵدارەکەت
ڕێبواری ڕێگای هەتاوە
پرچی بەیان و بروسکە شانە دەکات
باوەش بە لوتکە و گۆرانی و
ئاسۆیەکی سووردا دەکات!

دەتۆ مەگری!
چۆن نازانی وڵاتەکەم
پەنجەی بە خوێنی نەوەکان دەنەخشێنێ
لەژێر شمشێر و بەرپەتی سێدارەشدا خەو دەبینێت
خەو دەبینێت

# گۆرانییەک

ئەو شەوانەی لەسەر پشکۆ پاڵت دەخەن
یان لەنێو دەستڕێژدا جێ دەمێنیت
کێ دەزانێت
باڵات بە بەژنی گڕ دەگری و
شەختەی وەرزەکان دەشکێنێت!
کێ دەزانێت
چۆن دەست بەسەری بێکەسی و
ئاوارەیی و
ژانی نەوەیەکدا دێنیت
لەنێو گۆڕستانی گیاندا
چراکان دادەگیرسێنیت!
ئێمە نەبێت کێ دەزانێت
تۆ چۆن مێژوو دەهەژێنیت!

## ڕێگای تفەنگ

ئاسمانێکی شین و خنجیلانەم هەبوو
داگیرکەران
بەسەر سەرمیاندا ڕووخاند
چۆڕەخوێنێکی ڕەش و
چەپکێک خەونی هەنگوینی و
چەند کتێبێکم هەبوو
ئەویشیان برد بە تالآن.
بەڵام کاتێک
هاتن پێستەکەم بگۆڕن
دەموچاوم بشێوێنن
بەفر و بروسکەم کردە بەر
وڵاتەکەم نایە کۆڵ و
ڕێگای تفەنگم گرتە بەر.

هەواڵنامەی کتێب

# پشکۆکان دەگەشێنەوە

1976

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# I

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## چەند بیرەوەرییەک
## لە ژوورێکی بێ دیواردا

هەواڵنامەی کتێب

هەموو شەوێک
کاتێک بە شوێن سەری ونبوومدا دەگەڕێم
تاریکی لەنێو کۆڵانی شارێکی بێدانیشتوودا
روانینەکانم سەردەبڕێت.
تارمایی دەستێکی بێ پەنجە
لەسەر بزمار دامدەکوتێت
هەنگاوی گەورەکانی شار
وەکو چەقۆ ، بەسەر شۆستەی گلێنەمدا
بە هەرێمی برینمدا تێدەپەڕێت.

ئـەمڕۆ لـە گۆڕسـتانەوە لاشـەیەکی زینـدوویان هێنایەوە کە لە زوویەکەوە مردبوو. وتیان :
نـە کـەس دەناسـێتەوە نـە کەسـیش دەیناسـێتەوە، چونکـە تێیـان گەیانـدووە هـەر کاتێـک نهێنـی گـۆڕ بدرکێنێت دەسبەجێ دەمرێت!
شـار پەشـۆکا... ئـاگری تـرس و سـەرسـامی لـەنێو شـادەماری دانیشـتوانیدا کلپـەی سـەند. بـەڵام مـن هـیچ سـەرسـام نـیم، چونکـو ماوەیـەک لەمەوبـەر لەگـەڵ هاوڕێیـەکم لـە ژوورێکـی ژەنگـاوی و خەمباردا دەژیام، کەچی ئەمڕۆ کەس نازانێت
لاشەکەی ئارەقەی سەررووی
کام رووباری ماندوو دەسڕێت!
خەونەکانی لەنێو لمی
کام بیابانی تینوودا فڕێدراون.

بە پەلە هەڵاتم.. دڵنیابووم کە هاوڕێیەکەم نییە ،
وتم: بەڵکو ئەوە خوایە باوکم بێت
زیندوو بووبێتەوە.

هۆ بابە گیان!
لێزمەی بارانی حەز و ئارەزووی بینینێک
خەوی پێڵووم دەرەتێنێت
لە چوارچێوەی خۆڵی لەشما
دڕکی ئازار دەچەقێنێت.

هۆ بابە گیان!
وا چەند ساڵە
بە شوێن لاشە بێ گۆڕەکەتدا عەودالم
کەی تارماییت لە سێبەرم دادەماڵم.

هەواڵنامەی کتێب

هۆ خانمە خەمبارەکەم!
ئەوا ئێستا دوور لە چاوە رەشەکانت
دوور لە چاوە گەشەکانت
دوور لە باوکم
دوور لە هاوڕێ دزراوەکەم
لە ژوورێکی بێ دیواردا
دەتوێمەوە لە نێو کەفی چاوەڕوانیی
ئەسپێکی ماندووی بێ سواردا.

هەواڵنامەی کتێب

هۆ خاتوونە چاوڕەشەکەم!
بانگت دەکەم
بەڵام گەرووم دەنگم لە سێدارە دەدات
نابێت بڵێم
منارە بۆتە کێلی شار
نابێت بڵێم خۆشم دەوێیت
نابێت بڵێم
کوانێ هاوڕێ دزراوەکەم؟
ئەی خاتوونە خەمبارەکەم!
خۆشم دەوێیت
خۆشم دەوێیت
بژی هاوڕێ کوژراوەکەم!

هەواڵنامەی کتێب

لە بەرەبەیانی 15 / 11 / 1969 دا ، کاتێک هەواڵی مردنی خۆمیان دامێ چەند ساتێک بۆ تەمەنی جوانەمەرگییم گریام. بەرەو باوەشی هەورێکی بێ باران چووم. هەورەکە پێکێ ویسکی هەڵدا و وتی: من ناتوانم بەرەو دوورگەیەکت بەرم، کە مردن نەیگرێتەوە.

وتم: دڵنیابم سەرخۆش نیت؟

وتی: بە مەرجێک دەتوانم کە................

بەر لەوەی بە تەواوی وەڵامەکەم بداتە دەست هەڵاتم.

سەرەڕمی سوارەکانم لە گلێنەمدا شاردەوە، پەڕۆیەکی رەشم – بە بۆنەی مردنمەوە– بە نێوچاوانمدا هەڵواسی و خۆم فڕێدایە ناو شەقامە دزراوەکانەوە.

هەواڵنامەی کتێب

شەقامەکان خۆشەویستی ناگرنەخۆ
شەقامەکان بەرگی سۆزانیخانەیان
بەبەردا کراوە.
(تۆ بڵێی ئەمانە بۆ مردنی من ئاهەنگ بگێڕن؟)
ئەم پرسیارە چەند کڵۆیەک فرمێسکی
لە چاوە لیڵەکانم دزی.
سۆزانییەکان گەمارۆیان دام
- کوڕە نەڕۆی!
- بیگرن خۆیەتی!
- بیگرن........
جارێکی تر لە پڕمەی گریانم دا،
بەڵام ئەم جارەیان بۆ سۆزانییان بوو.

هەواڵنامەی کتێب

که ئاواره و برسییەکانی ئەم شاره
دەست لەنێو دەستی – با– دەنێن
گۆڕەکەیان دەخەنە سەر لەپی دەستیان
بەسەر لاشەی مردووماندا
بە سەر لاشەی سڕبووماندا
بەرەو ئەودیو دیوارەکان هەنگاو دەنێن
دەرگای زامی سنگی چیا دزراوەکان
بۆ پێشوازی
کاروانێکی سەرهەڵگرتوو دەکرێتەوە
سەری ونم
لەگەڵ هەناسەی هەتاودا
بۆ ژووری لەشم دێتەوە
هاوڕێ کوژراوەکەشم
دەگەڕێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# شەوێک لە سەر گۆڕی وەلی دێوانە

هەواڵنامەی کتێب

ئەی دیوانە!
ئەمشەو پەنام هێناوە تا خەم و کوڵی
قووڵایی هەناو و دڵی
وێرانەمت بۆ هەڵڕێژم
بە دوو لێوی لەت و پەتم
هۆنراوەیەکی رەشپۆشت بۆ ببێژم.

ئەی دێوانە!
کاتێک لە ڕووی تین و هاڵاوی هەتاودا
لەنێو لیتەی گۆمی مسی قاڵکراودا
پەلکی سەوزی داری تەمەنم دەوەراند
وەکو فەرهاد.. بەبێ وچان
پاچ و کوینم لە ڕووی بێستونی ژیاندا
رادەوەشاند
پەیکەری لەتەنانێکم دادەتاشی
لەنێو گۆمی ئارەقەمدا بۆ منداڵانم دەخوساند
لەپڕ هەورێک دایکرد بە سەر ماڵەکەمدا
منداڵانم بوون بە خەڵووز
ئاوارەم لە شارەکەمدا.

ئەی دێوانە!
شارەکەمان چاوگەی ئازار و گریانە
هەموو کونو قوژبنێکی پڕ لە ژانە
(عێل) ئاوارە و هەڵوەدایە
بێ کوێستانە
خەڵکی لە جیاتی باڵای (شەم)
وێڵ و شەیدای لەتێک نانە.

ئەی دێوانە!
ئەگەر جارێک لامسەرلایی بەنێو شاردا راببووریت
چاوێک بە رووی
تەم لێنیشتووی
کەلاوەکاندا بگێڕیت
من دڵنیانم (شەم) ت لە یاد دەچێتەوە
لە تاو ئازاری ئەم خەڵکە
گیانت وەکو گیانی ماندووم دەتوێتەوە.

هەوڵنامەی کتێب

ئەی دێوانە!
تێکڕا ئەو کەژ و کێوانە
لەگەڵ گیانی هەزارەها بێتاواندا
لە نێو تێزاب و بارووتدا ون کراوە
توخوا بۆچی دەنگی یەزدان
لە شارەکەمدا خنکاوە؟
توخوا بۆچی
دەنگی یەزدان
لە شارەکەمدا
خنکاوە؟

هەواڵنامەی کتێب

ئەی دێوانە!
هەموو رۆژێک لە ناکاو ئەم کوردستانە
لەبەرچاوم دەبێت بە تەم
دەبێت بەتەم و بار دەکات
بۆ سەرووی ئاسمانی حەوتەم

ئەی دێوانە!
کەی لەنێو جۆگەلەی خوێندا
لەنێو لوولەی
تفەنگی دەستی پێشمەرگەی
ئەزمەڕ و سەری سەفین و هەندرێندا
خۆرێکی گەش خۆی دەنوێنێت
رەگی ئازار و برسێتی
لەنێو شاردا دەسووتێنێت
خۆڵەمێشی منداڵەکانم بۆ دێنێت
گیانم لە نێو شەداوی ژاندا دەردێنێت

هەواڵنامەی کتێب

ئەی دێوانە!
خۆزگە ئەمشەو مشتێک ئازار
لە خەرمانی زامەکانم دەچنیتەوە
خۆزگە بە کفنی خوێناویت
تۆزێک فرمێسک لە روومەتم
لە روومەتی لەت و پەتم
دەسڕیتەوە
ئەی دێوانە!

هەواڵنامەی کتێب

# دەرگا لە رووی ئەم کزەبایە داخە!

ئەم کزەبایە پەنجەکانت وەک گەڵای پاییز هەڵدەوەرێنێت
قاچەکانت وەک بەفر دەتوێنێتەوە.
ئەم کزەبایە هەناسەکانت دەدزێت و
لەگەڵ ژاندا دەتپێچێتەوە

ئەوەندە چاوەڕێ مەکە!
نەوەک لە چاوەڕوانییدا ببیت بە تۆپەڵێک هەڵم و
بۆشایی قوتت بدەن.
دەرگا لە رووی ئەم کزەبایە داخە!
ئەوا پشکۆی ئێسقانت بوون بە خۆڵەمێش
دوا دڵۆپی خوێنت مەیی
دەرگا لە رووی ئەم کزەبایە داخە!

هەواڵنامەی کتێب

رووبارت بۆ دەریا گواستەوە
ئەم شەوە هەر دوایی نەهات
بـۆنی کفنـە زەرد هەڵگـەڕاوەکانت لـە سـیپەکانتدا
تواندەوە
کەچی ئەم شەوە هەر دوایی نەهات.
ئەم کێلە  هەڵمەقەنە!
گیانە تۆ بۆ ئەوەندە لاساریت
سەری ئەم گۆڕەشت هەڵدایەوە؟
رەنگە ئێستا قوباد* لێرە باری کردبێت و
لە کەناری مێژوو پیاسە بکات
یان نیشتمانێکی دی بۆ ئاوارەکان بنیات بنێت،
دووریش نییە ئێستا لەنێو دڵی مندا
راکشابێت.

هەواڵنامەی کتێب

# پشکۆکان دەگەشێنەوە

هەواڵنامەی کتێب

## I

چاوم لێتە
سەرت ناوەتە سەر سنگی کانیاوەکان
هەور سێبەرت بۆ دەکات.
چاوم لێتە
پشکۆکان دەگەشێنیەوە
بۆ منداڵە ئاوارەکان
لە دوورەوە چاوم لێتە
هەر چوار پەلی براوی خۆت لەکۆڵ ناوە و
شان دەدەیتە بەر کێوەکان.

هەواڵنامەی کتێب

چۆلەکەکان سەرهەڵدەگرن
لەگەڵ رەشەبا و رووباردا
سەرهەڵدەگرن
بەرەو نیشتمانێکی دوور
چەپکێک لە خوێنەکەت دەبەن
بۆ پرچی ئاسۆیەکی سوور.

## II

هاوڕێ!
ئەوە بەفراوی کەژانە، یان خوێنەکەی تۆیە
تێکەڵاوی ڕووبار دەبێت؟
ئەوە گاشەبەردە، یان کەللەسەری بزمارڕێژکراوی
تۆیە بەو سەرەولێژەدا
خلۆر دەبێتەوە؟
هۆ هاوڕێ گیان!
ئەوە ڕەگی داربەرووە یان دەماری تۆیە
بەم خاکە بەردینەدا چۆتە خوارێ؟

هەواڵنامەی کتێب

هۆ هاوڕێ گیان!
تۆ بە وێنەی داربەڕوویەکی سووتێندراو
تۆ بەوێنەی داربەڕوویەکی سەربڕاو
هەتا خاک و خۆشەویستی و هەتاو مابێت
هەر دەژیت و
هەر دەژیت و
دەژیتەوە.
خەمە چینایەتییەکانت دەکەیتە کۆڵ
جارێکی کەیش
سەدجاری کەیش
بەسەر رێگای سەربڕیندا دەچیتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## نەخشەیەک

### I

هەواڵنامەی کتێب

مەڕۆ..... مەڕۆ!
لەم نیوەشەوە سوورەدا
تەنیا ڕێگا دزراوەکان
تەنیا ڕێگا خنکاوەکان
باوەشیان بۆ ئاوارەییت گرتۆتەوە
وردەخۆڵی بۆشاییەکان
دەمیان ناوەتە سەر دەمی زامەکانت.
بۆ کوێ دەڕۆیت؟
بۆ کێ برینی ژیانت بە خوێی مردن
بە ئاگری ونبوون دەشۆیت؟
بۆ کوێ دەڕۆیت؟

+ بە بەندەری خوێنەکەمدا دەپەڕمەوە
لەنێو درزی گوللەیەکدا
باوەشێکی گەرم بۆ خۆم دەدۆزمەوە.
– مەڕۆ... مەڕۆ!
دڵدارەکەت لەپاڵ شورەی
رووخاوی شارێکدا دەمی بۆ هەناسەی ماندووت
کردۆتەوە
چاوەڕێتە:
" نەهاتەوە... نەهاتەوە
کەی دڵدارە ئاوارەکەم
زامەکانی
بە فرمێسکم دەشواتەوە
نەهاتەوە... نەهاتەوە."

هەواڵنامەی کتێب

دڵدارەکەت، لە چاوەڕوانیتدا
چڕنووک لە ئاسمان گیر دەکات
گلێنەی هەتاو دەکۆڵێت
روومەتی –با– زامدار دەکات!
بگەڕێوە... بگەڕێوە!
دڵدارەکەت بۆ مەبەستی گەڕانەوەت
هانای نزا بۆ خوا دەبات.

کۆرس:
بڕۆ... بڕۆ
بە پەیژەی بروسکەدا سەربکەوە
دەرگای سەرداوان بشکێنە
لە سووچە تاریکەکاندا
بەیداخی شوێن پەنجەکانت بچەقێنە.

هەواڵنامەی کتێب

بڕۆ.. بڕۆ...!
شوێن هەنگاوی رووبارەکان دەسڕنەوە
باران لەژێر منارەکاندا سەردەبڕن.
تینوویێتی  وەرزەکان دەخوات
ئارەقەی کێڵگەکان دەخوات
چۆن سەنگەرێک جێ بهێڵم
لەنێو دڵما هەڵکەندرابێت
چۆن بتوانم دەستبەرداری میللەتێک بم
خەونەکانی بە پاچی ژان و برسێتی
لەت کرابێت؟
بە بەندەری خوێنەکەمدا دەپەڕمەوە
لەنێو درزی گوللەیەکدا
باوەشێکی گەرم بۆ خۆم دەدۆزمەوە.

کۆرس :
ناچێتەوە
گوللەیەکە بۆ فیشەکدان ناچێتەوە
ناچێتەوە... ناچێتەوە
خوێنی رژاو چۆن بۆ نێو لەش
دەچێتەوە؟

هەولنامەی کتێب

# II

دەڕوات... دەڕوات
ئاگر لە کەمینی چاویا ئێشک دەگرێت
لە سینەیدا ئازار و خەمەکانمان
حەشار دەدات.

دەڕوات... دەڕوات
بەژێر پێستی ئاودا دەڕوات
لە وڵاتی بەفر و خەم و برسێتیدا
لەپێناوی لەدایکبوونێکی تازەی شتەکاندا
شەهید دەبێت
شەهید دەبێت لە دارەمەیت، لە گۆڕەکان
یاخی دەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

## هۆ داربەڕووە خەمبارەکە!

هۆ داربەڕووە خەمبارەکە!
ئەوا لە تینووان یان لەنێو دوکەڵدا وا هەڵبزڕکاویت
ئەگەر لەو سەرەوژێرە سەختە نەڕوابایت
نە روخسارت وا هەڵدەپڕوکا و
نە هێندەیش تینوو دەبوویت
ئێستاش ئەگەر چنگ لەم خاک و خۆڵە بەربدەیت
سەری بەرزت دەنەوێت و
هەپرون بە هەپرونیش دەبیت.

هۆ داربەڕووە خەمبارەکە!
وەرە رەگەکانت لەبەر تاڤگەی خوێنم هەڵخە
بەڵکو بۆ چەند ساتێک ئەو تینوێتییەت بشکێت
کە لە یەکەم رۆژی بوونتەوە
لەگەڵ خۆت هەڵت گرتووە.

## له یادت بێت

کتێبی دەنگی

ئەو کاتانەی بوومەلەرزە
لە خوێنتا هەستایە سەرپێ
رووبارەکان لە چاوتا خۆیان شوشتەوە
کەمانەکەت لە ئاگردانی تفەنگدا
حەشار دەدەیت
رێگاکان دەپێچیتەوە و
بەسەر پردی هەناسەتدا
هەنگاو دەنێیت

خوێن خۆڵی سەر نێوچاوانت رادەماڵێت
بیرەوەرییەکانت دەمژێت.
هەنگاو دەنێیت
سەنگەرەکان بە خۆت ناگرن
سەنگەرەکان ناگریتە خۆت
بەنێو دوکەڵی مردندا دەپەڕیەوە
لەیادت بێت!
نان و خەون و خۆشەویستی
بۆ منداڵە ئاوارەکان
بۆ منداڵە برسییەکان بهێنەوە
لەیادت بێت
چەپکێ تیشک بۆ پرچی یار بچنە.

# بەسەرهاتی داربەڕووەکە

داربەڕوویەک، کاتێک ویستیان
هەوای کوێستانی لێ ببڕن
لە دڵدار و بەفراوی کەژی دابڕن
کاتێک ویستیان هەڵی کەنن
بەدیاریەوە سێبەرەکەی سەرببڕن
هەتا شل بوو لق و گەڵای وەریوی خۆی
لاواندەوە
خۆی بەسەر خاک، بەسەر خۆڵدا
نوشتاندەوە،
لقوپۆپی بە زەویدا بردە خوارێ
دڵی بەسەر تاشەبەردێکی زبردا
بەسەر رەگ و لق و پۆپیا تواندەوە.

## ڤیکتۆر گارا

هەواڵنامەی کتێب

ڕووبار باوەشێک شەپۆلی هەڵگرتووە
هەور: باران
خوا: تەنیایی
گۆڕستان کپی و سامناکی
تۆیش ئازاری چەوساوانی سەرزەمینت
هەڵگرتووە.

دەڵێی هەموو شەقامەکان
بەرگی خوێنیان لەبەردایە
رووبارەکان بوونە هەڵم و
خوێن جێگای گرتوونەتەوە
بەخۆت دادە!
تۆیش وەک شاری سانتیاگۆ
سەرپۆشی خوێن بەخۆت دادە
بەخۆت دادە...
بەخۆت دادە!

چاوەکانت سووژنەکان دەترسێنن
ژانەکانت جەللادەکان دەبەزێنن
دەستەکانت سەری چەقۆکان دەبڕن!

هەواڵنامەی کتێب

وەکو زامێکی یاخی بوو
بەسەر گوێزاندا رادەکەیت
بەرەو قۆناخێک مل دەنێیت
شەهیدەکان چاویان بڕیوەتە ئاسۆ و
زامیان رووە و گوللە و نێزە
هەڵخستووە.

بەخۆت دادە!
تۆیش بە وێنەی چەوساوەکانی شارەکەت
کراسی گوللە لەبەرکە و
سەرپۆشی خوێن بەخۆت دادە
بە خۆتدادە...
بەخۆت دادە!

# II

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بمپارێزە

تۆپەڵە خوێنێکی لێڵم
بەسەر بریندا رژاوم
لە نێوانی
بۆشایی مانو نەماندا
هەڵواسراوم.

بمپارێزە!
لە گڕی خۆشەویستیدا بمپارێزە
بمپارێزە... بمپارێزە!
لە چەپۆکی مردن نەبێت
لە هەر شتێک بمپارێزە.

هەواڵنامەی کتێب

## چاو دامەخە

کتێبخانەی کوردی

کات... لە چاوەکانتدا دەمرێت
کات... لە چاوەکانتدا لەدایک دەبێت
چاو دامەخە... چاو دامەخە!
خوێنی هاوڕێ دزاوەکەم
لە رووباری چاوەکانتەوە دێت
تێکەڵاوی
برینی تەمەنم دەبێت.

# خۆشم دەوێیت

هەواڵنامەی کتێب

ئەوەی دەیەوێت وڵاتی
خۆشەویستیتم لێ ون کات
وێنەکەت
لەنێو دڵمدا بسڕێتەوە
با هەنگاوی رووبارەکان
بستێک بەرەو دواوە ببات.

## سەرەتای دڵدارییەک

هەواڵنامەی کتێب

فێرت کردم
بەدوای وەڵامی پرسیاریَ
بە هەڵدێر و تەلانی مەرگا سەرکەوم
بە زەویدا بچمە خواریَ.
تەنیا تۆ بویت مانای ژیانت فێر کردم،
بە وانەیەکی بێ کۆتا گۆشت کردم.
بۆیە گیانە
خۆشم دەوێیت
لە چاوەکانما پەیکەرت بۆ دەتاشم.

## ئەی خۆت نەتوت!

هەواڵنامەی کتێب

بەرد دەبارێت
سێبەرەکان سەربەرەوخوار راوت دەنێن
خەڵکی چاویان بڕیوەتە زامەکانت
چاوەڕوانن
بتخۆنەوە
وەک چۆن دەریا شەپۆلەکان دەخواتەوە
بتخۆنەوە.

دەزانیت بۆ
رووبار بەرەو سەرچاوە ناگەڕێتەوە؟
دەزانیت بۆ
مست لە درەوشە دەکشێتەوە؟
ئەی کە گوللە بەرەنگاری پۆلا دەبێت
بۆ لێی هەڵدەبەزێتەوە؟
دەزانیت بۆ
کەنار لەبەر هاژەی شەپۆل
دەکشێتەوە؟
دەزانیت بۆ
خۆشم ویستیت؟

هەواڵنامەی کتێب

تۆ دەتوانیت شانت بدەیتە بەر باری
ئەم ڕێگایە؟
هەوڵدەدەم
تۆ دەتوانیت بەرزاییەکانی نێوانمان
تەخت بکەیت؟
وەک کەشتییەک لە بەندەرەکەت یاخی بیت؟
هەوڵ دەدەم... هەوڵ... دە.. دەم !

هەوڵ دەدەیت
کەچی لە پڕ ژوورەکەم بەجێ دەهێڵیت
وەک شێت باوەش بە شەقامەکاندا دەکەیت
بەدوای تەمدا
بەدوای سەرابدا ڕادەکەیت.

هەواڵنامەی کتێب

شەقامەکان دەرت دەکەن
شەوان تا بەری بەیانی دەتوێیتەوە
لە ناخی برینی خۆتدا دەتوێیتەوە!
ئەی خۆت نەتوت:
" من جامێک نیم
بە لێوی بۆرژواکانەوە"
ئەی خۆت
نەتوت!

ناوی تۆم بیردەچێتەوە
وەک ئەو شاعیرەی لە ژانی شەوەکانیا
وشەی لە بیر دەچێتەوە
ناوی تۆم
بیر دەچێتەوە(*)

هەواڵنامەی کتێب

## هۆنراوەیەکی بێ ناو

هەواڵنامەی کتێب

کچی شەرمن
دەمەوێت خۆم لە قووڵایی
چاوەکانتا بتوێنمەوە
ڕۆژانی سەختی بێ خۆری
تەمەنی دوێنێی بەسەرچووم
داستانی پڕ لە ناسۆری
سبەینێی لە دایک نەبووم
لە دەفتەری ژێر پێڵووتدا بخوێنمەوە
هەزار هیوا لە (سەیوان) ی هەناومدا
بژێنێتەوە.

کچی شەرمن
نەکەی لە بەردەم شەپۆلی
نیگای پڕ تاسەمدا ڕاکەیت
لە ڕووم دەرگای چاوە شینەکانت داخەیت
نەکو گیانی ئاگراوییم
پیڵووی چاوەکانت کون کات
سێڵاوی خوێن
بێ سەروشوێن
تابلۆی داستانەکەم ون کات.

هەواڵنامەی کتێب

## بۆ کیژێکی هونەرمەند

هەواڵنامەی کتێب

هەموو رۆژێک
لە کاتی ئاهەنگ و سەمای گزنگی بەری بەیاندا
لە ئاسمانی بێ باراندا
پەڕۆیەکی چڵکنی بۆر
شوێن ماچی خۆر
لەسەر کوڵمی کەلی ژینم دەسڕێتەوە
دڵۆپی فرمێسکی ئازار
لەنێو زامی پڕ هەنسکما دەتوێتەوە
سەرتاپا شار وەکو بزەم
بزەی هیوای نەپشکوتووم
لەژێر پێی بەفری تاریکدا دەتلێتەوە.

هەموو رۆژێک
لەگەڵ رەوتی نیگای دوورما
هەزار وێنەی بێ ناونیشان
بەسەر سنگی
شەقامی تەسکی پڕ ژەنگی
ناو مێشکمدا دەخولێتەوە
ژەنگی یاسای نالەباری نێو ئەم شارە
لە قووڵایی گۆمی دڵما
پەنگ دەخوا و کۆ دەبێتەوە.

ئەی هونەرمەند!
تەنیا دەنگی پڕ تەلی کەمانی گەرووت
کڵپەی گڕێک لە زستانی تەمەنمدا دەنێتەوە
پارچە پارچە سەهۆڵی رەشی پەژارەم
لەناو دڵیا دەتوێتەوە
زامەکانم بە ئەسرینی
چاوی فریشتەی دەروونی
گەشت سارێژ دەبێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

وەرە گیانە بەستە بلّێ
با لەناو شەپۆلی دەریای ئاوازی کەمان و
شمشاڵی گەرووتدا
ئازاری خۆم بەدی بکەم
ئازاری گشت چەوساوانی ئەم زەمینە
بێ ئەوینە
بەدی بکەم!

هەواڵنامەی کتێب

## کەنارەکان دەیخۆنەوە

هەواڵنامەی کتێب

هەموو شەوێک
کاتێک خەو لەژێر پیڵومدا
خۆی دەچێنێت
بێئاگاییم هەڵم دەگرێت
بەسەر دوورگەی تەنیاییدا دەمبارێنێت
چاوەڕوانم
دەستەکانی بخاتە نێو دەستی وێڵم
لە کوێرەڕێی بەردەم بە هەشتێکی دووردا
نیگا بێت بۆ چاوی لێڵم.

ئەوەتانێ لە چاوەڕوانی هاتنتا
بە سەوڵی گڕ،
لەسەر روخساری رووبارە لاسارەکان
تابلۆکەت دەکێشم
دەیکەم بە دروشمێکی خوێناوی
بە شەقامی مردندا هەڵی دەواسم.
بەڵام لە پڕ
شەپۆلەکان قوتی دەدەن
کەنارەکان وەک قومەئاوێک
دەیخۆنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# نامەیەکی باڵدار

گیانە هەرچەند تەمی دووریت
وەکو چارشێو لە باڵاتدا
لە ئاوێنەی سەرگۆناتدا
خۆی پێچاوە
نیگای وێڵم
لە بیابانێکا لەتاو ئاوی دەریای چاوەکانت
گەرووی هاواری نووساوە
لەگەڵ ئەوەی
گیانم بە سێدارەی شەودا هەڵواسراوە
بەڵام گیانە
هەموو کاتێک دیمەنی تۆم لەبەر چاوە.

هەواڵنامەی کتێب

له تووشترین ڕۆژی ژینما
له گەرمەی گریان و شینما
تۆ دەبینم
لەنێو قوڵپی پێکەنینما
له دەلاقەی نێو کەوێڵی
نقووم بووی گۆمی ئەسرینما
لەنێو دڵۆپە ئارەقەی نێوچەوانی
چەوساوانی
شاری مات و بێ ئەوینما
تۆ دەبینم
تۆ دەبینم.

## دوادیاری

هەواڵنامەی کتێب

گیانە... دوادیاریم هۆنراوەیەکە
لە تاڵی پرچی خۆرێکی شەیدا هۆنراوەتەوە
بە خامەی پەنجەی یەزدانی جوانی
لەسەر رووی گوڵی بەری بەیانی
نووسراوەتەوە
رووی دێڕەکانی
بە وێنەی باڵای کۆشکی دڵداریم
رازاوەتەوە
کۆرپەی ئاوات و هیوا لە نێویا
پێڵووی نووساوی گەشاوەتەوە.

# III

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## لەنێو دڵۆپە فرمێسکێکدا

هەواڵنامەی کتێب

خامەی زنجیرکراوی دەستم
لەتاو ناڵەی زامی هەستم
فرمێسکێکی سووری گەشی
رژاندە سەر گۆنای کۆرپەی
چاونەپشکوتووی باوەشی.

❊

فرمێسکی سوور بوو بە تابلۆی ئەو رابەرەی
ئەو پێشەوا پەیامبەرەی
کە دەنگی لەنێو دوکەڵی گەردەلوولی
پڕ ئەیلولی
رەشدا خنکا
پشکۆی وشەی
لە چاڵ نرا.
لە پێناوی رێبوارێکی
ئابڕووڕەشی شەقامی تاریکی مێژوو
جەستەکەی
کرا بە سوتوو.
*

هەواڵنامەی کتێب

لە زامی تابلۆی زیندووڕا
ناڵەیەکی تاساو دەرچوو
لەگەڵ دەنگی گەرووی نوساوما
تێکەڵ بوو:
– لە کاتێکدا
شارتان بە گرۆڵەبەنی شەوگاری مێژوو
تەنرا بوو
رووی ئاسمانتان بە دوکەڵی
هەناوی رەشتان سووتا بوو
لە کاتێکدا
هەردوو دەستتان
بە زنجیری (ئانوبانین) ی بەسترا بوو
لێوەکانتان
بە نێزەی (ئیشتار) دروا بوو
من بووم ویستم

هەواڵنامەی کتێب

ڕەهێڵەی تاریکی مێژووی پڕ ئەفسانەتان ڕامالّم
کۆت و پێوەند لە گەردنی ژینتان دامالّم.
من بووم گۆی مەمکی پڕ شیری وشەکانم
دەنایە نێو دەمی کۆرپەی
شۆڕشی بێ ناونیشانتان
خۆری هیوا و کۆڵنەدانم
دەهێنایە نێو جیهانی بێ بەیانتان.
کەچی ئێوە
لە دوای ئەوەی بە شمشێری ڕق و کینە
سەرم دەبڕن
لە بیابانێکی چۆڵدا جێم دەهێڵن
لاپەڕەی مێژوویشم دەدڕن؟!

هەواڵنامەی کتێب

# تابلۆیەکی شارەکەم

لە چواردەوری شارەکەمدا
لە باخچەی بەهارەکەمدا
دەخولێمەوە
لە گێژاوی سەرسامیدا
دەتلێمەوە.

بە هەر لایەکدا دەڕوانم
لە ڕووی نیگای چاوەکانم
پەردەی تاریک هەڵخراوە
هەموو شوێنێ
وەکو دوێنێ
بە شوورەی بەرز تەندراوە
ملوانکەی زێڕ لە گەردنی
شارەکەمدا داکەندراوە.

هەواڵنامەی کتێب

باڵی بە سامی نیوەشەو
بە زۆرداری
چاوی هەزاران ڕێبواری
کردۆتە خەو.

شارەکەم وەک گۆمێکی مەند
لە شوێنی خۆیدا وەستاوە
لەژێر باری کۆت و پێوەند
دۆش داماوە!

هەولێرنامەی کتێب

تاکەی گۆمی چاوەکانم
گۆڕستانی نیگای مردووی بێ گیان دەبێت؟
تاکەی بزەی سەرلێوی دڵ
خۆراکی هەناسەی گەرمی خەزان دەبێت؟
تاکەی ئاوا نیشتمانم
بێ بەهار و
بێ نەورۆز و بەیان دەبێت؟

# کاتێک زامەکان هەڵدەچن

هەوڵنامەی کتێب

تاکو ئەمڕۆ
جیهان کیشوەرێکی ونە
چاوەڕێی- کۆلۆمپس_ێکە
ئەڵقەڕیزی دەرگاکانی بترازێنێت
ژیان وێنەی مشتێک خۆڵە
لەنێو چنگی رەشەبادا دەناڵێنێت.

لەوەتەی هەم
شەیدای بستێک زەویم خۆمی تێدا مۆڵ دەم
چۆلەکە لەسەر دار
لەژێر گوێسەبانەدا هەڵدەنیشێت!.

ئەم بەیانییە
دەبێ پشکۆی دیمەنەکان
لە گۆشەی چاوەکانمدا بتوێنمەوە
ئێسقانە تەزیووەکانم پڕکەم لە گڕ
بوومەلەرزەی خنکێندراوی گوندەکەمان
بژێنمەوە.
بەڵام بۆچی؟ هەر دیمەنێک
گوللەی دەنگێک لە ئاستمدا دەتەقێنێت:
– مردوویت.. مردوویت
تەنیا لە یادی کۆمەڵێک
مردووی وەکو خۆتدا زیندوویت.

هەواڵنامەی کتێب

+ بۆچی مردووم؟
ئەوەتا چۆڕچۆڕە خوێنم
دەڕژێنمە ناو خوێنتانەوە
بۆچی مردووم ؟
زامەکانم ڕەنگ دەڕژێن
بەسەر دەشتدا، بەسەر دۆڵدا
بەسەر لاشەی زەمینێکی پڕ لە خۆڵدا
هەنگاوەکانم متورفەی تەمەنی ساوام دەنێژن
لە باوەشی کیشوەرێکی ونی چۆڵدا.

کوا ئەو کەسەی شارەکەی لێ کاولکردم؟
کوا ئەو  دەستەی کەوڵی کردم؟

هەواڵنامەی کتێب

## سێ نامە

# I

فریشتەکەم!
لەو ڕۆژەوە بۆ یەکەم جار
پێڵووی نووساوی خۆر پشکوت
لاشەی زەمین...لاشەی سڕبووت
پڕشنگی ڕووناکی بەرکەوت
چەوساندنەوە، خۆسەپاندن
لەنێو بیری خەڵکدا دەرکەوت
لەو ڕۆژەوە تاکو ئەمڕۆ
برژانگەکانت دەردێنن
لەو ڕۆژەوە لاشەی ساوات
ئەستێرەی گەشی پڕ هیوات
بە دوکەڵی سەدان چرای
سووتاوی ناو هەر (چوار چرا) ی چاوەکانت
دەخنکێنن وەکو ئەمڕۆ
وەکو ئەمڕۆ.

هەواڵنامەی کتێب

## II

هەواڵنامەی کتێب

فریشتەکەم!
لە برینی تینووی خوێنی تۆڵەتدا
دەستی خوێناوی سەدەها مێروەسواری
وەک(نارامسین) وەکو (هۆلاکۆ) دەبینم
سەدانی وەک باوکی (ئاوێستا) ش دەبینم
هاوار دەکات:
– بۆ منتان کوشت؟
بۆچی شمشێری ژەنگاویی بێگانەتان
به خوێنم شوشت؟
بۆ منتان کوشت؟ بۆ منتان کوشت؟

## III

هەواڵنامەی کتێب

فریشتەکەم!
دیمەنی تۆ هەموو دەمێک
لەگەڵ زەنگی پێشڕەوی قەتاری هەتاو
وەک مەلێکی سەر لێشێواو
لەنێو دارستانی بیرما لە فڕین دایە
هەوری نێو دەروونم لەتاو
لێوی هەڵقرچاوی مێژووی پڕ ئەفسانەت
لە شین دایە
گیانم بۆ دەربازی گیانت
لە شۆڕشێکی شێتانە و پڕ قین دایە.

# جەنگاوەرێکی ونکراو

هەواڵنامەی کتێب

لە شارێکی پڕ خەنجەردا
بەناو پێچی کۆڵانێکی تەنگەبەردا دەڕۆیشتم
دەوروپشتم
بە تارماریی رەش تەندرا بوو
لاشەی خەڵکی سەربەرەوژوور
بە باڵای دیوارەکاندا هەڵواسرا بوو.

بارانی جەستەی زامدارم لەنێو تەمدا
لە ئازاردا... لە ماتەمدا
ئاراوی بۆ لەشی سروشت دەگرتەوە
ژەنگی کۆنی سەر روخساری
وشکی شاری
دەشوشتەوە.
برژانگم باوەشی بۆ چەوساوان دەگرتەوە
بەرگی بڕوای بە بەریاندا دەکردەوە.

لە کوێ هاتووم؟ بۆ کوێ دەڕۆم؟ من چکارەم؟
خەڵکی کام دێ، یان کام شارەم؟

تا دوێنێ بوو
لە بەردەم گژەبای دڕدا
لەنێو شەوی پڕ چەپەردا
پرچی خۆرم دەڕنییەوە
گوڵم بۆ یەخەی ئەم شارە دەچنییەوە.
بەڵام ئەمڕۆ من چکارەم؟
خەڵکی کام دێ، یان کام شارەم؟

# بەسەرهاتی نیگاکانم

لە نێو درزی دەرگای زیندانی چاومەوە
نیگاکانم
بە شوێن یەکدا هاتنە دەرێ
بە سەر شەقامی تەلبەندی نێو دڵی شاردا
کەوتنە رێ.
بەو هیوایەی بە ئاورنگی
بەهار، ژەنگی
زنجیری چەند ساڵی خۆیان بشۆنەوە.

بەو هێوایەی چەپکە گوڵ و نێرگزی سوور
بکەن بە دیاری بۆ (کاوە)
بۆ (گیڤارا)
بۆ ئەوانەی
گیانیان لەرێی ماچی کوبای خۆر سووتاوە.

نیگاکانم کەوتنە گەڕان
بە کۆڵاندا... بە بازاڕدا
لەگەڵ خوێندا گەڕان... گەڕان
بەنێو هەموو دەمارێکی لەشی شاردا.
لە ئاکامدا بە مردوویی
لەگەڵ رشانەوەy دەستێکی لەرزۆکدا
هاتنەدەرێ
بەناو درزی پەنجەیەکی بێ نینۆکدا.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

لەتاو ژانی نیگای وێڵی پڕ لە تاسەم
شار بوو بە تەم
بووبە تەم و بەرزبۆوە
بۆ سەرووی ئاسمانی حەوتەم.
ئاسمان گریا
زەمین گریا
تا دوو چاوی بێ فرمێسکی یەزدان گریا
لەتاو ناڵەم.

هەواڵنامەی کتێب

کێ بوو نیگاکانی کوشتم ؟
کێ بەرگی رەشی پێ پۆشیم
پێکی خۆزگەی نەکرانەوەی
دەرگای زیندانی پێ نۆشیم؟
کێ بوو نیگاکانی کوشتم؟
کێ بوو نیگاکانی کوشتم؟

# سکاڵای ئەستێرەیەکی تاساو

دوێنێ ئەستێرەی سیلاوی ئاسۆی ژیان
دوا فرمێسکی قەتیسماوی
رژایە سەر تەرمی بەیان
دوا برژانگی هەڵوەریوی
کەوتە نێو کۆشی پەرژینی
بێ ئەوینی باخچەی زستان.

خۆشەویستم!
ئەستێرەکەی ئاسۆی رەشمان
لەنێو قووڵایی زیندانی
دەروونی مردووی بێ گیانی
بە تاساوی

هەواڵنامەی کتێب

چەند وشەیەکی خنکاوی
چرپاند بە گوێی خەوتووەکاندا
ئاخنیە نێو دڵی فەرهەنگی رزیوی
ژێر خۆڵەمێش:
- کەی تیشکی چاوی بروواتان دارستانی
نێو زستانی
پڕ بەستەڵەک دەسووتێنێت؟
تۆڵە... تۆڵەی
هەزار ساڵەی
چەوساوەکان لە سەرکردەی
سوپای شەوەزەنگ دەستێنێت؟
کەی بورکانی ژێر کەلەپچە
لە دڵتاندا سەر دەردێنێت؟
شورەی بەرزی تەلارەکان دەرووخێنێت
نەورۆزێکی راستو رەوان
بۆ کوردستان
بە دەست دێنێت.

هەواڵنامەی کتێب

# سێ پەڵە هەور و بروسکەیەک

هەواڵنامەی کتێب

## I

گڵۆپی رۆخی جادەکان
تەقین... شکان
رێبوارەکان، لەودیو دەمی
دوراوی رێ، بە ماتەمی
جارێکی تر
بۆ کاروانی بێسەروشوێن گریان ..
گریان.

## II

هەواڵنامەی کتێب

مۆمی شادی لە ئاسۆی ژین
بە گەردەلوولی رق و قین
کوژایەوە
مرواری گەش دوا پرشنگی
زەردەخەنەی پڕ گریانی
لەنێو گەرووی
پڕ لە زەرووی
دەریایەکدا توایەوە
جارێکی تر
شانۆ پێڵووی لێک نایەوە.

## III

له چوارچێوەی دیواری بیری ئاڵۆزدا
پێشانگاکان کرانەوە
بە سەد جۆرە وێنەی مردووی
پڕ ئەفسانە رازانەوە.
پشتی پەڕەکانی ژیان
لە ژێر باری
پڕ ئازاری
خەتی قەبە و ناڵەباری
سەردەمی (سۆمەر) و (ئاشوور) چەمانەوە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# IV

به مەشخەڵی گڕی تۆڵه
دەفەی سنگی
شەوەزەنگی
ڕێگای سەخت دەسووتێنم.
ڕێیەکی نوێ بۆ کاروانی
ئاواره بوو دەنەخشێنم.

هەواڵنامەی کتێب

## نەخشەی بڕوا

به دوکەڵی بای هەناسەی
سوتەمەرۆی پڕ لە تاسەی
دەروونی زۆر لێکراوان
لەسەر پەڕەی دەفتەی ژین
نووسیم نێوی
پەیامبەرێکی رووی زەمین.

بە جریوەی ئەستێرەی ئاسمان
بە لێوی خوێناوی پشکۆی گوێ ئاگردان
کێشام لەسەر پێڵووی ئاسۆی
رەشی ژیانی خەمناکم
گڕی تابلۆی شۆڕشێکی
هەڵنەگیرساوی نێو خاکم

نووسیم ناوی
ئەو بڕوایەی وەکو خۆری بەربەیانە
کڵپەی زامی پڕ شاڵاوی
ناو دەروونی چەوساوانە
تاکە چەکی ئازادبوونی کوردستانە.

# ماڵم نزیکی هەورە

داستانی هیجری من شەرحی بە نووسین ناکرێت
پێت دەڵێم چۆنە ئەگەر چاوم بە چاوت کەوتەوە.

حاجی قادری کۆیی

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# I

کاتیـــک لـــه کۆتـــایی ســـاڵانی شەســـت پـــەنام بـــۆ شیعرنووسین برد، نەمدەزانی ژیان و چارەنووسم، تا ئـەو رادەیـە، بـە شـیعرەوە دەبەسـترێنەوە. هـەروا بـە بیرمـدا نەدەهات کە شیعرنووسین کارێکی ئەدەبیی هێندە گرانە.

ئەوکاتە پەیوەندیی من و شیعرنووسین لە سنووری هـەڵچوونێکی کاتیـدا بـوو، کـە لـەژێر فشـاری شـەڕی داســەپێندراوی دەوڵــەتی عێــراق و ئــازاری دەروونــی و دۆخی دژواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریدا، شتێکم دەنووسی و نێوی شیعرم لێ دەنا. هێندەش لە هونـەری شیعر دەگەیشتم کە پێموابوو، شـاعیران، هـەر بـەو جۆرە شیعریان نووسیوە و دەنووسن.

من سـەر بە نەوەیەکم، کە لە سایەی شـەڕدا چاوی کردەوە. ئەو شەڕەی لە ئەیلوولی 1961 دا دەستی پێکرد، هەر لـە سـەرەتاوە، کارەساتێکی گـەورەی مادی و گیانیی نایـەوە. کوردســتانی لــە هــەر جـۆرە دیاردەیـەکی نـوێی

کولتووری و شارستانەتی بێبەش کرد. بە درێژایی ساڵانی شەستەکان، ڕۆژنامەیەک، یان گۆڤارێکی ئەوتۆ دەرنەدەچوو. بە دەگمەن نەبێت کتێبێکی کوردی چاپ نەدەکرا. هەروا گوایا "شۆڕشی ئەیلوول" کە لام وایە لەرووی کولتوورییەوە، بێبەرنامەترین "شۆڕش"ی هاوچەرخی دنیا بووبێت، چاپکراوێکی ئەوتۆی کولتووری، یان ئەدەبیی بڵاو نەدەکردەوە.

ئەو هۆکارانە دەرفەتی ئەوەیان نەدا بە جۆرێکی ئاسایی روو لە خوێندنەوە و خۆپەروەردەکردن بکەم. یان لە سەرەتاوە بە مێژوو و ئەدەبی کوردی و ئەدەبی گەلان ئاشنا ببم و سەرەتای بناغەیەکی لەباری ئەدەبی و رووناکبیریی بۆ خۆم دابڕێژم. بە تایبەت کە پرۆگرامی خوێندن، لەو سەردەمەدا، کەم و زۆر، باسی ئەو شتانەیان نەدەکرد. لە شارەکەشمان (قەڵادزێ) کتێبخانەی گشتی نەبوو.

بەڵام کارەساتی گەورەتر ئەوەبوو کە منداڵیی من، وەک منداڵیی نەوەکەی سەردەمی من و دواتریش، زوو جوانەمەرگ کرا. ئەو کاتانەی هەستم بە منداڵییم کرد، شەر هات و منی لە ئامێزی منداڵیی بێنازمدا رفاند و دڵڕەقانە فڕیی دامە نێو باوەشی زبری لاوێتییەکی ناوەخت و شپرزەوە. شەڕ بە پرتاو سیمای منداڵانەمی گۆڕی بە

سیمای لاوێکی ناکامڵ و حەپەساو. ئیدی لە ساتە سەختەکانی دۆخی شەڕدا، کە کەم ساڵ هەبوو شاری قەڵادزێ لێی بێ بەش بێت، وەک: هاتنی بەردەوامی فڕۆکەی جەنگی، بۆردمان، کە لە ترسان ئەژنۆم سڕ دەبوون، دەبوو من وەک لاوێک ڕەفتار بکەم و مشووری خۆم و، جاربەجار، مشووری منداڵانی لەخۆم ورتریش بخۆم.

یان کاتێک تاریکەشەوان و بەرەبەیانیان، لە ترسی بۆردمان، شارمان چۆڵ دەکرد و بە گوندە دوورەکانی ناوچەی پشدەردا پەرتەوازە دەبووین، دەبوو ئەو کاتانە، جەستەی نەمامئاسام، بەرگەی ڕێگا دوورەکان بگرێت و پێیە چکۆلەکانیشم لاپەڕەیەکی دیکەی (مێژووی نەتەوەکەم لەسەر تاوێر بنووسنەوە).

هەواڵنامەی کتێب

شەڕ منداڵیی ئێمەی جوانەمەرگ کرد. تەنیا ترس و هەستی خۆپاراستن و ڕقبوونەوە لە دوژمنی لە نێو ئێمەی منداڵدا نەچاند، بەڵکو لە هەمان کاتدا، زوو پێی گەیاندین و گیانی خۆشەویستیی لە نێو ئێمەدا، بەهێز کرد: خۆشەویستیی وڵات. خۆشەویستیی شەهیدان، کە لەسەرەتای "شۆڕش"ی ئەیلوولدا، هێندە لای خەڵک پیرۆز بوون، ناویان بەسەر زاری گەورە بچووکەوە بوو.

خۆشەویستیی خەڵک.

خۆشەویستیی ئەو کیژۆڵانەی هێشتا ئەوەندە ئازاد بوون، کە بتوانن لەگەڵ ئێمە، لە کۆڵان، بپەیڤن و یاری بکەن.

خۆشەویستیی ئەو باڵدارە زەندەقچووانەی کە، لە ترسی فرۆکە جەنگییەکان، بە پرتاو هێلانە و لقی دارەکانیان بەجێ دەهێشت و شێتانە، بەبێ مەبەست و ئامانج، بە ئاسمانی شاردا پەرتەوازە دەبوون.

خۆشەویستیی ئەو سەگە لەڕ و برسییانەی کە لە ترسی فڕۆکەکان، چاپووکانەتر لە خەڵکی شار، خۆیان دەخزاندە نێو ئەو کونەتەیارانەی خەڵکی بۆ خۆپاراستن لە بۆردمان، لە پاڵ قەڵات و گرد و کەندەکانی (قەڵادزێ) هاڵیان کۆڵیبوون.

خۆشەویستیی ئەو شێتانەی کە شەوان یاسای جەنگەڵئاسای (منع التجول)یان دەبەزاند و بۆ بەیانی تەرمی خوێناویی بێنازییان، برینێکی قووڵی لەسەر گزنگ و درەخت و رۆژگار و جووتە زێیەکەی (قەڵادزێ) بەجێ دەهێشت.

ئێمەی منداڵانی وەرزی شەڕ و شۆڕش بە پرتاو دنیای منداڵیمان بەجێ هێشت و گەورە بووین. گەورە بووین و ئەڤینێکی قووڵ داگیری کردین. یاخیبوون و سەرکەشی سیمای کاڵی لاوێتیی ئێمەیان نەخشاند.

سەرەنجام بێزاربوون لە دەوروبەر و لە شتە باو و داسەپێندراوەکان، خەوبینین بە ئازادی و گۆڕینی ژیان و جیهانەوە بوون بە ئایدیاڵ و ئامانجمان.

من وەک هەزارانی دی، بە ریکەوت لە دۆزەخی شەڕدا نەسووتام. دەشێت من شەهیدێکی زیندوو بم، کە تراجیدیای شەڕ تەمەنی منداڵی و بەشێکی لاوێتیی لێ زەوت کرد و شوێنەواری خۆی لەسەر رەوتی ژیان و بیرکردنەوە و ئەزموونە شیعرییەکەی بەجێ هێشت.

ئێمە لە ناکاو بەسەر جیهانی لاوێتیدا کەوتین. شاگەشکە و حەپەساو، لەنێو دەریاچەیەکی لێڵدا، پەلمان بۆ کەناریک دەکوتا تا خەونەکانمانی تێدا بڕوێنین. بە دوای ئاوێنەیەکدا دەگەڕاین روخساری مرۆڤانەی خۆمانی تێدا ببینین. ئێمە وێڵی تروسکەیەکی نێو گۆڕستانەکە بووین.

سەرەنجام هەر زوو بەر شەوارە کەوتین:

شەوارەی وڵات، کە بە رادەیەکی سەیر، رەنگی داگیرکەری گرت.

شەوارەی ئایدیۆلۆجیا، کە لە نیو تەپوتۆزی نەریتی خێڵدا، ون کرا.

شەوارەی پیاوانی پووت و ئاریلە، کە لەبەر ئاوینەی مەرگ و ئەڤینی ئێمەدا، پرچ و سمێڵی خۆیان رەش دەکردەوە.

ئێمە کوژراین، کەچی نەمردین.
بەر شەوارە کەوتین، بەڵام هەتاسەر گومڕا و ون نەبووین.
ئێمە تەنیا لاوێتییەکی ناکامڵ و ئەڤینێکی بەسەردەم نامۆمان هەبوو، ئەوانیشمان لە سەرەتای ڕێگادا بەخشین:
لاوێتیمان کانییەک بوو، لە تینواندا خنکا.
ئەڤینمان ساڵێکی بێ وەرز و بەهارێکی بێ گووڵ بوو.
ئێمە بە خۆمان و ئەڤین و خەونەکانمانەوە کوژراین.
بەڵام ئێمەی وەچەی وڵاتی زیندان و زەمانی زیندان و سەردەمی زیندان نەمردین.
نەمردین، تا شایەتی مێژوویەکی دۆڕاو بین.
نەمردین، تا زێوانی ئەڤینێکی کوژراو بین.
نەء!
نەمردین  تا لە ڕووی خواوەندە درۆزنەکاندا
لە ڕووی گەوجییەتی و دووڕوویيدا بڵێین: نەء!
نەء!
نەء!

لە هاوینی ساڵی 1978 دا ڕووبەڕووی دووڕیانێک بوومەوە: یان تەسلیمبوون و خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەرێک، کە بیرکردنەوە و سەربەستی و تەنانەت خەوبینینیشی کۆنترۆڵ و ڕام و دەستەمۆ دەکرد. یان

ئـــاوارەبوون و لەدەســـتدانی وڵاتێــک، کــە لـــەمێژبوو، لەدەستمان دابوو.

من وڵاتەکەی خۆم، تا ئاستی پەرستن، خۆش دەوێت، بەڵام راستی و ئازادی و پاراستنی ناوەرۆکی مرۆڤانەی خۆم لەلا گرنگترە. چونکە وڵات، بەبێ ئەوانە دەبێتە یەکێک لەو ملیۆنان هەسارە و ماددە ئاساییانەی کە بۆشایی گەردوونیان پر کردۆتەوە.

بۆیە لە بەردەم دووڕیانەکەدا، بەبێ بیرکردنەوەیەکی زۆر، ئەو ریگایەم هەڵبژارد، کە پێموابوو، کەسێکی وەک من دەبێت هەڵی ببژێرێت و عاقیبەتەکەیشی، هەرچییەک بێت و هەر چۆنیک بێت، قبووڵ بکات:

ئاوارەبوونێکی ناکاو.

دواتریش (وڵاتەکەم نایەگۆڵ و ریگای تفەنگم گرتە بەر) وەک لە هۆنراوەیەکی ئەو سەردەمەدا (کۆمەڵەهۆنراوەی رێژنە) وتوومە.

ریگای تفەنگ بۆ من، پردی نێوان خەون و واقیع بوو. هەوڵدانێک بوو بۆ ستاندنەوەی هەموو ئەو شتە جوان و هێژا و ئینسانییانەی لێیان زەوت کردین. بۆیە دوای شەش مانگ خویندن، لە بولگارستان، رۆژی 11ی ئاداری 1979 ئەو وڵاتەم بەجێ هێشت و لەگەڵ سێ هاوڕێدا، بەنێو سێ وڵاتدا (یۆنان، لوبنان و ئێران) بۆ پێشمەرگایەتی، گەڕامەوە

هەواڵنامەی کتێب

چیاکانی کوردستان.

بەڵام تیۆری و خەون شتیکن، پراکتیک و واقیع شتێکی دی. ئەوەی بە خەون و بیرکردنەوە پێشبینی دەکەین، دەشێت لە واقیعدا و بە کردەوە شتێکی تەواو جیاوزیان لی دەربچێت. تیئۆرییەک، تەنانەت ئەگەر راستیش بێت، سەرەنجام ملکەچی رێسای تایبەتمەندیی شوێن و ئاستی شارستانەتی و کولتووریی کۆمەڵ و جۆری تیگەیشتنی مرۆڤ دەکرێت. لە ئەنجامدا، تیئۆرییەکە، لە رەوشی خۆ گونجانیدا، بە جۆرێکی سەیر، رەنگی ئەوان دەگرێت.

چەند زوو ژیانی پێشمەرگایەتی، بەو پەڵە و توندوتیژی و دەستدرێژییانەی بە کردەوە دەکرانە سەر ماف و کەرامەتی مرۆڤ، لەلام گۆردرا.

چەند سەخت بوو کاتێک پێشمەرگایەتی، بۆ من، لە خەنی گۆرین و خۆدۆزینەوە و ئاسۆی ژیانێکی نوێوە، بوو بە هەرێمی نامۆیی و نەداریی گیانی و شیعری و ئینسانی.

ئەنجام بە خۆ و بە دەوروبەر نامۆبوون. خۆخواردنەوە و گەڕانەوەیەکی شەکەتانە بۆ ناخی دەروون و سەرهەڵدانی پزیسکی گومان!

گومان!

گومان!.

ئەو هۆنراوانەی لە کاتی پێشمەرگایەتی، لە شاخ و چەند ساڵێکیش دواتر نووسیمن تێڕامانێکی شپرزەی خود و گیان و دەوروبەر بوون. هەوڵدانێک بوون بۆ دەربڕینی هەندێک ئاوات و ئازاری گیانیی مرۆڤ، کە لە سایەی تیرۆر و توندوتیژی دەوڵەتدا، تەنانەت نرخی مریشکێکی نییە. کاتێکیش بە مەبەستی پاراستنی ناوەرۆکی ئینسانییانەی خۆی روو دەکاتە شاخ، هەست دەکات تەنیا پەناگەیەکی فیزیکیی دۆزیوەتەوە، یان تەنیا شوێنە جیۆگرافییەکەی گۆڕدراوە. کەچی ئازادی و بەها ئینسانییەکەی، لەوێش، لەبەردەم هەڕەشەدان.

ئێمە، کە لەرووی تیرۆر و فاشیزمدا چەکمان هەڵگرتبوو، دەتوت لە ساتێکی غەفڵت و بێئاگاییدا، ڕەنگی دوژمنەکەی خۆمان گرتووە. جۆرەها بۆچوون و رەفتار و مێتۆد و لایەنی کولتووریی ئەومان دەهێنایەوە بەرهەم. لەلای ئێمەش بایەخ و ڕێزی مرۆڤ تا ئەو رادەیە بوون کە ئامرازێک بێت بۆ خزمەتی ئایدیۆلۆجیا و خێل- حیزب! ئازادی و مافی مرۆڤ، لە نێو ئێمەدا، تا ئەو ئاستە بەرزە پارێزراوبوون، بۆ نموونە ، تەنانەت نامەکانی منیش، کە لە لایەن هەندێک هاوڕێی پێشمەرگەوە بۆم دەهاتن، کۆنترۆڵ دەکران و پێش من، چاوانی باشقەڵەی کەسانێکی ئاریلە و

هەواڵنامەی کتێب

مۆمیا و دووڕوو دەیانخوێندەوە.

ئایا ئەو دیاردە چەوتانە ڕەنگدانەوەی بێئاگایانەی عەقڵ و کولتووری باوی کۆمەڵ بوون، یان لە هەندێک ریشەی وێکچوونی ئایدیۆلۆجیای ئێمە و دوژمنەوە، سەرچاوەیان گرتبوو؟ یاخود لەوە هاتبوون کە هەردوو لامان، لەگەڵ جیاوازیی نێوان هێز و ئامانجمان، کەم تا زۆر، بەرهەمی یەک کۆمەڵی نەخۆش بووین؟!

هۆکارەکە هەرچییەک بووبێت، ئەنجامەکە هەر ئەوە بوو کە ئێمەیش نەمانتوانی نموونەیەکی نوێی فیکری، سیاسی و کولتووری بخەینە ڕوو. نەمانتوانی بە چاوێکی دی بۆ مرۆڤ بڕوانین. کاتێکیش سەرۆکخێڵانی ئێمە، بە چەقەنەیەک، ڕوویان لە شەڕی براکوژیی کرد، ئێمە بەرەوڕووی ئەزموونێکی دژوارتر بووینەوە. ئیدی مانەوەی من، وەک مرۆڤ و شاعیر لە شاخ کارێکی بێمانا و ونبوونێکی بێبڕانەوە بوو.

ئەنجام:

ڕووکردنەوە هەندەران و ئاوارەبوونێکی دی.

لە ئاوارەییدا، شوێن و زەمان، دوای چەند ساڵێک، لەبەرچاوم ڕواڵەتێکی دیکەیان وەرگرت. شوێن سەقامگیریی خۆی لەدەست دا، وەک لم و چەوی ڕێژەن، لەبەر پێیەکانم دەخزی. یان شوێن شەپۆلێکی بزۆز و

هەواڵنامەی کتێب

نائارام بوو، منی بە نێو کاتدا دەڕەتاند. کاتیش (ئای کاتەکانی سەردەمی باوەڕی لەرزۆک و گومان!) هەندێک جار تەرمێک بوو، لە پەنامدا راکشابوو، هەندێک جاریش کەژاوەی پشکۆ بوو، منی بە نێو شوێن و مەوداکاندا، بەرەو نامۆیی و نامۆیی دەبرد.

کاتێک لە ساڵی 1987 لە بولگارستان خوێندنم تەواو کرد، لە ماوەی تەنیا دوو ساڵدا، بۆ کار و حەوانەوە، پێنج وڵاتم گۆڕی. ئیدی وڵاتگۆڕین، بۆ من، وەک تارماییەکی ترسناکی لێ هاتبوو. هەر جارەی کە شرەجانتای غەریبیم، لە وڵاتێکدا دەکردەوە، خەمی ئەو رۆژەم لێ دەهات، کە دەبێت ئەو وڵاتە نوێیە بەجێ بهێڵم. ئیدی بە خێرایی شانۆگەرییە سوواوە بێتامەکە دووبارە دەبووە: بارگەتێکنان، ماڵتێکدان (بەڵام کام ماڵ!) جێهێشتنی کۆمەڵە روخسارێکی میهرەبان، کە رەنگە قەت نەیان بینمەوە. بژاکردنی کتێبەکانم و خۆدەربازکردن (بە مەبەستی بارسووکبوون) لە کۆمەڵێک کتێب و نامیلکە و گۆڤار و بڵاوکراوە، کە دڵنیا بووم سبەینی پێویستم دەبن.

کە رووم لە هەر وڵاتێک دەکرد، لە خۆم دەپرسی:
ئەی لێرەوە بەرەو کوێ؟

ژیانی پرشەکەتیی ئەو ساڵانەم چیرۆکێک بوو، چیرۆکی مرۆڤێکی بێ وڵات!

هەواڵنامەی کتێب

با لە نێو چەند هۆنراوەیەکدا، کە ئەو کاتە نووسیومن، نموونەیەک باس بکەم.

لە نیسانی ساڵی 1988 دا، لە شاری کابوول، لە ئەفغانستان، دەستم بە نووسینی هۆنراوەی (لاوکی هەڵەبجە) کرد. لە مۆسکۆ چەند کۆپلەیەکی دیکەم لێ نووسی. لە کۆتایی ساڵی 1988 لە دیمەشق، لە سووریا، تەواوم کرد. لە مارسی ساڵی 1989 لە بەیرووت، وەک نامیلکەیەک، چاپ کرا. تەنیا دوو- سێ مانگێک دوای بڵاوکردنەوەی نامیلکەکە، شەکەت و حەپەساو لە سوێد، لە کامپی پەنابەران، خۆم بینییەوە.

هەر کام لەو وڵاتانەی بۆ خوێندن و کاری سیاسی و حەوانەوە تیایاندا ژیام، دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتییان جیاواز بوو. ئاستی کولتووری، شارستانەتی و دابونەریتیان جۆراوجۆر بوو. بەڵام هەقیقەتی من، هەر یەک حەقیقەت بوو، هەقیقەتی مرۆڤێکی بێ وڵات.ناڵەی من هەر هەمان ناڵەی نالی و حاجی قادری کۆیی و نازم حیکمەت بوو:

ئاخ وڵاتەکەم!

# II

شیعر لای من تەنیا بەرهەمی بەهرەی رووت و ئەنجامی هەڵچوونێکی کاتی نییە، کە لەگەڵ وروژانی گیان و هەستدا لەدایک ببێت. ئەوە تەنیا سەرەتایەکی سادەیە، کە دەشێت بە کەمترین رەنج و ماندووبوون و کورتترین کات دوایی بێت. لاموایە شیعرە سادەکان، کە کاردانەوەیەکی ساکارانەی هەستن، لەو سنوورە سەرەتاییەی هەڵچووندا دەمێننەوە. بۆیە ئەو جۆرە شیعرانە، ئەگەر کاریشمان تێ بکەن، بەدەگمەن دەگەنە ئاستی تێکستی شیعری.

هەواڵنامەی کتێب

تێکستی شیعری رەنگدانەوەی جیهانبینییەکی قووڵی شیعری و ئەنجامی وردەکاریی هونەری و ئاستێکی تایبەتی ئیپستیمی (Epistemic المعرفی)یە کە بە هۆیەوە حاڵەتی هەژانی دەروون و پەیڤینی ئازادانەی نەست، ساتە سەرەتاییەکان دەبڕن و بەنێو کاتدا دەکشێن.

تێکستی شیعری، داهێنانێکە لە خەیاڵی بەربڵاو و ئازادبوونی نەست و وردەکاریی هونەرییەوە، سەرچاوە دەگرێت. دەرخستنی پەیوەندیی شاردراوەی نێوان

شتەکانە. تەقەلایەکی هونەریی بەردەوامە بۆ پشکنین و تێکدان و دارِشتنەوەی واقیع و خود و شتەکان، بە ئامانجی داهێنانی پێوانەی نوێی هونەری و ئێپستیمی و گۆڕانکاری لە زمانی شیعریدا، بۆ ئەوەی زۆرترین وزەی شاردراوەی شیعری و مۆزیکی و توانای دەربڕینی زمان دەربخرێت، بەو پێیەی زمان لە شیعرد پێش مانا دەکەوێت.

پرۆسێسی گۆڕین و داهێنان، کە زیندووترین خاسییەتی شیعر و هونەرن، لە یەککاتدا رەها (موتڵەق) و رێژەیی (نیسبی)یە. رەهایە لە بەردەوامبوونیدا، رێژەییە بە پەیوەندیی لەگەڵ سەردەم و شوێن و مرۆڤدا.

هەروا ئەو پرۆسێسە، لە یەک کاتدا، خولقاندن و تێکدانە. خولقاندنی ئاستێکی نوێی هونەری و ئێپستیمی و تێکدانی ئەو بیر و پێوانە هونەرییە داسەپاوانەی کە مرۆڤ، هێندە تەمبەڵانە خووی پێوە گرتوون ناتوانێت بە ئاسانی لە دیاردە نوێیەکان تێ بگات. بۆیە ئەو دیاردانە وەک شتێکی تەماوی، ئاڵۆز و نامۆ دەبینێت.

لێرەوە هەر گۆڕان و داهێنانێکی شیعری و هونەری، هەوڵدانێکە بۆ رزگارکردنی عەقڵ لە خووگرتنی تەمبەڵانە و لە سیحری شتە باو و سواوەکان. تا مرۆڤ، لە فەزایەکی ئازاد و نوێدا، زیاتر ئاشنای جوانی ببێت و دەرک بە رازەکانی سروشت و مرۆڤ بکات. بە کورتی

هەواڵنامەی کتێب

دەتوانم بڵێم کە هەر داهێنانێکی شیعری و هونەری هەنگاوێکە بەرەو ئازادی.

پرۆسێسی گۆڕین و داهێنان (کل)یکە دابەش ناکرێت. سیستمێکی ئیستێتیکی و فیکری و ئێپستیمییە، ناکرێت مرۆڤ بەشێکی، یان لایەنێکی وەربگرێت و ئەوی دیکەی پشتگوێ بخات. کاتێکیش شاعیرێک، هونەرمەندێک لە بوارێکدا داوای گۆڕین و داهێنان دەکات، کەچی لە بوارێکی دیکەدا بەدوای دیاردەیەکی دواکەوتووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری دەکەوێت، بەو کارەی، جگە دووڕوویی و گومڕایی، شتێکی دی بە ئەنجام ناگەیەنێت.

شاعیر لە روانگەی شیعرەوە بۆ دیاردە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت بۆ خۆی و ژیان دەڕوانێت. واتا شیعر، بۆ خۆی دەبێتە پێوەرێک، کە هەر شتێک و هەر دیاردەیەک، بە پەیوەندی و بەراوردکردن لەگەڵ ئەودا، مانا و ناوەرۆکیان دەردەکەون. لێرەدا شیعر، وەک پەیامێکی گیانی، جوانی و ئینسانی، دەبێتە بەهایەکی سەربەخۆ. دەبێتە ئامانج و چارەنووس. هەر کارێکی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ شاعیر، بەشێکە لە پرۆژەی شیعر. یان تەواوکاری داهێنانی شیعرییە، نەک بە پێچەوانەوە.

هەواڵنامەی کتێب

روانگەی شیعر، روانگەی ئازادبوونە لە کۆنترۆڵی عەقڵ و چوارچێوە داتاشراوەکان. شۆڕبوونەوەیە بەنێو واقیع و نەست و دەرووندا. باوەشگرتنەوەیەکی نوێیە بۆ دژەکان و شتە پێک ناکۆکەکان، تا لە رێی ئازادبوونی خەیاڵەوە، لە رێی دۆزینەوەی پەیوەندیی نوێی نێوان وشەکانەوە، ماسکەکانیان دابماڵدرێن و پەیوەندی و هاوئاهەنگیی هارمۆنییانەی نوێ لە نێوانیاندا دروست ببن. یان روانگەی شیعر، رووکردنە کیمیای وشەیە، کە شاعیر ئارەزوومەندانە خۆی هەڵدەداتە نێو شەپۆلی پەیڤەوە، کە لە ساتی رامان و خەوبینین و ئازادبوونی نەستدا، وەک پۆلەباڵندەی لە قەفەس ئازادکراو، بەرەو فەزا کراوەکان دەفڕن، فەزای ئازادیی نەست و گیان، کە لەوێدا شتەکان لە ناکۆکبوونیاندا هاوئاهەنگ دەبن و لە هاوئاهەنگی و تەباییاندا پێک ناکۆک. بۆ ئەوەی لەسەر کەلاوەی واقیعێکی دزێو و داتەپیو، جیهانێکی نوێی ئازاد، دوور لە هەر جۆرە کۆنترۆل و فشارێکی مادی و گیانی، دابهێندرێت. جیهانێک تیایدا مرۆڤ خۆی سەرداری جوانی و ئینسانییەتی خۆی بێت.

شیعرێکی لەو جۆرە، لە هەر فۆرمێکدا بێت، لە هەر سەردەمێکدا هاتبێتە نووسین، شیعرێکی زیندوویە، نوێیە،

هەواڵنامەی کتێب

چونکە شیعرە. لەرووی شەپۆلی کات و بیرچوونەوەدا خۆی رادەگرێت.

رەنگە سەرجەمی ئەم دیوانە شیعرییە، هەوڵدانێک بێت بۆ نووسینی کۆمەڵە هۆنراوەیەکی لەو جۆرە.

رەفیق سابیر

هەواڵنامەی کتێب

........................

**سەرنج:** ئەم وتەیە، لە ئاداری ساڵی 1993 لەبری پێشەکی بۆ (دیوانی رەفیق سابیر) نووسرا، کە لە شەش کۆمەڵە هۆنراوە پێک هاتبوو و هەمان ساڵ لە سوێد بڵاو کرایەوە. ئەو شەش کۆمەڵە هۆنراوەیە ئێستا بوونەتە بەرگی دووەمی ئەم دیوانە.

لەم چاپەدا دەستکارییەکی زۆر کەمی هەندێک رستە و داڕشتنی وتەکە کراوە.

هەواڵنامەی کتێب

# پەراوێزی هۆنراوەکان

## دەفتەری وەرزی سەهۆڵبەندان

1- لە بەیتی فۆلکۆری (سیوەخانێ)وەرگیراوە.

2- من رازی نەبووم
که هەڵیان گرتی
من رازی نەبووم
داگیریان کردی
من رازی نەبووم کە چەکیان کردی
وەکو کاڵایەک هەڕاجیان کردی
من رازی نەبووم.
من رازی نەبووم.

3- ئەم دوو دێڕە شیعرە بە کەمێک دەستکارییەوە لە هۆنراوەیەکی شاعیری ناسراوی عێراق "سعدی یوسف" وەرگیراوە کە دەڵێ: "البرابرە استجمعوا للصلات الاخیره اربابهم........
بداه دخلوا القریه بالسیف"
بڕوانە : سعدی یوسف، قصائد اقل صمتا، دار الفارابی، بیروت، 1979 لاپەڕەی 51 ، 69

4و 5 – دوو دێڕی هۆنراوەیەکی "نالی" ن.

هەواڵنامەی کتێب

دەفتەری سووتان لەبەر باراندا

**هۆنراوەی کەلاوەکانی 24 ی نیسان**

* ڕۆژی 24 ی نیسانی ساڵی 1974 شاری قەڵادزێ بۆردمان کرا.

**هۆنراوەی تەمەنی دوور**

*دێرە شیعریکی گۆرانی شاعیرە.

هەوارنامەی کتێب

دەفتەری پشکۆکان دەگەشێنەوە

*** هۆنراوەی دەرگا لە ڕووی ئەم کزەبایە پێوەدە**

قوباد، مەبەست (قوباد حەسەن حاجی مەحموود)ە کە- لە بۆردمانەکەی قەڵادزێ، لە ڕۆژی 1974/4/24 دا شەهید کرا.

*** هۆنراوەی ئەی خۆت نەتوتت**

(ناوی تۆم بیر دەچێتەوە.... ) هۆنراوەیەکی مایاکۆڤسکی ئیلهامی ئەو کۆپلە شیعرەیە.

# پێڕست

كاروانسەرا
1990


هۆنراوەیەك بۆ دایكم ........ 11
سێوەخان........ 15
كەنار .. كەنار........ 17
پۆرترێتی ........ 25
جۆلانە ........ 26
ئەوێ شەوێ........ 27
نەخشە ........ 29
تەرم........ 30
هۆنراوەی ئاو ........ 31
كاروانسەرا........ 41
وەرزی جەنگەڵ........ 51
شایەت........ 53
چرا........ 55
یەڵمازگێونەی ........ 56
بە كوێدا هاتیت........ 57
شایەت........ 59


## راز و گومان

1990


بەیان ........ 63
راز........ 64
تۆ........ 65
بەخۆنامۆ........ 62


هەواڵنامەی کتێب

بێداری.......... 67
هەڵبوون .......... 69
تیشك.......... 70
کەژاوە.......... 71
لەگەڵ ئەم کۆچە کۆچ مەکە .......... 73
بە نێو تەمدا .......... 75
بازوو.......... 77
جیاوازی .......... 78
تینوو .......... 79
تروسکە.......... 81
سووتان .......... 82
گەردەلوول .......... 83
کاروان.......... 84
هەنگاو.......... 85
نامۆ .......... 86
رابوون.......... 87
مەحاڵ.......... 88
ئادگار.......... 89
نهێنی.......... 90
ئێشکگر .......... 91
تەنیایی.......... 92
سەرداری گڕ .......... 93
ئاڵا .......... 95
ماسك .......... 96
تەنیا جارێك.......... 97
سوار.......... 98
گۆرانییەك.......... 99
لاسار.......... 100
نەهات .......... 101
تا بمێنم .......... 102
رابوون 2.......... 103


هەواڵنامەی کتێب

## لاوکی هەڵەبجە

1989

لاوکی هەڵەبجە ........................................ 105

## وەرزی سەهۆڵبەندان

1987

وەرزی سەهۆڵبەندان ........................................ 153

## سووتان لە بەر باراندا

1985

I

گۆرانیی رۆح

تەنیا نەبووم ........................................ 213
گۆرانیی رۆح ........................................ 214
چاوڕوانی ........................................ 221
شەوانی چاوەڕوانی ........................................ 223
بەڕێکردن ........................................ 225
وەرزی خۆڵ ........................................ 226
تۆ ........................................ 227
روخسارت ........................................ 228
بە چیت بچوێنم؟ ........................................ 229
رابوون ........................................ 231
گۆرانییەك ........................................ 232
تەمەنی دوور ........................................ 233

II

چرای گۆرستان ........................................ 241
تەنیا نییە ........................................ 243

سووتان لەبەر باراندا ........ 244
شەوانی تەنیایی ........ 251
سوارەی مەریوان ........ 253
گۆڕە بۆشەکان ........ 255
کفندز ........ 257
ئاوایی و پێشهات ........ 258
شەوانی ئەشکەوت ........ 267
لوتکە ........ 269
کەلاوەکانی ٢٤ ی نیسان ........ 271
تێکدانەوە ........ 273
فاڵچی و منداڵ ........ 275
ئێوارەی ئەو پاییزە ........ 277
ڕێژەن ........ 279
خەونی تەمەن ........ 281
ئەگەر لێرە نەبیت! ........ 285
لە کوێ بتنێژم ........ 287
ماڵئاوایی ........ 289
کۆڵان ........ 291
لە نیوەشەودا ........ 293

هەواڵنامەی کتێب

**ڕێژنە**
1979

I

ئەم مرۆڤە ........ 301
سەعیدە شێت ........ 305
ڕێژنە ........ 309
لە درزی تاریکییەوە ........ 313
وەرزی سەهۆڵبەندان ........ 315
لە ئاوێنەدا ........ 317
لەبەر ڕێژنەدا ........ 319
دەروێش ........ 321

به بێدەنگی دێتو دەڕوات........................................... 323
ئەم رووبارەمان خۆشدەوێ.......................................... 327
Eva .................................................................... 332
شاعیرێك خۆشیدەویستی ........................................... 333

II

زۆرمان پێگوتن........................................................ 339
سەردان..................................................................... 341
لەدایکبوون................................................................ 343
خۆشاردنەوە.............................................................. 345
تووانەوە ................................................................. 347
تەمومژ...................................................................
تاڵێک گزنگ ...........................................................
خەڵات......................................................................
گەڕانەوە ................................................................. 351
وڵات ....................................................................... 353
وڵاتەکەم................................................................ 355
گۆرانییەک............................................................... 357
رێگای تفەنگ............................................................ 358

## پشکۆکان دەگەشێنەوە
1976

I

چەند بیرەوەرییەك لە ژوورێکی بێ دیواردا ...................... 363
شەوێك لە سەر گۆڕی وەلی دێوانە.............................. 371
دەرگا لە رووی ئەم کزەبایە داخە! ................................ 377
پشکۆکان دەگەشێنەوە ............................................ 379
نەخشەیەك................................................................ 383
هۆ داربەڕووە خەمبارەکە! ......................................... 388

هەواڵنامەی کتێب

لە یادت بێت ........................................................ 389
بەسەرهاتی داربەڕووەکە ................................................ 391
ڤیکتۆر گارا ........................................................... 392

II

بمپارێزە................................................................ 397
چاو دامەخە ........................................................... 398
خۆشم دەوێیت......................................................... 399
سەرەتای دڵدارییەك.................................................. 400
ئەی خۆت نەتوت ؟ ................................................... 401
هۆنراوەیەکی بێ ناو.................................................. 405
بۆ کیژێکی هونەرمەند ................................................ 407
کەنارەکان دەیخۆنەوە.................................................. 410
نامەیەکی باڵدار........................................................ 412

III

لەنێو دڵۆپە فرمێسکێکدا ............................................... 417
تابلۆیەکی شارەکەم.................................................... 421
کاتێك زامەکان هەڵدەچن ............................................. 423
سێ نامە............................................................... 426
جەنگاوەرێکی ونکراو.................................................. 429
بەسەرهاتی نیگاکانم................................................... 431
سکاڵای ئەستێرەیەکی تاساو .......................................... 435
سێ پەڵە هەور و بروسکەیەك ........................................ 437
نەخشەی پراو.......................................................... 441

ماڵم نزیکی هەورە .................................................... 443
پەراوێزی هۆنراوەکان .................................................. 463

هەواڵنامەی کتێب